# کوردستان
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزراوی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا ■ پێنجشەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٥ ـ ٢١ی ژووئیەی ٢٠١٦ ■ ژمارە: ٦٨٤ ■ www.kurdistanukurd.com


## پەیامی هاوخەمیی کاک خالید عەزیزی بۆ «فرانسوا هۆلاند» لە پێوەندی لەگەڵ هێرشە تێرۆریستی‌یەکەی شاری «نیس»دا



بەڕێز فرانسوا هۆلاند، سەرۆک کۆماری فەرانسە!
ڕووداوی هێرشە تێرۆریستی‌یەکەی ئێوارەی ڕۆژی ٢٤ی ژوئییە لە «نیس» کە بەداخەوە کوژران و برینداربوونی زیاتر لە ٨٠ کەسی لێکەوتەوە، لە ناخی دڵەوە ئێمەی هەژاند. وڵاتی فەڕانسە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوە چەندەمین جارە کە هێرشی تێرۆریستی دەکرێتە سەر، هۆکاری سەرەکیی ئەوەش بۆ خەباتی شێلگیری خەڵک و دەوڵەتی فەڕانسە بە دژی تێروریزم و، تێکۆشان لە پێناو بەها مرۆییەکان‌دا دەگەڕێتەوە. ...

ل ٢

# پەیمان نوێکردنەوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو

## سپاس و پێزانین

### ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ سپاس و پێزانین لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەبارەت بە مانگرتنەکەی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ

بۆ جارێکی دیکەش خەڵکی مافخوازی کوردستان لە شارو گوندەکان، بە ژن و پیاو و پیر و لاو، سەرەڕای میلیتاریزەکردنی کوردستان لە لایەن هێزە ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە، دەریان خستەوە کە «شەهید قاسملوو لە ڕێبازی‌دا زیندووە» و حیزبی دێموکرات هەروەک هەمیشە لە بیر و باوەڕ و دڵیان دا جێگە و پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە.

لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ و لە یادی ٢٧ ساڵەی تێرۆری ڕێبەری ناوداری کورد، شەهید دوکتور قاسملووی هەردەم زیندوودا، کۆمەڵانی مافخوازی کورد لە زۆربەی شارو گوندەکانی کوردستان بە بایکۆتکردنی بازارو شوێنە گشتییەکان « نا»یەکی ڕاشکاوانەی دیکەیان بە سیاسەتی سەرکوت و تێرۆری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گوتەوە.

خەڵکی وشیارو لەسەرهەستی کوردستان بۆ وەڵامدانەوە بە بانگەوازی حیزبە خۆشەویستەکەیان کە داوای لێ کردبوون «بە مانگرتنی گشتی، بایکۆتی بازاڕ و مەیدان و شوێنە گشتی‌یەکان بکەن و لە ڕۆژانی پێش ٢٢ی پووشپەڕ و لەو ڕۆژەش‌دا، بە بەرزکردنەوەو بڵاوکردنەوەی سروود و دروشمی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەیی بایەخ بە هێماکانی کۆڵنەدان و خۆڕاگری بدەن»، وەک هەمیشە بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی و خاوەندارێتی لە دۆزە ڕەواکەیان و نیشاندانی وەفاداری بە شەهیدانی کوردستان و لەسەرو هەمووانەوە شەهید دوکتور قاسملوو، لە ساڵڕۆژی تێرۆری ڕێبەری ئاشتیخوازی خۆیان‌دا، یەکگرتووانە بە دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆیان و بەشدارییان لە مانگرتنێکی گشتی‌دا، دەنگی ناڕەزایەتی و مافخوازانەی خۆیان بە گوێی دەسەڵاتی سەرکوتکەر ڕاگەیاند و بۆ جارێکی دیکەش پەیمانی وەفاداری و بەردەوامیی خەباتیان لەگەڵ شەهید قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان دووپات کردەوە.

لە بەرامبەردا هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وێڕای بە ئەمنییەتی کردنی فەزای زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان و هەڕەشە و تۆقاندن، جارێکی دیکەش لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان‌دا دەستەوەستان مانەوە. ...

ل ٢




وێنەیەک لە چالاکیی خەڵک لە ٢٢ی پوشپەردا(پیرانشار)

## حەسەن ڕوحانی لە کرماشان وادە و بەڵێنی دایەوە، بەڵام خەڵک قسەکانیان پێبڕی

حەسەن ڕوحانی، سەرۆک کۆماری ئێران کە سەردانی کرماشانی کردوە، لە قسەکانی بۆ خەڵکدا هەوڵی دا باس لە سیاسەتەکانی دەوڵەتیان بۆ بکا، بەڵام خەڵک قسەیان پێبڕی و دروشمەکانی خۆیان دا.

حەسەن ڕوحانی لە کاتێکدا لە ستادیۆمی ئازادیی کرماشان باسی ڕێککەوتنی ئەتومی و دەسکەوتەکانی و هەروەها باسی بابەتە ڕۆژەڤەکانی ناوچە وەک کودیتای تورکیەی دەکرد، خەڵک دەنگیان پێبڕی و گوتیان ئێمە



نان، کار و ئازادیمان دەوێ.

سەرۆک کۆماری ئێران کە لە دروشمدانی خەڵک و ناڕەزایەتییەکانیان بە تەواوی پەست ببوو، گوتی: «ئێوە هەر قسەم پێدەبڕن و گوێم نادەنێ، بەڵام خۆ بەوە کێشەکان چارەسەر نابن ...»

ڕوحانی لە قسەکانی خۆیدا جارێکی دیکە کەوتە پێداهەڵگوتن بە شان و باهۆی خەڵکی کرماشان و کلتوور و مێژووی ئەو بەشە لە کوردستان و ئازایەتیی ئەوان لە پاراستنی ئێران و وڵاتدا، بەڵام خەڵکی بەشداربوو لە ڕێوڕەسمەکە بە بەرزکردنەوەی دروشم و ئەو پلاکاردانەی بۆ کۆبوونەوەکە هێنابوویان، تێیان گەیاند کە کێشە و دالغەی ئەوان شتی دیکەیە. ...

ل٢

## سمیناری «قاسملوو وانەیەک بۆ خەبات و چرایەک بۆ داهاتوو» لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک گیرا

لە ٢٧ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سمینارێک یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەنی بەرز ڕاگرت و بەڵێنی وەفا و درێژەدانی ڕێبازی شەهیدانی لەگەڵیان نوێ کردەوە.

لەو سیمینارەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢١ی پووشپەڕ لە ژێر ناوی «قاسملوو وانەیەک بۆ خەبات و چرایەک بۆ داهاتوو» لە یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو، کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و کاک سمایل شەرەفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دوو باسیان لە پێوەندی لەگەڵ ساڵیادی تێرۆری دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر




پێشکێش کرد.

پانێلگێڕی یەکەمی ئەو سمینارە کاک مستەفا مەلوودی بوو و باسێکی لە ژێر ناوی «مودیرییەتی دوکتور قاسملوو لە بەڕێوەبەریی نێوخۆی حیزب» پێشکێش کرد.

کاک مستەفا مەولوودی لە سەرەتای باسەکەی‌دا مەبەست لەو باسەی بۆ زیاتر ناسینی دوکتور قاسملوو لای نەوەی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستان و فێربوون لە وانەکانی نەمر قاسملوو بۆ درێژەدان بە ڕێبازی گەڕاندەوە. ...

ل٢

## پاسگای تورجان لە ناوچەی سەقز کەوتە بەر هێرش و ئاگر درا

پاسگای شارەدێی تورجان لە ناوچەی سەقز لەلایەن پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتەوە کەوتە بەر هێرش و ئاگر درا.

شەوی ٢١ لە سەر ٢٢ی پووشپەڕ، پاسگای تورجان، هەڵکەوتوو لە نێوان شارەکانی سەقز و بۆکان کەوتە بەر هێرش و لە ئاکامدا ئەنباری چەکوچۆڵ، نەوت، خواردەمەنی و کەلوپەلی دیکەی ئەم پاسگایە بوون بە خەڵووز.

هێرشەکە کاتژمێر ١٢ی نیوەشەو هاتە ئاراوە و هاوکات بوو لە گەڵ بیست و حەوتەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، سکرتێری حیزبی دیموکرات بە دەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

سەرچاوەیەک لە پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرپرسایەتیی ئەو هێرشەی وە ئەستۆ گرت و پشتڕاستی کردەوە کە هێرشەکە بەشێک بووە لە بەرنامەکانی ئەوان بۆ یادی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو.




### چۆن هزری قاسملوو بکەینە بەرنامەی کار؟
مستەفا شەڵماشی
ل٤

### قاسملوو کاریزمایەکی ئەرێنی و ڕێبەرێکی بەهەڵوێست
عەزیز شێخانی
ل٥

### هەموو ژیانی قاسملوو حیزبی دێموکرات بوو!
کۆسار فەتاحی
ل٥

### قاسملووی ئاکادێمیک
سۆران عەلیپوور
ل٦

### قاسملوو، ڕێبەرێکی واقیع‌بین
برایم چووکەڵی
ل٧

### پاش ساڵێک، ڕوحانی هەروا ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە خەڵکی ئێران دەفرۆشێ
ئارەش کەرەمی
وەرگێران: ڕێبوار مەعرووف زادە

یەکساڵ پاش ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێران و شەش وڵاتی زلهێزی جیهان و شەش مانگ پاش بەڕێوەبردنی ئەو...
ل٤

### ڕۆژهەڵاتی کوردستان و «سندروم ستۆکۆڵم»
حەسەن شێخانی

هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەڵسوکەوتێکی داگیرکاری‌یە. ...
ل٦

### بە بارمتەگرتنی سیاسەت!
سمایل شەرەفی

دۆخی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دۆخێکی تایبەت و دژواردا تێدەپەڕێ. ...
ل٨

### ڕۆڵی ناتۆ لە داهاتووی ئەمنییەتی جیهان‌دا
ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژی هەینی ١٨پووشپەڕ(٨ژووئیە) ڕێبەرانی ٢٨ وڵاتی ئەندام لە ڕێکخراوی ناتۆ لە وەرشۆی پێتەختی وڵاتی ...
ل١١

ژمارە: ٦٨٤ • ڕۆژنامەی کوردستان

درێژە لە لاپەڕەی (١)ـەوە

## پەیامی هاوخەمیی کاک خالید عەزیزی بۆ «فرانسوا هۆلاند» لە پێوەندی لەگەڵ هێرشە تێرۆریستی‌یەکەی شاری «نیس»دا

جەنابی سەرۆک کۆمار!
ئێمەش وەک کورد لە ئێران و، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان گەلێ جار بووینە یە قوربانیی دەستی رەشی تێرۆر و، دوو ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبەکەمان لە سەر مێزی وتووێژ و لە کاتی دانوستان لەسەر دێموکراسی و چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بە ڕێگەی ئاشتییانە، لە دوو کردەوەی تێرۆریستی‌دا لە دەست دا، بۆیە باش هەست بەو برین و ژانە دەکەین کە ئێستا لەسەر دڵی ئێوە قورسایی دەکەن.
بەڕێز فرانسوا هۆلاند!
لەلایەن خۆم و هاوڕێیانم لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە لە قووڵایی دڵەوە هاوخەمیتان لەگەڵ دەکەین، هەر وەک هەمیشەش خۆمان بە پشتیوان و هاوخەباتی ئێوە لە شەڕ بە دژی تێرۆریزم دەزانین.
هیوادارین ئێوە و گەلی فەڕانسە لەو ئەزموونە نوێیە تاڵەش‌دا وەک جاران بە سەرکەوتوویی بێنە دەرێ و وەک هەمیشە لە ریزی پێشەوەی بەرەی جیهانیی خەبات لە دژی تێرۆردا بمێننەوە.

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**خالید عەزیزی**
**١٥/٧/٢٠١٦**

## سپاس و پێزانین

هەر بەم بۆنەوە چالاکان و هەڵسووڕاوانی سەر بە تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە ئازایانە بە چالاکیی تەبلیغی، نووسینی درووشم و بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدان و تراکتە تەبلیغییەکانی تایبەت بە یادی ٢٧ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، لە لایەک دڵخۆشی و دڵگەرمییان بەخشیەوە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و، لە لایەکی دیکەوە ترس و دڵەڕاوکێیان لە ناخی دوژمنانی گەلەکەیاندا رواند.
یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە سەرکوت و میلیتاریزەکردنی کوردستان لەلایەن ڕێژیم و وەفاداری خەڵک بە ڕێبازی شەهید قاسملوو و حیزبی دێموکرات، لەو پەیامانە بوون کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەم یادەدا بە هەموو لایەکیان راگەیاند.
کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس و پێزانین بۆ سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئافەرین‌گوتن بە چالاکان و هەڵسووڕاوانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات، دەروەستانە لە هەڵوێستی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و پەیامە پیرۆزەکانیان دەڕوانێ.

سڵاو لە ئیرادەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان
ئافەرین بۆ هەڵسووڕانی چالاکانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات
سڵاو لە یاد و ڕێبازی شەهیدان

حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٥

## حەسەن روحانی لە کرماشان وادە و بەڵێنی دایەوە، بەڵام خەڵک قسەکانیان پێ‌بڕی

روحانی لە قسەکانی‌دا گوتی کە ٤٥ پڕۆژە بە بڕی ٩٩٨ میلیارد تمەن بۆ کرماشان پەسەند کراوە کە دەبێ لە ساڵەکانی ٩٥ و ٩٦ دا تەواو بکرێن. ئەو بەڵێنە نوێیەی ڕوحانی لە حاڵێک دایە کە پێش لە هاتنی ئەو نوێنەرانی کرماشان گوتبوویان هێشتا دوای ٥ ساڵ لە سەردانەکەی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بۆ کرماشان بڕی ٥٠٠٠ میلیارد تمەن لە بودجەی وادەپێدراوی ئەو بۆ کرماشان دابین نەبووە.
«بەخێربێی بۆ بێکارترین پارێزگای ئێران»، «بەرجام بە ئێمە چی، نان نییە بیخۆین»، «کار، نان، ئازادی»، چەند دروشمێک بوون کە لە کاتی قسەکانی روحانی‌دا لە زار خەڵکی نەدەکەوتن.

## سمیناری «قاسملوو وانەیەک بۆ خەبات و چرایەک بۆ داهاتوو» لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک گیرا

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باسەکەیدا تیشکی خستە سەر زۆر لە وانە پەروەردەییەکانی دوکتور قاسملوو، پڕەنسیپ و فێرکارییەکانی کە وایکرد بە سیما و فەرهەنگی حیزبی دێموکرات بناسرێن.
رۆڵی قاسملوو لە سەر دیاریکردنی ئامانجی دوارۆژ، دروشمی ستراتیژی و تاکتیکییەکانی حیزبی دێموکرات لە برگە جیاوازەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و، واقعبینیی سیاسیی دوکتور قاسملوو لە بڕیار و بەرنامە پڕاکتیکەکان تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک مستەفا مەلوودی لەو سمینارە بوو.
تیشکخستنەسەر بنەما فیکرییەکانی دوکتور قاسملوو لە داڕشتنی سیاسەتی تیوریک و بە کردەوەی حیزبی دێموکرات تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک مستەفا مەلوودی بوو.
بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەیدا لە سەر چەند هێڵی گشتیی ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو «باوەڕی قووڵی دوکتور قاسملوو بەوەی کورد نەتەوەیەکە و لێکیان دابڕاندوە، رەوابوونی یەکبوونەوەی کورد لە هەلومەرجی گونجاودا، دێموکراسی وەک ئامانج و کلیلی چارەسەری پرسی کور لە ئێران، پێویستیی خەباتی یەکگرتووانەی هەموو حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان و چین و توێژەکانی کۆمەڵ» بۆ بەشدارانی سمینارەکە دوا.
جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی باسەکەیدا هاتە سەر چۆنیەتیی مودیرییەتی حیزب لە روانگەی دوکتور قاسملوو و لەو پێوەندییەدا باسی لە «مودیرییەتی ئاگاهانە و زیندوو» و تێڕوانینەکانی شەهید قاسملوو بۆ ئەو باسە گرینگە کرد. ... ل٣

## خەڵکی کورستان لە زۆربەی شارەکان لە هاتنە بازار خۆیان پاراست

خەڵکی کوردستان لە زۆربەی شارەکان یادی بیست و حەوت ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوویان لە کەشێکی ماتەمینی‌دا بەڕێ کرد.
خەڵکی کوردستان لە حاڵێکدا لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو بە دەستی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی لە چوونە بازاڕ خۆیان پاراست، کە لە چەند حەوتوو لەوە پێشەوە ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان خۆیان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵک و ئەو یادە ئامادە کردبوو.
بەپێی راپۆرتی پەیامنێرانی کوردستان و کورد لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، لە بەیانیی سێشەممە(٢٢ی پووشپەڕ)وە تا درەنگ وەختی دوانیوەڕۆ هێزە ئەمنیەتی‌یەکان، چ هێزی ئینتیزامی و چ لیباس شەخسی بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئاستی شاردا جێگیر ببوون.
ئەو هێزانە بە زۆر دووکانیان بە خەڵکی بازاڕ دەکردەوە و ڕێگرییان لە داخستنی بازاڕ دەکرد و بە نیگەرانی‌یەوە بارودۆخەکەیان خستبووە ژێر چاوەدێری، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی شارەکان دووکان و بازاڕ لە پەراوێزی شارەکان داخران و خەڵک زووتر لە جاران بۆ نیوەڕۆ و ئێوارێ دوکانیان داخست.
نائاسایی بوونی بارودۆخی شارەکان لە چۆڵبوون و کەمیی هاتوچۆی خەڵکڕا بگرە تا زۆری و زەوەندیی هێزە ئەمنیەتی‌یەکان لە حاڵێک دابوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بانگەوازێک‌دا داوای لە خەڵکی کوردستان کردبوو لە هاتنە بازاڕ و شەقام خۆ ببوێرن و بە هەر جۆرێک کە بۆیان دەکرێ یادی شەهید دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو بەرز رابگرن.
ئەو بانگەوازەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شێوەی چالاکیی تەبلیغیی بەربەرینی لاوان و چۆلکردنی بازاڕ و شەقامەکان لە



شارەکانی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر بە باشی وەڵامی درایەوە.

## کوردانی دانیشتووی ڤییەن داوای وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوویان کرد

لە شاری ڤییەن، پێتەختی ئوتریش خۆپیشاندانێک بۆ مەحکومکردنەوەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و داخستنی ئەو پەروەندەیە لەلایەن دادگای ئەو وڵاتە بەڕێوەچوو.
لەو خۆپیشاندانەدا کە رۆژی چوارشەممە، ٢٣ی پووشپەڕ لە سەر بانگەوازی کۆمیتەی ئوتریشی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش و بە هاوکاری یەکیەتیەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، نوێنەرایەتیی بەشێکی زۆری هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و سەدان کەس لە ئەندامان، دۆست و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە تێیدا بەشدار بوون.
لەو خۆپیشاندانەدا ئەندامانی حیزب توانییان لەگەڵ سەدان کەس لە هاووڵاتیانی ئوتریشی و خەڵکی ولاتانی دیکەی ئوروپایی کە بە شوێنی کۆبوونەوکەدا تێپەڕ دەبوون، لەبارەی ئەو رووداوە قسە بکەن و هەروەها سەدان لاپەڕە لە پەیامی کۆمیتەی ئوتریشی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نێو خەڵکدا بڵاوکرانەوە.
پێویستە بگوترێ کە شوێنی خۆپیشاندانەکە کە یەکێک لە سەرەکیترین گۆڕەپانەکانی ناوەڕاستی شاری ڤییەنە بە ئاڵای کوردستان و ئارم حیزب و وێنەی شەهیدانمان رازابووەوە.
ئەو حیزب و ڕێکخراوانەش کە بەشداری ئەم خۆپێشاندانە بوون و بەشێکی زۆریان پەیامیان پێشکێش کرد بریتی بوون لە:
پارتی دیمۆکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە سوریە، حیزبی شیوعی کوردستان ، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەکێشانی کوردستانی ئێران، ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی لە سوریە، پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان سوریە، پارتی یەکیەتیی کورد لە سوریە، پارتی دێموکراتی پێشوەڕۆ کوردستان سوریە، ماڵا کوردان لە ڤییەننا، ئەنجوومەنی کوردە ئێزیدیەکان، پارتی دێموکراتی کوردی لە سوریە الپارتی، پارتی ئازادی کوردستان و یەکیەتی خوێندکاران و لاوانی دێموکراتی کوردستانی رۆژاوا.

## پۆلێکی دیکە لە لاوانی کورد هاتنە ریزەکانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە

فێرگەی سیاسی- نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی دەورەی ٢١٧ی سەرەتایی پێشمەرگە لە بناری هەڵگورد ڕێوڕەسمێکی پێکهێنا.
لەو ڕێوڕەسمەدا کە دوانیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە، ٢٣ی پووشپەڕ بە بەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی بنکەکانی حیزب لە ناوچە سنوورییەکان گیرا، ئەو پۆلە لە لاوانی کورد پاش تەواوکردنی خولی راهێنانەکان بەڕەسمی لە ڕیزی پێشمەرگەکان‌دا سازمان دران.
لە ڕێوڕەسمی کۆتایی ئەو دەورەیەدا کە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و ریژەی نیزامیی بەشدارانی دەورە، مانۆڕی خۆحەشاردان



لە تۆپبارانی دوژمن و فێرکاری‌یە نیزامی‌یەکان دەستی پێکرد، کاک رەحمان پیرۆتی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وتارێکی پێشکێش کرد.
کاک رەحمان پیرۆتی لە قسەکانیدا لە سەر بەردەوامیی خەباتی کورد لە ئێران تا گەیشتن بە مافەکانیان دوا و لە سەر گرینگیی ئامادەکاری و بەستێن‌سازی و پێویستیی خۆپێگەیاندنی لاوان و پێشمەرگەکان بۆ ئەرک وەخۆگری لەو خەباتەدا بۆ بەشداران قسەی کرد.
لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسیی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان و باسێک لە سیاسەت و خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ رەوتی رووداوەکان چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢١٧ی پێشمەرگە بوو.
ئەو ڕێوڕەسمە بە چەند بڕگەی هونەری لەلایەن بەشداربووانی دەورەوە درێژەی پێدرا.

## لە بەردەرکی باڵوێزخانەی ئوتریش لە سۆئێد خۆپیشاندانێک بۆ مەحکوومکردنی تێرۆری د. قاسملوو ڕێکخرا

لە بیست و حەوتەمین ساڵیادی تێرۆری دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و عەبدوڵلا قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کە لە وڵاتی ئوتریش بە دەستی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کران، کوردانی دانیشتووی سۆئێد لە بەردەم باڵوێزخانەی ئوتریش لە ستۆکهۆلم خۆپیشاندانێکیان وەڕێ خست.
لەو خۆپیشاندانەدا کە رۆژی چوارشەممە ٢٣ی پووشپەڕ بەبەشداریی دەیان کەس لە ئەندامان و لایانگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی خاوەنی هەڵوێستی نیشتەجێی وڵاتی سۆئێد بەڕێوەچوو، چەندین وتار و پەیام و بڕیارنامە پێشکەش کران.
ئەو خۆپیشاندانە بە قسەکانی کاک نەبەز عەلیدووست، بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی حیزب لە وڵاتی سۆئێد دەستی پێکرد.
نەبەز عەلیدووست لە قسەکانیدا بە ئاوڕدانەوە لە رووداوی دڵتەزێنی تێرۆری ڤییەن، ئاماژەی بەوە کرد کە سەرەڕای ئەوەی هەموو بەڵگە و ئاماژەکان بۆ دۆزینەوە و دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی ئەو کارە لە لایەن پۆلیسی وڵاتی ئوتریشەوە خرابوونە بەردەستی دادگای ئەو وڵاتە، بەڵام بە هۆی ساتوسەودای بازرگانیی نێوان دوو وڵات، پەروەندەی ئەو تێرۆرە کە لە لایەن کەسانی هەرە پلەبەرزی رژیمی ئێرانەوە پیلانی بۆ داڕێژرابوو و بڕیاری لە سەر درابوو، لە لایەن دادگای وڵاتی ئوتریشەوە داخرا و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ پەروەندەی ئەو تێرۆرە ناجوانمێرانەیە بە داخراوی ماوەتەوە.
کاک نەبەز لە کۆتایی قسەکانیدا بۆ جارێکی دیکە داوای لە کاربەدەستانی ئوتریش کرد پەروەندی ئەو تێرۆرە بخەنەوە گەڕ و ڕێگە بە دادگاکانی وڵاتەکەیان بدەن کە سەربەخۆیانە لێکۆڵینەوەی لێ‌بکا و بڕیاری لە سەر بدا.
لە بەشێکی دیکەی ئەو خۆپیشاندانە دا بڕیارنامەی خۆپیشاندەران بە دوو زمانی کوردی و ئینگلیسی لە لایەن هاوڕێیان کەمال گرویسی و



کەمال حەسەنپوور خوێندرایەوە.
لە بڕگەکانی دیکەی ئەو خۆپیشاندانەدا پەیامی کومیتەی ئاشتی و یەکبوون لەلایەن کاک سەید عەلی هاشمی پێشکێش کرا و خاتوو لەیلا محەممەدی، لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیە و مەبەستەکانی وتارێکی پێشکێش کرد.
شایانی باسە دوای بەردەوامیی خۆپیشاندانەکە نێردراوی باڵوێزخانەی ئوتریش لە شاری ستۆکهۆڵم، هاتە نێو خۆپیشاندەران و بڕیارنامەی خۆپیشاندەرانی لە هاوڕێیان کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی بەرپرسی کومیتەی سوید و ئەندامی ڕێبەری حیزب و کاک سیاوەش قەویپەنجە وەرگرت.
لەو ئاکسیۆنەدا خۆپیشاندەران بە بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان، وێنەی شەهیدانی ڤییەن و درووشم و وێنەی تایبەت بەو رۆژە ناڕەزایەتیی توندی خۆیان دژ بە ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران و بێدەنگی حکوومەتی ئوتریش لە ماوەی ٢٧ ساڵی رابردو دا بەرامبەر بەو تێرۆرە دەربڕی و بۆ جارێکی دیکە کاربەدەستانی وڵاتی ئوتریش و حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان دڵنیا کردەوە کە پەروەندی تێرۆری ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات هەتا هەتایە بە کراوەیی دەمێننەوە.

درێژەی:

## سمیناری «قاسملوو وانەیەک بۆ خەبات و چرایەک بۆ داهاتوو» لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک گیرا

باسکردن لە «گرینگیی کار، کەرەستە، توانای فەردی لە ڕێکخستنی جەمعی‌دا، تەشکیلات، تەبلیغات، دیپلۆماسی، قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکان، هەڵبژاردنی جۆری خەبات» وەک چەند وانەیەکی فێرکاریی دوکتور قاسملوو لە مودیرییەتدا؛ تەورێکی دیکەی باسەکەی کاک مستەفا مەلوودی بوو کە لەو سمینارەدا لەسەریان دوا.

دوای باسەکەی کاک مستەفا مەلوودی، سەروین فەتاحی، کچە پێشمەرگە و تازەلاوی شاعیر، پەخشانە شێعرێکی لە پەسن و خۆشەویستیی دوکتور قاسملوودا خوێندەوە.

کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو سمینارە کاک سمایل شەڕەفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو کە باسەکەی لە ژێر ناوی" قاسملوو وەک ڕێبازێک، ڕێبازی قاسملوو، درێژەدان و نوێکردنەوە" پێشکێش کرد.

کاک سمایل شەرەفی لە سەرەتای باسەکەی‌دا باسی لە واقعبینیی لە سیاسەت وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی کەسایەتیی دوکتور قاسملووی کرد کە لەگەڵ توانای بەهێزی لێکدانەوە و خوێندنەوە، ئازایەتی لە دەربڕین و ئازایەتی لە بڕیاردان کەسایەتییەکی کاریزماتیکی لە نەمر قاسملوو دروست کردبوو.

چۆنیەتیی درێژەدان بە ڕێبازی شەهید قاسملوو و چۆنیەتیی نوێکردنەوە و خوێندنەوەی سەردەمیانە بۆ ڕێبازی شەهید قاسملوو دوو تەوەری دیکەی باسەکەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەو سمینارە بوو کە بەڕێزیان بە نموونە هێنانەوە لە باسە ڕۆژەڤەکان لە سەریان دوا.

## زنجیرە کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی‌دەربڕین لە ئیلام، پاوە، سنە و کرماشان

چەند زنجیرە کۆبوونەوەیەک بۆ ناڕەزایەتی دەربڕینی کرێکاران و شۆفیر ئوتوبووس و کارمەندەکانی شارەکانی ئیلام، پاوە، سنە و کرماشان لەو شارانەدا بەڕێوەچوو.

کۆمەڵێک لە دانیشتووانی شاری ئیلام، بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە ئەستاندنی سەرەڕۆیانەی ١٢٠ هەزار تمەنی زیادە لە لایەن ئیدارەی گازەوە بە بیانووی ماڵیات و جەریمەی بەکارهێنانی گاز لە بەردەم ئەم ئیدارەیە کۆ بوونەوە و داواکاری هەڵوەشانەوەی ئەم سزا ماڵی‌یە بوون. ئەم خەڵکە نارازییە ڕایانگەیاندوە ملکەچی ئەم زۆرداری‌یە نابن و ئەو پووڵەیان پێ نادەن.

لە شاری پاوەش کۆمەڵێک لە پشکدارانی شیرکەتی تەعاونیی سەهامی عەداڵەت، بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە پێنەدرانی سوودی پشکەکانیان کە ماوەی چەند مانگە وەدوا کەوتووە، لە بەردەم ئەم شیرکەتە لە شەقامی ٢٦ی مورداد کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان وەڕێ خست.

لە سنەش کۆمەڵێک لە شۆفیر ئوتووبووسەکانی نێو شار بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتیی خۆیان لە هەمبەر کەمیی ئاستی داهات و بارودۆخی نالەباری ژیان و گرانبوونی نرخی گازۆڵ لە بەردەم ڕێکخراوی "ئوتوبووسڕانی" شارەداریی سنە خۆپێشاندانێکیان وەڕێخست.

لە لایەکی دیکەشەوە دەستەیەک لە یارمەتیخوازانی ئیدارەی بێهزیستیی ئەم شارەش کە لە بابەت پێنەدرانی مووچەی ٣ مانگی خۆیان نارازی بوون، کۆبوونەوەیەکیان پێکهێنا.

هەروەها کۆمەڵێکیش لە کرێکارانی شیرکەتیی و گرێبەستی شارەداریی کرماشان کە لە پێنەدرانی مووچەی ٣ تا ٤ مانگی خۆیان تووڕە بوون لە بەردەم شارەداری کۆ بوونەوە. خۆپێشاندەران لە شەقامی غەدیری کرماشان کۆ بوونەوە و ڕایانگەیاند ئەگەر وڵامی داخوازییەکانیان نەدرێتەوە لە کاتی هاتنی روحانی بۆ کرماشان کە بڕیارە لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا سەردانی ئەم شارە بکا، بۆ جارێکی دیکە خۆپێشاندان وەڕێ دەخەن.

## بڕیارنامەی شووڕای ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست لە پەیوەندی لەگەڵ دۆزی ڕەوای کورد

**کۆبوونەوەی شووڕای سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ**

**مەقەری نەتەوە یەکگرتووەکان، ژنێڤ، ١ و ٢ی ژووئیەی ٢٠١٦**

**بریارنامە سەبارەت بە کوردستان**

شووڕای سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ لە سەر ئەو بڕوایە یە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە بارودۆخێکی نالەبار و حە ساس‌دا تێدەپەڕێ. تایفە گەری، شۆوێنیزمی نێژادپەرەستانە، تیرۆریزم، نەبوونی حکوومەتی بریاردەر و بارودۆخی نالەباری ئابووری، ئەو ناوچەیەی ئالۆز کردووە.

سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ مەسەلەی کورد لە ناوچەدا بە ڕەسمی دەناسێ و دەوری هێزە کوردی‌یەکان و بە تایبەت پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ تیرۆریزم بەرز دەنرخێنێ و ئاگادارە کە کوردستان باوەشی بۆ ئاوارە و لێقەوماوان کردۆتەوە و پەنای داون.

لە ئێراق، حکوومەتی هەرێم، دەوری سەرەکی و بەرچاوی هەیە لە شەری دژی داعش و شکستدانی.

ئێمە دەور وهەڵوێستی ئازایانە و باوەڕمەندی حکوومەتی هەرێم لە بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە لە ناوچە دا بەرز دەنرخێنین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەقبەستوییەکی کۆنی نەگۆر لە عەقلییەت و شێوازی بیرکردنەوەدا لە سوڕانەوەیەکی بێ برانەوە لەو ناوچەیەدا هەر دووپات دەبێتەوە، پێداگری و ورەی کورد بۆ وەدیهێنانی ئاشتی، دیالۆگ و دیتنەوەی ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە لە ئێران، ئێراق، تورکیە و سوریە شایانی پێزانینە و شایانی پشتگیری یە لە لایەن سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵەوە. هەربۆیە سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ پشتگیری دەکا لە ڕەوشی دێمۆکراتیکی کوردەکان.

شورای سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ:

- هەموو لایەنەکان هان دەدا بۆ خۆڕاگری، خۆپاراستن لە بە کار هێنانی توندوتیژی و هەوڵدان بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەی سیاسی لە چارەسەرکردنی گرفتەکان‌دا.
- پێشوازی دەکا لە دەستەبەر کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە ڕێگای لێکحالی‌بوونێکی دوو لایەنە لە نێوان حکوومەتی هەرێم و دەوڵەتی ناوەندی‌دا وەک فۆرمولێکی نوێ.
- داوای بە کارهێنانی بڕیارنامەی شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە تایبەت بڕیارنامەی ٢٢٥٤ی سالی ٢٠١٥ لە سووریادا دەکا.
- هەر جۆرە هەوڵێک بە ڕەسمی دەناسێ سەبارەت بە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی سیاسی کە بتوانێ فیدرالیزم، دێموکراسی، فیدرالیزمی دێموکراتیک، لامەرکەزی یان هەر شێوازێکی حکوومەتی کە پەسەندی خەڵکی سووریا بێ، لە خۆ بگرێ.
- سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ هەموو ئەو هێزانەی بە دژی داعش لە سوریا شەڕ دەکەن و بە تایبەت هێزی دێموکراتیکی سووریا (یە پە گە) و باقی هێزەکانی کورد کە لە گەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هاوکاری دەکەن، بە ڕەسمی دەناسێ.
- لە کۆتاییدا داوا لە هەموو لایەنە نێونەتەوەییەکان و بە تایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە یارمەتی پەنابەران بدەن و کەش‌وهەوایەکی شیاو لە ناوچە بەدی بێنن هەتا ئاوارە و پەنابەران بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و وڵاتی خۆیان و چیدیکە پێویست نەبێ ئاوارە بن.

جێگای ئاماژەیە کە بە ڕاوێژ و هاوفکری و پێشنیاری ئەم حیزب و لایەنانەی خوارەوە ئەو بڕیارنامەیە ئامادە کراو لە لایەن شووڕای ئینتێرناسیونالی سۆسیالیستەوە بە کۆی دەنگ پەسند کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان

پارتی دێموکراتی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پارتی یەکیەتیی دێموکراتی – سوریە

پارتی ئاشتی و دموکراسی – ترکیە

کۆمەلەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران




## کوودتای تورکیە و ئاکامەکانی!

ئاکۆ

شەوی هەینی ٢٥ی پووشپەڕ(١٥ژووئییە) بەشێک لە ئەرتەشی تورکیە بە مەبەستی ڕووخاندنی دەوڵەتی ئەو وڵاتە، کوودتای کرد. ئەو کوودتایە لەگەڵ دژ کردەوەی تووندی خەڵک و هێزە ئەمنی‌یەکانی وەفادار بە دەوڵەت بەرەوڕوو بوو و سەرەڕای دەسبەسەرداگرتنی هێندێک شوێنی گشتی و هەستیار لە شارەکانی وەک ئیستانبووڵ و ئانکارا و بۆردوومان کردنی کۆشکی سەرۆکایەتیی کۆمارو پارلەمانی ئەو وڵاتە لە لایەن کوودتاچی‌یەکانەوە و شەڕ و پێکدادانی قورس ، ئەو نەقشەیە سەری نەگرت و ناکام مایەوە. لەو بەینەدا بە پێی ئامارە فەرمی‌یەکان ١٦١ کەس لە خەڵکی سڤیل و هێزە ئەمنی‌یەکان و ١٠٤ کەسیش لە سەربازە کوودتاچی‌یەکان کوژران و زیاتر لە ٤٠٠ کەسی دیکەش بریندار بوون. سەرۆک کۆمار ئەردۆغان و سەرۆک وەزیران ئیلدریم ڕایانگەیاند کە سەرەداوی کوودەتاکە لەدەست فەتحوڵڵا گولەن دایە کە ئێستا لە ئەمریکا نیشتەجێ‌یە. هەربۆیەش داوایان لەو وڵاتە کردوە کە ناوبراو ڕادەستی تورکیە بکاتەوە. گولەن سەرۆکی بزووتنەوەوەیەکە بەناوی»خزمەت» و نفووزێکی زۆری لە توورکیە و لە هەموو جوومگەکانی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا هەیە. ناوبراو زۆر بە توووندی بەرپرچی دەوڵەتی تورکیەی داوەتەوە و بێبەری بوونی خۆی لەو حەرەکەتە ڕاگەیاندوە. هەر دوابەدوای تێکشکانی کوودتاکە، هێزەکانی دەوڵەت دەستیان بە ڕاوەدوونانی گومانلێکراوان کردوە و زیاتر لە ٧٥٠٠هەزار کەس لە ماوەی ٣ڕۆژدا قۆڵبەست کران.

تورکیە وڵاتێکە کە لە سەرەتای دامەزرانی‌یەوە هێزەکانی ئەرتەش دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوە و چەند جارێک کوودتای سەربازی لێ ڕووداوە و ئەوە یەکەم جارە کە کوودتایەکی لەم چەشنە بە ئاکام ناگات. دیارە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری پارتی داد و گەشە پێدان، بەرەبەرە ئەردۆغان و پارتەکەی تێکۆشاون بەهەر شێوەیەک بێت نفووزی ژێنێڕاڵەکانی ئەرتەش و ئەگەری ڕوودانی کوودتای سەربازی کەم بکەنەوە، بەوحاڵەش شک لەوەدا نییە ئەگەر بەربەرەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە بەتایبەت لە ئیستانبوڵ و ئانکارا لە بەرانبەر تانک و زرێپۆشی کوودتاچی‌یەکان‌دا نەبووبایە، ئەو جارەش کوودتا سەری‌دەگرت و چارەنووسی ئەو وڵاتە بە ئاقارێکی دیکەدا دەڕۆیشت. جگە لەوەش هەموو حیزبەکانی ئەو وڵاتە، سەرەڕای بۆچوونە دژبەرەکانیان، بەگژ کوودتادا هاتنەوە و پشتیوانی‌یان لە دەوڵەت و یاسای وڵات کرد.

بێ‌گومان ئەو کوودتایە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لە سەر داهاتووی سیاسی ئەو وڵاتە دادەنێ. لە لایەک تێکشکانی پیلانی کوودتا، پاراستن و سەرکەوتنی دێمۆکراسی بوو بەسەر لۆژیکی سەربازی لەو وڵاتە و نیشانی دا شعووری سیاسیی خەڵک و حزووری ئەوان دەتوانێ چارەنووسی وڵاتێک بگۆڕێ و نموونەیەکی باش بوو بۆ خەڵکی وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراوی ناوچەکە و سەلماندی ئەوانیش بە حزووری فەعالی خۆیان دەتوانن چارەنووس و داهاتووی وڵاتەکانیان بگۆڕن. لە لایەکی دیکەش سەرەڕای ئەوەی کە کێ لە پشت ئەو کوودتایەدا بووە، مەترسیی ئەوە هەیە ئەردۆغان و پارتەکەی ئەو کوودتایە بە هەڵ بزانن بۆ پاکانەحیساب لەگەڵ نەیارە سیاسی‌یەکانی خۆیان، بەتایبەت حیزب و ڕێکخراوە کوردی‌یەکان و ئاخنینی بەندیخانەکان لە چالاکانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسەکان و نەزۆک کردنی سیستەمی نەزۆر ساقامگیر کراوی پلۆڕالیزمی سیاسی و و فرەحیزبی و لە ئاکام‌دا دامەزراندنی سیستەمی سەرۆکایەتی و کەمڕەنگ کردنەوەی سێکۆلاریزم و ئازادی‌یە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان؛ بەتایبەت کە پارتی داد و گەشەپێدان قەت نەیشاردۆتەوە کە پارتێکی ئیسلامی‌یە و بە بوونی کۆمەڵگایەکی شێوە ڕۆژئاوایی لەو وڵاتە زۆر کەیفخۆش نییە.

## سەدی ٩٠ی خەڵکی ئێران داڵغەی دابینکردنی بژیوی ژیانیان هەیە



سەرۆکی ڕێکخراوی نیزامی دەروونناسانی ئێران دەڵێ بارودۆخی ڕەوانیی کۆمەڵگای ئێران باش نییە.

عەباسعەلی ئەڵلاهیاری، سەرۆکی ڕێکخراوی نیزامی دەروونناسانی ئێران دەڵێ پێوەری مەینەتی‌کێشانی مرۆڤی، لە ئێران لە سەدی ٩٠ زیاترە، واتە سەدی ٩٠ی خەڵک بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان لە سترێس و نیگەرانی‌دا دەژین.

ئەڵلاهیاری ئاشارێتەوە کە وەزارەتی بێهداشت گرینگی بە سڵامەتیی دەروونیی خەڵک و کۆمەڵگا نادا. ئەو دەڵێ سڵامەتیی دەروونیی خەڵک بۆ شۆخی و گاڵتە نابێ و بۆوە نابێ کە تەنیا سەدی ٣ی بودجەی وەزارەتی بۆ تەرخان بکرێ.

پێشتریش سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی زانستیی دەروونناسانی ئێران باسی لەوە کردبوو کە یەک لەو چواری خەڵکی ئێران پێویستییان بە خزمەتگوزاریی دەروونناسییە.

ڕەزا میرسپاسی گوتبووی کە سەدی ٢٢ی خەڵکی تەمەن ( ١٥ تا ٦٠) ساڵی ئێران لە ماوەی ساڵ‌دا پێویستییان بە سەردانی پزیشکی ئەعساب و دەروون هەیە.

شایانی باسە کە بێکاری بە هۆکاری سەرەکیی خەمۆکی و کێشە دەروونی‌یەکانی لاوان دادەنرێ و لە ژنانیش‌دا، فەرق و جیاوازیدانان زیاتر وەک هۆکاری خەمۆکی و سترێس باسی لێ‌دەکرێ.

## پاش ٥ ساڵ هێشتا ٥ هەزار میلیارد تمەن لە ئیعتبارەکانی سەفەری خامنەیی بۆ کرماشان دابین نەکراوە

هەیئەتی دەوڵەت پێش سەفەر بۆ پارێزگای کرماشان ڕایگەیاندوە کە نزیکەی ٨٠٠ میلیارد تمەنی بۆ ئەم پرۆژانە دیاری کردوە کە پێشتر پەسند کرابوون، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بۆ تەواوکردنی پرۆژە نیوەچڵەکانی کرماشان هەر نەبێ ٥ هەزار میلیارد تمەن بوودجە پێویستە.

چالاکانی سیاسی دەڵێن لە سەفەری سەرکۆماردا قولێنگی هیچ پرۆژەیەکی نوێ لێ نادرێ، چونکی بە سەدان پڕۆژەی نیوەچڵ بەهۆی نەبوونی بودجە وەلانراون.

بە پێی دانپێدانی کارناسان و بەم جۆرە کە لە ئاماری ناوەندە ڕەسمی‌یەکاندا هاتوە، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پارێزگای کرماشان لە بواری گەشە و ئاوەدانی‌یەوە هیچ پێشکەوتێکی بە خۆیەوە نەبینیوە و تەنانەت بۆ دواوە گەڕاوەتەوە.

لە ماوەی ساڵی ڕابردوو دا ئەم دواکەوتوویە لە بەشەکانی سەنعەت، کار و شوغڵ، کشتوکاڵ و گەشتیاری‌دا زیاتر بەرچاو بووە، بە جۆرێک کە بە پێی ڕاگەیاندنی ناوەندی ئاماری ئێران ئەم پارێزگایە لە بواری ڕێژەی بێکاری، قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و سەرانەی داهات لەچاو هەموو پارێزگاکانی دیکەی ئێران لە بارودۆخێکی زۆر خراپتر دایە.

لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ٩٠ لە کاتی سەفەری خامنەیی بۆ کرماشان بوودجەیەکی تایبەت کە زیاتر لە ٨ هەزار میلیارد تمەن بوو، بۆ بەشە جۆراوجۆرەکاندا بۆ ئەم پارێزگایە پەسەند کرا، بەڵام ئەوە تەنیا هەر لە چوارچێوەی قسەدا مایەوە و پاش تێپەڕینی ٥ ساڵ تا ئێستا تەنیا ٣ هەزار و ٤٠٠ میلیارد تمەن لەم بوودجەیە دابین کراوە و نزیکەی ٥ هەزار میلیارد تمەنی دیکە لەم ئیعتبارانەی سەفەری خامنەیی کە دەوڵەت دابینکردنەکەی لە ئەستۆ گرتبوو، هەروا پشت گوێ خراوە و پرۆژەکان بە نیوەچڵی ماونەتەوە.

شەهاب نادری نوێنەری



کرماشان لە مەجلیس دەڵێ ئێمە چاوەڕوانیمان هەیە کە دەوڵەت لە پلەی یەکەمدا جێبەجێکردنی پرۆژە پەسندکراوەکانی پێشوو لە دەستووری کاری خۆیدا بگونجێنێ، چونکی ئەوە کارێکی باش نییە کە لە وەها بارودۆخێکدا و سەرەڕای بوونی ئەم هەمووە پرۆژە ناتەواوە، دەست بە پرۆژەی نوێ بکرێ.

نادری وەک چەند نموونەیەکی دیکە لە ئەولەڤیەتە سەرەکییەکانی پارێزگای کرماشان لە سەفەری هەیئەتی دەوڵەت ئاماژەی بە پێویستیی تەواوکردنی ئاسنەڕێی ڕۆژاوای ئێران، «کارخانەی لاستیک سازیی زاگرۆس» و «ناوچەی ئازادی قەسری شیرین» کردوە.

# چۆن هزری قاسملوو بکەینە بەرنامەی کار؟



**مستەفا شەڵماشی**

لە کەسمان شاراوە نییە کە شەهیدی ڕێبەر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو کاریگەری‌یەکی گەورەی لە سەر بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە هەموو کوردستان بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەبووە و تائێستاش هەیە. بەتایبەت لە نێو ریزەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا ئەوکاریگەری‌یە زۆر بەرچاوە و هزری قاسملوو لە ڕاستی‌دا بە سەر ڕێڕەوی خەباتی دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا زاڵە.

ئەوەندەی پەیوەندی هەبێ بە مەسەلەی کوردەوە بەگشتی، لە نێو ڕێـڕەوی خەباتی چەندین ساڵە و شێوەی لێکدانەوە و سیاسەتسازی و ڕێبەری کردنی دوکتور قاسملوودا وانەی زۆر گەورە هەن کە دەکرێ ڕێبەرانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان‌دا لێیان فێر بن و بیانکەنە چرای ڕووناککەرەوەی قۆناغە تاریک و بەرتەسکەکانی خەباتی خۆیان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دەوروبەریان و بۆ زاڵبون بەسەر پلانی نەیارانی کورددا، کە بە داخەوە هەر چوار دەوریان تەنیوە.

یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم هەموو ڕێبەرانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەوەیە کە بە هۆی دابەشکرانی کوردستان بە سەر چوار وڵاتی ناوچەی پڕکێشە و ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا، بەداخەوە لە هەریەک لەو بەشانەی کوردستان‌دا لە خەبات‌دا بی، هەر چوار دەورت دوژمنی فکری و هزری مەسەلەکەی تۆیە. هیچ کام لەو وڵاتانەی کە بەشێک لە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، لە ڕاستی‌دا موافقی چارەسەری مەسەلەی کورد لە هیچ یەک لەو وڵاتانەدا نین. ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدا لە باشترین حاڵەت‌دا بە هۆی ڕکەبەریی ناوچەیی ڕەنگە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خەبات‌دا بە قازانجیان بێ بە هۆی جووڵانەوەی کوردەوە فشارێک بۆ وڵاتەکەی دراوسێیان بێنن و لە کۆتاییش‌دا مامەڵەی پێوە بکەن. هونەری ڕێبەرانی کورد لەوە دایە کە چۆن بتوانن پارسەنگێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەم لە ناکۆکی نێوان دژبەرەکانیان کەڵک وەرگرن و هەم بەکردەوە نەچنە ژێر باری داخوازی‌یەکانی ئەو وڵاتانە کە لە کۆتایی‌دا بە زیانی هەموو نەتەوەی کوردن. دوکتور قاسملوو لەو پەیوەندی‌یەدا فۆرمولێکی زۆر کاری و بەهێزی دیبۆوە. لە فۆرمولی دوکتور قاسملوودا فاکتەری هێزی کورد بۆخۆی ڕۆڵێکی گەورەی پێدرابوو و لە ڕاستی‌دا بەدەستهێنانی ئەنجامی هاوکێشە سیاسی‌یەکە درابوو بە هێزی جووڵانەوەی کورد. بۆ وێنە سەرەڕای پەیوەندی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، هیچ کاتێک دوکتور قاسملوو تای تەرازوی دۆستایەتی بەلای حکوومەتی ئەو وڵاتەدا نەشکاندەوە، هەمیشە دۆستایەتی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد لە باشوور ڕاگرت و تەنانەت یارمەتی دا و هیچ کات قبووڵی نەکرد کە لە ڕێگای ئەو و حیزبەکەیەوە بچوکترین فشار بۆ جووڵانەوەی کورد لە باشوور بێ. مەسەلە ئەوە نەبوو کە داوای لێ‌نەکرێ، بەڵام وەڵامی ئوسوولی هەبوو، ئەو هێزی جووڵانەوەی کوردی دەبردە تەشکی ئاسمان لە بەرامبەر نەیاران‌دا. لە کاتی فشارهێنان‌دا ئەو مەرجی بۆ نەیاران دیاری دەکرد و بە ئاشکرا پێی ڕادەگەیاندن کە ئەگەر فشار بێنن خەباتی ڕۆژهەڵات و باشوور لێکگرێ دەدەن. هاوکێشەی قاسملوو ئەوە بوو کە بەردەوام داوا بکا کە مەسەلەی کورد بە شێوەی سیاسی چارەسەر بکەن و ئەگەر ئەو کارە نەکەن، کێشەی خۆیانە و، کوردی ڕۆژهەڵات ئامادە نییە دژی خوشک و براکانی بوەستێتەوە. ئەو سیاسەتە نەتەوەیی‌یەی بە جۆرێک جێگیر کردبوو کە لە کۆتایی‌دا وای لێهاتبوو بە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات‌دا خەباتگێڕانی باشوور دەهاتن و زەڕبەیان لە حکوومەتی بەعسی فاشیست دەدا و بە نێو بنکە و بارەگاکانی دێموکرات‌دا دەگەڕانەوە، بەڵام دەوڵەتی عێراق هەر باسیشی نەدەکرد، چونکە وەڵامەکەی دەزانی.

دەرسێکی گەورەی دیکە بۆ هەموو کورد کە قاسملوو هێنایە بەرباس، پەیوەندیی دیپلۆماسی بوو لە سەر بناغەی قازانجی هاوبەش. ئەو دەرسی داین کە سەردەمی پەیوەندی کۆڵۆنیالی، یا بەزەیی مرۆڤایەتی، یا برایەتی ئیدئۆلۆژیکی بەسەر چووە. کورد نابێ تەسلیمی پەیوەندیی کۆڵۆنیالی بێ و تەنیا بۆ پاراستنی گیانی ببێتە داردەستی هێزی دەرەکی، یا بچێ وەک قوربانی‌یەک بپاڕێتەوە یارمەتی بدەن، یا خۆی بە ئیدئۆلۆژیەکەوە ببەستێتەوە و چاوی داخا و هەرچی پێی دیکتە کرا بیڵێتەوە. بەڵکوو دەبێ بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی هەڵسەنگێنێ، لەگەڵ بەرژەوەندیی لایەنی بەرامبەر تاووتوێی بکا و هاوکێشەیەک بدۆزێتەوە کە بەرژەوەندیی هەردووک لا بگرێتەوە و بەم جۆرە مامەڵە و دۆستایەتی بکا.

سێهەم هزری گەورەی قاسملوو لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا ئەوە بوو کە هەرچەند کوردستانی بە یەک وڵات و نەتەوەی کوردی بە یەک نەتەوە دەزانی، بەڵام جیاوازی‌یەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانی دەخوێندەوە و پێی وابوو کە هەر پارچەیەی دەبێ بۆخۆی بە پێی هەلومەرجی خۆی خەبات بکا و قۆناغەکانی خەباتی خۆی دیاری بکا. پێی ڕەوا نەبوو هیچ پارچەیەکی کوردستان لە پارچەکەی دیکەی کوردستان‌دا دەستێوەردان بکا. نەزەری ئەوە بوو کە پێویستە دۆست و هاوکاری یەکتر بن، بەڵام نابێ دەست لە کاروباری یەکتر وەردەن. سەردەمانێک لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئەودا حیزبی دێموکراتی کوردستان،

> هزری گەورەی قاسملوو لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا ئەوە بوو کە هەرچەند کوردستانی بە یەک وڵات و نەتەوەی کوردی بە یەک نەتەوە دەزانی، بەڵام جیاوازی‌یەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانی دەخوێندەوە و پێی وابوو کە هەر پارچەیەی دەبێ بۆخۆی بە پێی هەلومەرجی خۆی خەبات بکا و قۆناغەکانی خەباتی خۆی دیاری بکا. پێی ڕەوا نەبوو هیچ پارچەیەکی کوردستان لە پارچەکەی دیکەی کوردستان‌دا دەستێوەردان بکا. نەزەری ئەوە بوو کە پێویستە دۆست و هاوکاری یەکتر بن، بەڵام نابێ دەست لە کاروباری یەکتر وەردەن. سەردەمانێک لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئەودا حیزبی دێموکراتی کوردستان، گەورەترین حیزی کوردی و، جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەورەترین جووڵانەوەی کوردی بوو. بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نە حیزبی دێموکرات و نە جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بچوکترین دەخالەتیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان‌دا نەکرد

گەورەترین حیزی کوردی و، جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەورەترین جووڵانەوەی کوردی بوو. بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نە حیزبی دێموکرات و نە جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بچوکترین دەخالەتیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان‌دا نەکرد. دەستێوەردانی هێزی پارچەیەک لە پارچەکانی دیکەدا لە نێوان پارچەکانی کوردستان‌دا کێشە دروست دەکا و ئەمەش مەترسی‌یەکە لە سەر پرسی کورد بە گشتی.

چوارەم وانەی گەورەی قاسملوو ئیمان بە چارەسەری ئاشتیخوازانە، پێکەوەژیانی مرۆڤانەی نێوان گەلانی ناوچە، وەلانانی ڕق و تۆڵە و کارکردن بۆ سەقامگیریی دێموکراسی و ئاشتی بوو. کە بەداخەوە گیانی خۆشی لە سەر دانا. لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووە چەک تەنیا بۆ بەرگری بەکار دەهات، بە توندوتیژی هیچ کێشەیەک چارەسەر نەدەکرا و کۆتایی هەموو گرفتێک لە سەر مێزی وتووێژ ئیمکانی هەبوو. کە مخابن لە وڵاتانی دیکتاتۆری‌لێدراو و تا سەر ئێسقان پڕبوغز و غەرەزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا، ئەو ڕێڕەوە جارێ زەمینەی زۆر کەمە و بەداخەوە زۆر جار لایەنگرانی دەبنە قوربانیی بیروبۆچوونە ئینسانی و دێموکراتیکەکانی خۆیان. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە داهاتوو هەر هی ئەو بۆچوونە ئینسانیانەیە.

لە ڕێبازی پڕسەروەری قاسملوودا و لە هزری دەوڵەمەند و پڕزانستی ئەودا دەکرێ دەیان وانەی دیکەش هەڵێنجین، بەڵام لێرەدا بەو چوار وانە گرنگە بەسندە دەکەم و دەچمە سەر ئەو بەشەی کە ئێمەی دێموکرات دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ هزر و کەلەپوورێک بکەین کە قاسملوو بۆی هێناوینە نێو گۆڕەپانی خەبات.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو چوار وانەیە پێویستە بکەینە ڕێبازمان، دەبێ لە ژیانی سیاسیی ڕۆژانەشمان‌دا وریا بین کە لە کۆتایی‌دا بە جۆرێک هزر و بیرەکانی قاسملوو بەکار بێنین کە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر خەباتی ئەمڕۆ و داهاتوومان دابنێن. ئەوکاتەیە کە نرخی تەواویشمان داوە بەو کەلەپوورە سیاسی‌یە دەوڵەمەندەی کە بۆی بەجێ‌هێشتووین. ئەوەش چەند میتۆد و میکانیزمێکی پێویستە.

یەکەم: پێویستە هەموومان لەوە خۆ بپارێزین کە موزایەدەی سیاسی بە هزر و بیروبۆچوونەکان و شێوەی ڕێبەری‌کردنی شەهید قاسملووە بکەین. قاسملوو بەشی هەموو کوردی تێدایە وەک ئەندامێکی بەرهەمهێن لە نەتەوەیەک. هەروەها ڕێبەری هەموو ئەندامێکی دێموکرات بووە وەکوو ڕێبەرێکی کاریزماتیک کە تاکوو ئێستاش و دوای شەهیدبوونیشی لە سەر هەموان باندۆری هەیە. کە وابوو لە کوردستانی گەورەدا هیچ بەشێک ناتوانێ قاسملوو تەنیا بە هی خۆی بزانێ و لە نێو بنەماڵەی دێموکراتیش‌دا هیچ کەس ناتوانێ تەنیا خۆی بە درێژەدەری ڕێگای قاسملوو پێناسە بکا و ئەوانی دی بە دژبەری ئەو ڕێگایە. قاسملوو بۆخۆی درێژەدەری ڕێگایەک بووە کە پێش خۆی شەهیدی وەک پێشەوا قازی محەممەد و دەیان شەهیدی پایەبەرزی دیکەی پێشکەش بە نەتەوەکەی کردووە. هەموو ئەندامان، پێشمەرگەکان و لایەنگرانی ڕێبازی دێموکراتیش لە ڕابردوو، لە ئێستا و لە داهاتوش‌دا هەر ڕێبواری ئەو ڕێگایەن. بنەماڵەی گەورەی دێموکرات ئەگەر ببێتە سەدماڵیش هەمووی هەر ڕێبواری ئەو ڕێگایەن، کە دیارە شەهیدی ڕێبەر قاسملوو باشترین ڕێ‌نیشاندەری ئەو بنەماڵەیە بووە و وانەی زۆر بە نرخی بۆ بەجێ هێشتووین.

دووەم: مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە هیچمان هەوڵ نەدەین بیر و هزرەکانی شەهیدی ڕێبەر قاسملوو بکەینە جۆرێک مەزهەب یا ئیدئۆلۆژی نەگۆڕ. کە قابیلی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن نەبن، یا نەکرێ ئاڵوگۆڕیان بە سەردا بێ و لەگەڵ هەلومەرجی تازە نەگونجێندرێن. هەرچۆنێک بێ هزر و سیاسەت و تەنانەت زانستی هەموو بلیمەتەکانی دنیا لە سەر بناغەی داتاکانی سەردەمی خۆیان داڕێژراون و ڕەنگە (بەشێک لە)ئەو زانیاری و داتایانە لە کاتی ئێمەدا گۆڕابن. کە وابوو هیچ تیوری‌یەکی سیاسی و تەنانەت هیچ تیوری‌یەکی زانستیش نەگۆڕ نییە و دەکرێ بە پێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا بێ.

سێهەم: لە هەڵسەنگاندنی مێژوومان‌دا غەدرە پارێزراویی بۆ کەس دانێین، بە ڕێبەرانی گەورەی وەک، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو یا دوکتور شەرەفکەندیشەوە. ڕووداوە مێژووییەکان دەبێ وەک خۆیان هەڵسەنگێنین، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ ڕۆڵی سەرەکی تێدا هەبووە. ئەگەر لەو ڕووداوانەدا تەنانەت ڕێبەرێکی کاریزمای وەک شەهید دوکتور قاسملووش نەخشی سەرەکی هەبووبێ، پێویستە بابەتیانە شرۆڤەیان بکەین.

چوارەم: نابێ بە دایم دووبارەی بکەینەوە کە ئیدی قاسملوویەکی دیکە ناتوانێ لە دایک ببێتەوە. ئەگەر ئێمە ئاوا لەو سیمبۆلە بەنرخەی گەلەکەمان بکەین، ئەوە بێگومان بە باری نەرێنی‌دا بەکارمان هێناوە. نابێ ڕێبەرانی ئێستامان بە سەروەرانی پێشوومان بشکێنین. نابێ ڕێگای بڕیاردان لە ڕێبەرانی ئێستامان بەربەست بکەین و بەدایم لەگەڵ ڕابردوو بەراوردیان بکەین. بەهەرحاڵ ئێمە لە سەردەمێکی جیاوازدا دەژین، مەجبورین بە پێی ئیمکانات و هەلومەرجی ئەمڕۆ سیاسەت داڕێژین و هەنگاو هەڵێنین.

پێنجەم: خەیانەتێکی گەورەمان بە سیمبۆلەکانی خەباتمان کردووە ئەگەر بمانهەوێ وەک ئامرازێک لە دژی ئەو کەسانە بەکاریان بێنین کە جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ ئێمە هەیە. یەکێک لە بەهاکانی کە دوکتور قاسملوو زۆری هەوڵ دا بیهێنێتە نێو سیاسەتی کوردی‌یەوە، پلۆرالیزمی سیاسی و قبووڵکردنی جیاوازی‌یەکان بوو. ئێستا زۆر غەدرێکی گەورە دەبێ لە خودی ئەو، ئەگەر هەوڵ بدەین جیابیران بکوتین بەوەی کە گۆیا لە ڕێبازی قاسملوو لایان داوە، دژی بۆچونەکانی قاسملوون. سەنگەر گرتن لە پشت سیمبۆلە نەتەوەیی و حیزبی‌یەکان لە بایەخی ئەوان کەم دەکاتەوە. ئەوان دەبێ بە پانتایی نەتەوە و حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکان، کارتێکەری‌یان بمێنێ. ئەوەیە ڕێزلێنانی ڕاستەقینە لەوان، بەردەوامی دان بە ڕێبازیان و کەڵکی ئەرێنی وەرگرتن لێیان.

با لە وتە و تیۆری‌یەکانیان بۆ کوتانی جیابیرانمان کەڵک وەرنەگرین کە لە هەلومەرجێکی جیاوازدا لە لایەن ئەو سیمبۆلە نەتەوەییانەوە داڕێـژراون. با هەر مەسەلەیەک لە زەمان و مەکانی خۆی‌دا هەڵسەنگێنین و ئەگەر دەلیلی قانیعکەرمان بە دەستەوە نەبوو لە پشت ڕێبەرانی وەک شەهید قاسملوو سەنگەر نەگرین.

ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە هزر و بیری قاسملووەکان بە پێی هەلومەرجی ئەمڕۆ هەڵسەنگێنین و لە تاقیکردنەوەکانیان کەڵک وەرگرین. لە هێڵە گشتی‌یەکانی ڕێبازی ئەوان‌دا کە لە سەرەوە ئیشارەیان پێکرا بمێنینەوە و بە پێی ویستەکانیان، بەڵام بە میکانیزمی ئەمڕۆیی کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم‌دا یەک بگرنەوە، بەرنامەی کارمان داڕێژین.

لە ٢٧ ساڵەی شەهیدکرانی ڕێبەری شەهیدمان قاسملوودا سڵاو دەنێرم بۆ ڕووحی پاکی و، هیوادارم بتوانین ئامانجەکانی وەدی بێنین.

*ڕوانینی دەرەکی*

## پاش ساڵێک، ڕوحانی هەروا ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە خەڵکی ئێران دەفرۆشێ

**نووسەر: ئارەش کەرەمی**
**وەرگێران: ڕێبوار مەعرووف زادە**

یەکساڵ پاش ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێران و شەش وڵاتی زلهێزی جیهان و شەش مانگ پاش بەڕێوەبردنی ئەو ڕێککەوتنە، بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران هەست بە قازانجە ئابوری‌یەکانی ئەو ڕێککەوتنە ناکەن. کەمتر لە یەکساڵ کات ماوە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئێران و بەرپرسانی کابینەی حەسەن ڕوحانی لە ژێر گوشاردان بەهۆی ئەوەی هەروا خەریکن باسی قازانجە ئابووری یەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بۆ خەڵک دەکەن لەحالێکدا خەڵک خەریکە متمانەی بە ئەمریکا بۆ بەردەوامبوون لە پابەندبوون بەو ڕێککەوتنە لەدەست دەدا. ڕێککەوتنی ئەتۆمی گەورەترین دەستکەوتی کابینەی ڕوحانی لە سیاسەتی دەرەوەدا بووە، بەڵام ئەو سەرکەوتنە لە سیاسەتی دەرەوەدا نەیتوانیوە ڕەزایەتێکی جەماوەریی بەرفراوان لەنێو خەڵکی ئێران بەتایبەتی لەنێو خەڵکی هەژاری ئێران دروست بکا.

ڕۆژی دووشەممە ٢١ی پووشپەڕ، عەباس عێراقچی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران و بەرپرسی چاوەدێری لە بەڕێوەچوونی بەندەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە دەرەوەی ئێران لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئێران چاوپێکەوتنی کرد تا نوێترین زانیاری لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە خەڵکی ئێران بدات. بەشێک لە گەمارۆکانی ئەمریکا لەوانە گەمارۆی ئاڵوگۆڕی دۆلار هەروا لە سەر ئێران لا نەبراوە و یەکێک لە گرفتە سەرەکی‌یەکانی بەردەم سەرمایەگوزاریی دەرەکی لەنێو ئێران دایە. ئەمریکا هێندێک گەمارۆی خستۆتە سەر ئێران لەمەڕ بەکارهێنانی سیستمی بانکی ئەمریکا و، ئەو بابەتە وایکردوە ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا لە ئێران سەرمایەگوزاری نەکەن. عێراقچی لە وتووێژەکەی لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئێران ڕایگەیاند کە گەمارۆکانی پێوەندیدار بە ئاڵوگۆڕی دراو و کەڵکوەرگرتن لە سیستمی بانکی ئەمریکا بۆ پێش لەو گەمارۆیانە دەگەڕێنەوە کە بەهۆی پرۆگرامی ئەتۆمی دانراون، هەر بۆیە دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمیش لاناچن.

عێراقچی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەرچی بانکی ناوەندیی ئێران بە تیمی دانۆستانکاری ئەتۆمی وتووە کە گەمارۆکانی ئەمریکا لە بواری سیستمی بانکی زۆر گرینگن و پێویستە نەمێنن، بەڵام ئەمریکا ڕازی نەبووە ئەو گەمارۆیانە لابەرێ. عێراقچی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر ئەمریکا ئەو گەمارۆیانەی لابردبا، داوای ئیمتیازی زیاتری لە ئێران دەکرد. عێراقچی وتویەتی دادگای ئەمریکا چەند حوکمی بۆ دەستبەسەرگرتنی دارای ئێران هەیە و هەربۆیە ئەوان بە باشتری دەزانن لە دەرەوەی سیستمی بانکی ئەمریکا بن.

بە وتەی عێراقچی بەهۆی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە، بەڵام خەڵک دەبێ بۆ دیتنی باشتربوونی دۆخی ئابووری سەبریان هەبێ. عێراقچی وتی «ئابووری ئێران بە شەو و ڕۆژێک ناگەڕێتەوە سەر دۆخی پێشووی. کەس چاوەڕوانی ئەوە ناکا کە ڕێژەی فرۆشی نەوتی ئێران لە شەو و ڕۆژێکدا لە یەک میلیۆن بۆشکە نەوت بۆ دوو و نیو بۆشکە نەوت بەرز بکرێتەوە. کڕیارەکانی پێشووی نەوتی ئێران ڕۆیشتوون و فرۆشیاری دیکەیان پەیدا کردوە».

بە پێی قسەی عێراقچی ئێران ئێستا ڕۆژانە دوو میلیۆن بۆشکە نەوت دەفرۆشێ کە ٥٠٠ هەزار بۆشکە کەمترە لەو ڕێژەیەی پێش لە گەمارۆکان دەیفرۆشت. عێراقچی باشتربوونی دۆخی ئابووریی ئێران دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە بنیاتنانەوەی ئێران دوای شەڕی ئێران–عێراق شوبهاند کە کاتێکی زۆری خایاند.

وتووێژی عێراقچی نەیتوانی قەناعەت بە هەموو ناڕازیانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بێنێ. سایتی ڕەجانیوزی سەر بە کۆنەپارێزان، چاوپێکەوتنی عێراقچی بە هەفتا و پێنج خوڵەک پاساوهێنانەوەی دووبارە و بێزارکەر ناوزەد کرد. فواد ئیزەدی، شرۆڤەکاری سیاسی سەر بە بەرەی کۆنەپارێزان ڕەخنەی لەوە گرت کە تیمی دانۆستانکاری ئەتۆمی هەمان تیمە کە ئێستا چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەکا و شتێکی ئاساییە کە ئەوان هەوڵ بدەن پاساو بۆ کەموکوڕی‌یەکانی ئەو ڕێککەوتنە بێننەوە.

هەروەها سایتی فارس‌نیوز قسەکانی عێراقچی لەمەڕ لانەچوونی هەموو گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئێران بە ناڕاست و ناتەبا لەگەڵ قسەکانی پێشووی ڕێفورمخوازان لەقەڵەم دا بە هێنانەوەی قسەیەک لە ڕوحانی کە ئاماژەی بەوە دەکا کە دوای ڕێککەوتن هەموو گەمارۆکان لادەچن. بەشێک لە سایتەکانیش وتارێکی پێگەی ڕۆیتێرزیان کردبوو بە فارسی کە باسی لە هەوڵی نوێنەرانی کۆنگرەی ئەمریکا دەکرد کە دەرکردنی هێندێک یاسا هەوڵ دەدەن ئاراستەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران– ئەمریکا بگۆڕن و گوشاری زیاتر بخەنە سەر ئێران. لە مانگی ڕابردوو، کۆنگرەی ئەمریکا یاسایەکی پەسەند کرد کە بە پێی ئەو یاسایە گەمارۆی زیاتر دەخرێتە سەر ئێران ئەگەر ئەو وڵاتە پشتیوانی تیرۆریزم بکا و مافی مرۆڤ پێشێل بکا...

ل ٧

# قاسملوو کاریزمایەکی ئەرێنی و ڕێبەرێکی بەهەڵوێست



**عەزیز شێخانی**

بزووتنەوە رزگاریخوازەکان و زۆر بزووتنەوەی دیکە لە ڕەوتی کار و تێکۆشان و تەنانەت مانەوەدا پێویستیان بە ڕەمز و سەمبولە. کاریزما و سەمبولە گەلیی و نەتەوەییەکان بە گوێرەی سەردەم، جۆغرافیا و کولتوور دەردەکەون و ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن. بەکارهێنانی سەمبول و ڕەمزە جیاوازەکان بەشێکی سرووشتی و نەپچڕاوە لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی‌یە. لە قۆناخی خەباتی رزگاریخوازانەدا سەمبولەکان کۆکەرەوەن و لە سات و کاتی دژوار و ئاڵۆزدا دەبنە هۆی یەکگرتوویی زیاتر و ڕێبەرایەتیی بەرەی دژبەر لە ئەستۆ دەگرن. لە ژێر تیشکی بوون و بیر و لێکدانەوەی ڕەمز و کاریزماکاندا وێنەیەکی کۆکراوەتر دەخولقێ. کاریزما چەمکێکی فرەمانا و هاوکێشەیەکی کراوە و ئازاد و دەرکەوتەیەکی چەند ڕوخساری‌یە. کاریزما جۆری زۆرە و لە شیکردنەوەی ئەو چەمکەدا باس لە کاریزمای ئەرێنی و نەرێنی و هەروەها زرەکاریزما دەکرێ. شایانی باسە، کە بەشێکی زۆر لە سیاسەتکارەکان هەوڵدەدەن لە کاتی پێویستدا خۆیان بە خاوەن کاریزما پێشان بدەن.

خەباتی رزگاریخوازنەی گەلانی جیهان و تەنانەت قوتابخانەی ئایینی و کولتوری‌یەکان تەژین لەو ڕەمز و خەباتکارانەی، کە بە نرخی ژیانی خۆیان ڕێبەرایەتیی ڕەوت و پرۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان کولتووریان کردوە. سەمبولەکان بە وێنە، گێڕانەوە و پەیامەکانیان وێنەیەکی کورت و پوخت لە باروۆخەکان پێشان دەدەن. بەشێک لە کاریزماکان لەگەڵ قوربانیدان و فیداکاری لە پێناوی گەل، ئازادی و خاکدا گرێدراون و تایبەتمەندیی گەورە دەبەخشنە مرۆڤە خاوەن بەهرە و ڕەمزەکان. ئەو جۆرە لە کەسە کاریزماکان سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی گەیشتن بە دوارۆژێک دەکەن، کە لەمڕۆ باشترە و هەڵگری ویستی زۆرایەتیی نەتەوەیەک یان کۆمەڵە خەڵکێکە. کاریزما نەتەوەیی و خەڵکی‌یەکان جیاوازن و هەر سیاسەتکار و ڕێبەرێک خاوەنی مەرجی بوونە کاریزما و سەمبولی گشتی نییە.

پرسی نەتەوەی کورد خاوەنی ڕەوایەتی یاسایی و سرووشتی‌یە، کە پاڵپشتی بەهێزە بۆ سەمبولە ئازادیخواز و نەتەوەییەکان. کوردەکان لە بەر نەبوونی دەوڵەت نەبوونە خاوەنی ڕەمز و سەمبولە فەرمی‌یە دانپێدانراوەکان، بەڵام وەک نەتەوەیەک خاوەنی کۆمەڵێک ڕەمز و سەمبولن، کە لە یەکتر جیاکردنەوەیان ئاسان نییە. قاسملوو یەکێک لەو ڕەمز و کاریزمایانەی کوردە، کە بە زۆر هۆکار لە دوای تیرۆرکرانی بە دەستی غەدر و خەیانەت، جێگە و پێگەی شیاوی پارێزراوە. لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٩٨٩ی زایینی، دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناوی دیالۆگ لە سەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی لە پێتەختی وڵاتی ئوتریش شەڵاڵی خوین کرد. لەو ڕووداوەدا، ستراتیژی ستەم و سیاسەتی ڕەشەکوژی دەوڵەتی ئێران و مەزڵومییەت و ڕەوایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیەکی ژێردەست کەوتنە بەرامبەرکێ.

کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوو لە پرۆسە و ڕەوتێکی درێژخایەن‌دا شکڵی گرت. ناوبراو لە بۆتەی کار و تێکۆشان و خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەی‌دا تایبەتمەندی‌یەکانی کاریزمایەکی ئەرێنی دەستەبەر کرد. کاریزمابوونی ناوبراو لە سەر بەستێنی بیری نەتەوەیی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیی مرۆڤ هەڵچنراوە. قاسملوو لە هەموو سیاسەتمەدارە کوردەکان جیاوازە، چونکە ئەو جیهانی بیری دەکردەوە و ناوچەیی هەڵسوکەوتی دەکرد. حیزبی دێموکرات و پاشخانی مێژوویی ئەو حیزبە، ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز دژ بە دەسەڵاتی نارەوا و داگیرکەر لە ئێران‌دا، هەڵوێست و سەربەخۆیی سیاسیی ناوبراو و حیزبی دێموکرات لە سەردەمی سکرتێری ناوبراودا و کەیسی تیرۆرکرانی ( ئەگەرچی هەڵەی تکنیکی لە وتوێژەکەدا هەبوو)، ناوبراوی کردە یەکێک لە سەمبولە ناسراو و دیارەکانی بزووتنەوەی کورد.

> کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوو لە پرۆسە و ڕەوتێکی درێژخایەن‌دا شکڵی گرت. ناوبراو لە بۆتەی کار و تێکۆشان و خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەی‌دا تایبەتمەندی‌یەکانی کاریزمایەکی ئەرێنی دەستەبەر کرد. کاریزمابوونی ناوبراو لە سەر بەستێنی بیری نەتەوەیی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیی مرۆڤ هەڵچنراوە. قاسملوو لە هەموو سیاسەتمەدارە کوردەکان جیاوازە، چونکە ئەو جیهانی بیری دەکردەوە و ناوچەیی هەڵسوکەوتی دەکرد. حیزبی دێموکرات و پاشخانی مێژوویی ئەو حیزبە، ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز دژ بە دەسەڵاتی نارەوا و داگیرکەر لە ئێران‌دا، هەڵوێست و سەربەخۆیی سیاسیی ناوبراو و حیزبی دێموکرات لە سەردەمی سکرتێری ناوبراودا و کەیسی تیرۆرکرانی، ناوبراوی کردە یەکێک لە سەمبولە ناسراو و دیارەکانی بزووتنەوەی کورد

قاسملوو حیزبی دێموکراتی بووژاندەوە و کولتورێکی تازەی لە حیزبایەتی و سیاسەت کردن هێنایە نێو ڕیزی حیزب. ناوبراو ئەندازیاری دیپلۆماسی کورد لە جیهانی ڕۆژئاوا و لێکگرێدەری خەباتی کوردان لەگەڵ جیهانی دەرەوە بوو. ئەو داهێنەری ڕەچاوکردنی هاوکێشەی ئەخلاق وسیاسەت و پاراستنی سەربەخۆیی بۆ حیزب بوو، کە هێشتا لە کوردستان‌دا کەمتر ڕەچاو دەکرێ. کاریزمابوونی قاسملوو لە خۆناسینی ڕژدی ناوبراو لە نەتەوەکەی، ناوچە و جیهان سەرچاوە دەگرێ. ئەو لە ڕێگای گەورەکردنەوەی خۆی و بیرۆکەکانی بەو پلەیە نەگەیشت، بەڵکو بە تێکۆشان دژی تاک پەرەستی و خۆپەرەستی، ناو و ڕێبازێکی لە دوای خۆی بەجێهێشت. ناوبراو لە سێ قۆناخی ژیان و لە سێ گۆڕەپانی نەتەوەیی، نێونەتەوەیی و حیزبی‌دا دەرفەتی دەرکەوتن و دەربڕینی بۆ ڕەخسا. ئەو ئازادی و نیشتمانەکەی خۆشدەویست و بەشێکی سەرەکی تەمەن و ژیانی بۆ تەرخان کردن. بایەخ و ئامانجەکانی قاسملوو لە گەڵ بایەخە جیهانی‌یەکان و چەمکە مرۆڤی‌یەکان یەکانگیر و هاوتا بوون. ئەو بە تێکۆشان و مەرگی، وێنەیەکی ساکار، لە مانا و بایەخە ئینسانی و مافە ڕەواکانی کورد دەخاتە بەرچاو.

پرسی بوونە کاریزما پشت بە هەست و کف و کوڵ دەبەستێ، بۆیە پێویستی بە خەملاندن و عەقڵاندن هەیە. ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی قاسملوو یان بزووتنەوەیەکی خاوەن کاریزما و جیاکردنەوەی خاڵە ئەرێنی و نەرێنی‌یەکان لە یەکتر، بە ڕێچکەی زیندوو هێشتنەوەی بیروباوەڕ یان ڕێباز و کولتووری ڕێبەرێکی خاوەن بەهرە دەناسرێن. کاریزما تایبەتمەندی‌یەکی دیاری هەیە، کە کەسانی لایەنگر و هاوڕێی هەوڵدەدەن وەک ئەو دەربکەون. بە واتایەکی دیکە، ئەرکەکان جیاوازن و کاریزما زیندوو و کۆچکردووەکان لە دوو دۆخی جیاوازدا دەژین، کە تەفسیرکردن و هەڵسەنگاندیان جیاوازە. ڕێبەرە کاریزماکان خاڵ و یاساکان دادەڕێژن و دواکەوتوو و جێبەجێکەری خاڵ بە خاڵی یاسا و ڕێسا نووسراوەکان نین. لە هێزێکی سیاسی‌دا مرۆڤی کاریزما دەربڕی وزە و توانای کۆمەڵە فاکتەر و ئەکتەرێکە، کە دەرفەتی دەرکەوتن و خۆدەرخستنیان بۆ ڕەخساندوە.

سەمبول و ڕەمزەکان بۆ تێگەیشتن لە جیهانی کوردان و درێژەی تێکۆشان و کارکردن بۆ گەیشتن بە مافەکان پێویستن، بەڵام ناکرێ کەڵکی نەرێنی لە وان وەرگیرێ. پرسی کاریزما کۆچکردووەکان ئاڵۆزترە و ڕێبوار و لایەنگرەکانیان لە سەر گواستنەوەی ئەو کاریزمایە بۆ جێگرەوەکانیان بە ئاسانی هاوڕا نابن. لە نێو حیزبی دێموکرات‌دا چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کەسایەتیی قاسملوو و میراتی کاریزماتیکی ناوبراو نەچۆتە چوارچێوەی پلان و بەرنامە و فازی تازە. چۆنیەتی درێژەدان یان گواستنەوەی کاریزما لە نێو ڕێکخراو و پارتێکی رزگاریخواز تایبەتمەندی خۆی هەیە. کەسایەتی کاریزماتیکی سەرکردەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیک پێوەندی بە چەندایەتی و چۆنیەتی ڕەچاوکردنی ڕێنوێنی و خوێندەوەکانی هەیە. لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوودا، گرینگە کە جێگرەوە و بڕیاردەرەکانی حیزبی دێموکرات، لە درێژەدان بە ڕێبازی کار و تێکۆشانی کاریزما کۆچکردووەکەیان مکوڕ و وەفادار بن. ڕەچاوکردنی ئەخلاق لە سیاسەت‌دا و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و کارکردن بۆ بە کولتوورکردنی ئازادی و مافە ڕەواکانی کورد لەو ئەرکانەن، کە دەکەوێتە ئەستۆی میراتگرانی قاسملوو.

قاسملوو هێشتا لە نێو ڕێڕەوان و ئۆگرانی حیزب و ئامانجەکانی‌دا بە کاریزمایەکی تاقانە دەناسرێ. باوەڕ و کولتوری سیاسەت و دەرهاویشتەی بەهرەکانی لە نێو کۆڕی ڕێبوار و لایەنگرانی‌دا بڕوا بەخۆبوون زیاتر دەکا و وزەی ڕێکخراوتر دەداتە تێکۆشانی بە کۆمەڵ. قاسملوو ڕێبەرێکی ورەبەخش و ئەرێنی لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا دەمێنێتەوە، بەڵام هەوڵدان بۆ دوور ڕاگرتنی بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانی لە ڕەخنەی لۆژیکی و خولقێنەر زەبر لە پرێستیژ و کەسایەتیی کاریزماتیکی ناوبراو و ڕێبوارانی دەدا. کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوو خۆکردە و تێکەڵ بە خوێن و فرمێسکی کوردانە. فیداکاری ناوبراو تەمەن سەوزە، بەڵام لایەنگر و ئۆگرانی نابێ ڕێرەوێکی بە درووشم بن، بەڵکو هاوڕێ و لایەنگرێکی خاوەن کردەوە و سۆزدار کە بە هەموو تواناوە وانە باشەکانی قاسملوو لە مەیدانی کار و تێکۆشاندا ڕەچاو بکەن.

بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا پێویستی بەو ڕەمز و سەمبولانەیە، کە بە سەرمایەی مەعنەوی و کۆکەرەوەی زۆرایەتیی کۆمەڵگا دەناسرین. قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتی‌یانەی کوردە، کە بە زۆر پێوانە و پێوەر کاریزمای گەلێکی ژێر دەست و چەوساوەیە. هێز و تاکە خاوەن کاریزما مێژووییەکان لە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن ناپرینگێنەوە و ڕەمز و ڕێبەرەکانیان دەبەنە نێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵک و لە بازنەی حیزب‌دا قەتیسی ناکەن. خەڵکی کوردستان و نەوەی تازە چاوەڕوانە، کە دێموکراتەکان چەندە و چۆن درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی یەکێک لە ڕەمزە دیار و ڕوخسارە ناسراوەکانی سیاسەت لە کوردستانن.

# هەموو ژیانی قاسملوو حیزبی دێموکرات بوو!



**کۆسار فەتاحی**

دەور و نەخشی کەسایەتی‌یەکی وەک د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کورد لە ئێران‌دا ئەوەندە کاریگەر و شوێندانەر بووە کە هەڵدەگرێ باسێکی تێر وتەسەلی لە سەر بکرێ. مرۆڤێک کە دەیتوانی وەک هەر مامۆستایەکی زانکۆ لە فۆرمی ئاکادیمیکی خۆی نەترازێ و لە سەر کورسی دەرسوتنەوەکەی نەیتە خوارێ و خۆی لە خەتەر و مەترسی خەباتێکی ڕاستەقینەی سیاسی‌یەوە نەگلێنێ. دیارە ئەوکاتیش هەر دەیتوانی قاسملوو بێت «منهای» چارەنووسێکی خوێناوی!

بۆچی ئەمەی نەکرد و چۆن ژیانی خۆی گرێ دا بە ژیانی پڕهەوراز و نشێوی حیزبی دێموکراتەوە؟ و گەلێک پرسیاری دیکەی لەم چەشنە زەین و مێشکی بە هەزاران ئینسانی تەنیوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان قاسملوو بە کاریگەرترین کەسایەتیی سیاسی و مەعنەوی لە ژیانی سیاسیی خۆیان‌دا دەزانن.

ئەگەرچی ئەوە بۆ بیست و حەوت ساڵ دەچێ کە کەسایەتی‌یەکی هەڵکەوتوو و بیرمەندێکی وەک د. قاسملوو بە جەستە لە نێو جەرگەی خەباتی سیاسی- چەکداری کورددا نەماوە، بەڵام قورسایی مەعنەوی و کاریگەریی بیر و ئەندێشەی ئەو لە بواری سیاسەت‌دا بە تەواوی هەست پی دەکرێ. ڕەنگە ئەگەر ئەو تیرۆرە نگریسە ڕووی نەدابا و قاسملوو شانسی ئەوەی هەبایە درێژە بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بدا، زۆر کێشە کە ئەمڕۆ بەرۆکیان بە حیزبی دێموکرات گرتووە، بە بوونی ئەو، کاریگەری و قورساییان لە سەر ڕەوتی کار و خەباتی حیزبەکەی دانەدەنا. ڕەنگە مرۆڤ بۆ چەسپاندنی ئەم ئیدعایە بتوانێ هەزار ویەک دەلیل بێنێتەوە، بەڵام لێرەدا تەنیا دەلیلێکی سادە بۆ باشتربوونی دۆخی ژیانی سیاسیی حیزب لە ژێر قورسایی ڕێبەری قاسملوودا دێنمەوە کە دەتوانێ ئەو وێنایەمان لا دروست بکا کە خوێندنەوەی پێشوەختی ڕووداوەکان، بنەماکانی شرۆڤەی سیاسی هەلومەرجی لە زەین و بیری قاسملوودا پێک دەهێنا. بەو واتایە کە نەخشە ڕێگای قاسملوو بۆ بە گژاچوونەوەی ڕووداوە نەخوازراوەکانی دوارۆژ، پشتیان بەو شرۆڤانە دەبەست کە ناوبراو بۆ هەلەمەرجەکەی دەکرد. وەک ئاماژە دەتوانم باسی دوایین وتاردانی د. قاسملوو بکەم بۆ پێشمەرگەکانی هێزی ئاگری لە شیمالی کوردستان. ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێتە ئەو قسانەی که قاسملوو لە وێدا بۆ پێشمەرگەکانی دەکا، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە ئەو خوازیاری بەرفراوانکردنی مەیدانی کار و چالاکی هێزی پێشمەرگە بووە و قسە لەوە دەکا کە ئەو جێگایانەی لە شیمالیترین ناوچەی کوردستانی ئێرانەوە تا جنووبیترینی کە تا ئێستا پێشمەرگە دەستی پێ‌ڕانەگەیشتووە، دەبێ ببێتە مەیدانی جەولە و عەمەلیاتی هێزی پیشمەرگەی حیزبی دێموکرات. بێگومان ئیدەی بە سەرانسەریکردنی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا لە ناو زەینی ئەو سکرتێرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەبووە.

لە سۆنگەی ئەم کورتە ئاماژەوە دەتوانم بپرژێمە سەر وەڵامی ئەم پرسیارە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ د. قاسملوو بکەین؟ پێم خۆشە بە خاڵبەندی ڕوانینیەکانی خۆم بخەمە بەرباس:

یەکەم، نەخش و دەوری ئەو ڕێبەرە تەنیا وەک هی سکرتێرێک نەبوو کە حیزبەکەی لە کۆنگرەیەکەوە بۆ کۆنگرەیەکی دیکە بگوازێتەوە. قاسملوو مێعماری حیزبی دێموکرات بوو. بە شاهیدی تەواوی ئەو ئەدەبیاتە نووسراوەی کە مێژووی حیزبی دێموکراتی لە خۆ گرتووە قاسملوو لە بەرنامەڕێژی و هەیکەلبەندی و دانانی ستراتیژی‌یەکی ڕوون و دیاریکردنی ئامانجی دوارۆژ و دێموکراتیزەکردنی ڕەوتی هەڵبژاردەنە دەروون حیزبی‌یەکانەوە بگرە تا موتوربەکردنی بەرنامەی سیاسی حیزب لەگەڵ بەها بەرزەکانی ژیانی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو وەک یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکان‌دا، بە ڕێکخراوکردنی هێزی پێشمەرگە کە لە فیرگە و ئامووزشگای نیزامی‌یەوە پێ بنێتە نێو جەرگەی خەباتی چەکداری‌یەوە و، هەروەها بایەخدان بە چینی هەژار وکرێکار و جێگیرکردنی تێزی سوسیالیزمی دێموکراتیک لە بەرنامەی حیزب‌دا و کردنەوەی دەرگا بۆ هاتنەناوەوەی نەوەی نوێ و خوێندەواری کورد و دوورکەوتنەوە لە ڕادیکالیزمی سیاسی هتد وەک تێۆریسیەن و ستراتیژیستێکی هەڵکەوتوو هاتە مەیدانەکەوە. سەرباری ئەمانە دانانی بنەمایەکی پتەو بۆ دیپلۆماسی کە جورئەتێکی گەورەی بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی بەخشی تا لە پێوەندییە سیاسی‌یەکانیان لەگەڵ حزب و لایەن ودەوڵەتەکان‌دا سەرکەوتووانە دەربکەون. بە تەعبیرێکی سادەتر قاسملوو حیزبی دێموکراتی بە سەرمایەیەکی گەورە دەبینی کە ریشەیەکی قووڵی لە دڵی کۆمەڵگەی کوردستان‌دا هەبوو، بۆیە لە سەر بنەمای ئەو سەرمایە مەزنە حیزبی دێموکراتی لە فۆرمێکی نوێ‌دا بووژاندەوە کە توانی لە سبەینێی دوای شۆڕشی خەڵکی ئێران‌دا ببێتە گەورەترین حیزبی کوردستانی و تەرەفی ڕاستەقینەی ململانێکان لەگەڵ حکوومەتی کوماری ئیسلامی‌دا. حیزبی دیموکراتی پێش قاسملوو پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبوو کە د. قاسملوو وەک مێعمارێکی لێزان حیزبی دێموکراتی نۆژەن کردەوە.

دووەم، ڕوانینی قاسملوو بۆ مێژووی دروستبوونی حیزبی دێموکرات، دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی حیزبەکەی سەردەمی پێکهێنانی کۆماری کوردستان، دەستبردن بۆ بەئازارترین زامەکانی جەستەی حیزب بە مەبەستی ساڕێژکردنیان و ڕەخنەی ڕیالیستیانە و بوێرانە لە کەموکوڕی‌یەکانی ئەو حیزبە، دەستەویەخەبوونی فیکری لەگەڵ مەیل ورەوتە ناسیونالسیتە توندئاژووەکان و دەستە و تاقمە بەستراوەکانی حیزبی توده و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی توانای خوڕاگری حیزب لە بەرانبەر هێژموونیخوازی ڕیکخراوی موجاهیدین‌دا و دەرکەوتنی سەربەرزانە لە هەلومەرجی قەیران و لە دەمی کارەسات‌دا کارێکی وای کرد کە ئەم حیزبە بتوانێ درێژە بە ژیانی سیاسی خۆی بدا. بۆیە مانەوەی حیزب لە دوای بڕینی ڕیگەیەکی درێژی پڕ کەند و لەندی زیاتر لە ٧٠ ساڵ قەرزاری زیرەکی قاسملوویە. قاسملوو حیزبەکەی خۆی فیرکردبوو کە پشت بە سیستەمی بەڕێوەبەری ببەستێ نەک بە ڕێبەر و سکرتێر. بۆیە ئەمە میراتیکی گەلێک دەولەمەندە کە بۆ تێکۆشەرانی حیزب ماوەتەوە.

سێهەم، ئەوەندەی بە کولتووری سیاسی حیزبی دێموکراتەوە دیارە، فەردپەرستی دیاردەیەکی بێگانەیە بەو حیزبە. ڕەسەنایەتیی میراتی قاسملوو لە فەردپەرەستی بەرییە. بۆیە نزیکبوونەوەی عاتیفی لە قاسملوو بە بێ دەرکی پەیام وئامۆژگاری‌یەکانی ناتوانێ دەرکێکی دروستمان لەو ڕێبەرە بۆ بەدەستەوە بدا. ئەگەرچی ناکرێ و ناتوانین خۆشەویستی کەسانی وەک ئەو لە ناو دڵی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان‌دا بە کەم بگرین، بەڵام بەکاربردنی ناوی د. قاسملوو بۆ داخستنی دەمی ڕەخنەگران نەک خزمەت بە گەشەکردنی ئازادیی ڕادەربڕین ناکا، بەڵکوو ڕاست لادانە لە ڕێرەو و ڕێبازی فیکری و سیاسیی ئەو. ئەرکی گەورەی ڕێبوارانی ریگای قاسملوو ئەوەیە کە لە ریگای وردبوونەوە و قووڵبوونەوە لە ئەندێشەکانی‌دا بتوانن ئەو ڕەگە بەهێزانە پەیدا بکەن کە لەگەڵ پلورالیزمی سیاسی، فرەچەشنی لە بیرکردنەوەدا، شیوازی موناقشەکردنی مابەینی بیروڕاکان، بە ڕەسمی‌ناسینی پێگەی ڕەخنە لە دەرەوە و ناوەوەی حیزب‌دا وهاوکات پتەوکردنی بنەماکانی دێموکراسی لە ژیانی سیاسی حیزبی دێموکرات‌دا، هەم کولتوورێکی دێموکراتیک و سەردەمیانە کە ریشەکانی لە نێو خودی حیزب‌دا دەبینرێن گەشە پێ‌بدەن و هەم تاکی کورد لەگەڵ ئاسۆکانی ڕوانینی قاسملوو و ئەو ڕێبازەدا ئاشنا بکەن کە قاسملوو لە پێناوی‌دا گیانی بەخت کرد.

# قاسملووی ئاکادێمیک



سۆران عەلیپوور

که ناوی قاسملووی شەهید دێتە سەر زمانان، بەبێ ویست وێنەی کەسایەتی‌یەکی سیاسی لە زەینی بەردەنگدا دەنەخشێ، ئەوەش بە بێ هۆ نیە، قاسملوو زۆربەی ژیانی خۆی بۆ سیاسەت یان بە دەربڕینێکی دیکە وەک بۆخۆی دەڵێ بۆ لابردنی ستەم تەرخان کردبوو. سیاسەت و سیاسەتکاری بۆ کوردان لە یەکەم تێڕوانیندا هونەری بەڕێوەبردنی وڵاتێک نیە، بەڵکو زیاتر هونەری بەرەنگاربوونەوە و چەسپاندنی ناسنامەیە. گوتاری باڵای بەرەنگاریی زۆربەی مەودا مەدەنی و فەرهەنگی‌یەکانی دیکە و تەنانەت ژیانی ئاسایی خەڵکیش دەباتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، لانیکەم لە ڕووی ئەزموونی‌یەوە ئەو بانگەشەیە پشتیوانی زۆرە. لەوانەیە د. قاسملووی شەهید نموونە و بەڵگەیەکی بەرچاو بێ. ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە لە مەیدانی ئاکادێمیادا ئەسپی خۆی تاو دابوو و لە سەردەمێکدا نامەی دوکتوراکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر کوردستان پێشکەش کردبوو، کە کتێبخانەی کوردی لەو بارەوە یەکجار دەستکورت و هەژار بوو، ئەو لە خەباتی سیاسیی خۆشی‌دا بە نەفەسێکی ئاکادێمی دەینووسی و دەئاخاوت، لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی‌دا تەنها مێژووی سیاسی حیزبێک نانووسێتەوە بەڵکو هاوکات بە شێوەیەکی بابەتیانە تێکستێکی دەوڵەمەندی پڕ لە فاکت، لێکدانەوە و ئەنجامگیری پێشکەش بە خوێنەری کوردی دەکا.

لەوانەیە لە بنەڕەتەوە لێکجیاکردنەوەی قاسملووی ئاکادێمیک کە سەردەمانێک لە زانکۆکانی پراگ ، فەرانسە و بەغدا خەریکی لێکۆڵینەوە و وانەبێژی بوو لە گەڵ قاسملووی سیاسی کە لە دەریای پڕ گێژەن و تۆفانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەیویست کەشتی کوردان بگەیەنێتە کەنار، زۆر ئاسان نەبێ، ئەوەش بە چەند هۆکارێک: یەکەم ئەوەی کە لە کوردستاندا گوتارێکی زاڵی بەرەنگارخوازی نەتەوەیی هەیە، ئەو گوتارە لەوانەیە کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئیدۆلۆژی جۆراوجۆر، بەڵام نێوەرۆکی ناسنامەخوازی خۆی ون نەکردووە. د. قاسملووش نەک هەر لە ژێر کاریگەری ئەو گوتارە زاڵەدا بووە بەڵکوو لە تیۆریزەکردنی ئەو گوتارە و خەباتی سیاسیی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا بەشی شێری وەبەرکەوتووە. هۆکاری دووهەم ئەوەیە کە د. قاسملوو نووسینە ئاکادێمیەکانی بە نەفەسێکی کوردانە نووسیوە و نووسینە سیاسیەکانیشی بە نەفەسێکی ئاکادێمی داڕشتووە، ئەو پەیوەندیە ئۆرگانیە لە نێوان قاسملووی سیاسی و قاسملووی ئاکادێمیکدا لە ژیانی ئەو کەسایەتی‌یەدا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ. دوایین هۆکار کە هۆکارێکی سوبژێکتیوە، پەیوەندی بە توانایی د. قاسملوو لە ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان دژبەرەکاندا هەیە، ئەو هاوکات لە چەندین پانتاییدا کاروچالاکی دەکرد، بۆیە ئاکادێمیبوونیش یەکێک لەو خەسڵەتە بەرچاوانەی بوو، کە نەدەکەوتە دژایەتیی لەگەڵ شۆڕشگێڕبوونێکی ڕادیکاڵانە. مارک کراویتز لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی «قاسملووی ژێر و زانا، سەفیرێکی هەڵسوور بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یار و یاوەر»دا دەنووسێ: ئەو بە هاسانی دەیتوانی توندوتیژی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسی – چەکدارانە لەگەڵ شک و گومانێکی سەرچاوەگرتوو لە ژیانی زانستی خۆی ئاوێتە و یەکانگیر بکا»(ڕۆژنامەی لیبراسیۆن،٧ی ئوتی ٨٩). ئەو هۆکارە سۆبژێکتیڤە کاتێک دەبێتە ئەرگۆمێنتێکی بەهێز کە بە دیدێکی بەربڵاوترەوە لە کەسایەتیی قاسملوو بڕوانین، ئەو لە یەککاتدا ئازادیخوازێکی



باکگراوندی ئاکادێمی د. قاسملوو لە چەند ئاستدا خزمەتێکی گەورەی بە خۆی، بە حیزبی دێموکرات و سەرەنجام بە پرسی کورد کردووە، ئەو پاشخانە زانستی‌یە و کاریگەری‌یەکانی لە زۆربەی نووسین و ئاخاوتنەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەکانی‌دا هەست پێ دەکرێ و دەناسرێتەوە. بۆ نموونە لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی‌دا هەموو بنەماکانی نووسینەوەیەکی زانستیانەی مێژوو ڕەچاو دەکات، لەگەڵ ئەوەدا کە خەباتی شاخ و دووردەستی لە سەرچاوە و بەڵگەکان کێشەی بۆ دروست دەکا، بەڵام بێلایەنی و ئۆبژێکتیڤ بوونی خۆی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەپارێزی، هەرچەند پێی وایە ئەو بێلایەنی‌یە کارێکی ئاسان نیە، بە تایبەت ئەگەر مێژووی حیزبێک بنووسیەوە و بۆخۆشت ئەندامی ئەو حیزبە بی

ڕادیکاڵ، ئاشتیخوازێکی دێموکرات، مرۆڤێکی ئەدەبدۆست و خۆشڕاوێژ، سیاسی‌یەکی وردبین و دیپلۆماتێکی زمانزان بوو، کەواتە تەنیا قاسملووی ئاکادێمیک نەبوو کە ئەو کەسایەتیەی گەیاندبووە لوتکە، لەگەڵ ئەوانەدا دەبێ پێگەی کۆمەڵایەتی و کۆنتێکستێک کە قاسملوو چالاکی تێدا دەکرد لەبەرچاو بگرین.

باکگراوندی ئاکادێمی د. قاسملوو لە چەند ئاستدا خزمەتێکی گەورەی بە خۆی، بە حیزبی دێموکرات و سەرەنجام بە پرسی کورد کردووە، ئەو پاشخانە زانستی‌یە و کاریگەری‌یەکانی لە زۆربەی نووسین و ئاخاوتنەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەکانی‌دا هەست پێ دەکرێ و دەناسرێتەوە. بۆ نموونە لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی‌دا هەموو بنەماکانی نووسینەوەیەکی زانستیانەی مێژوو ڕەچاو دەکات، لەگەڵ ئەوەدا کە خەباتی شاخ و دووردەستی لە سەرچاوە و بەڵگەکان کێشەی بۆ دروست دەکا، بەڵام بێلایەنی و ئۆبژێکتیڤ بوونی خۆی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەپارێزی، هەرچەند پێی وایە ئەو بێلایەنی‌یە کارێکی ئاسان نیە، بە تایبەت ئەگەر مێژووی حیزبێک بنووسیەوە و بۆخۆشت ئەندامی ئەو حیزبە بێ. د. قاسملوو لەو کتێبەدا هەلومەرجی پێش ڕووداوەکان بە خوێنەر دەناسێنی، هۆکار و کاریگەریەکان بە میتۆدێکی لۆژیکی پۆلێن دەکا و دەیانناسێنێ. کەواتە ئەزموونی زانستیی بەرچاوروونی‌یەکی زۆری بە د. قاسملوو داوە لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانی‌دا، باڵانسێک کە لە نێوان جەمسەرە سیاسی و شەپۆلە ئیدۆلۆژیەکان‌دا دروستی دەکرد، ڕیشەی لە خوێندنەوەی ئاکادێمی ئەو مرۆڤە بۆ ڕووداو و دیاردەکان دا هەبوو.

ئەو سەرمایە بۆ حیزبی دێموکراتیش بەکەڵک بوو، وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە سیاسەتی سەربەخۆ و ئەخلاقگەرایانە، ،باوەڕ هەبوون بە دێموکراسی نەک هەر تەنیا وەک ئیدۆلۆژی بەڵکو وەک فەرهەنگ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و باوەڕهەبوون بە مافەکانی ژنان، چۆنیەتیی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان و پاراستنی بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان بکەین. ئەو بە هەمان نەفەسی پێداگۆگیانە کە وانەکانی ئابووری لە زانکۆ دەکوتەوە، لە چیاکانی کوردستان‌دا بەشداری دەورەکانی سیاسی پێگەیاندنی کادری دەکرد و لەوێش ڕۆڵی مامۆستایەکی دەگێڕا، باسەکانی لەسەر ئابووریی سیاسی بەڵگەیەکی دیارن بۆ ئەو بانگەشەیە.

لە سەر ئاستی نەتەوەیش‌دا جێ‌پەنجەی سەرمایەی زانستی و ئاکادێمی د. قاسملوو لە ناساندنی مەسەلەی کورد بە کۆڕ و کۆمەڵی جیهانی‌دا دیارە و پەیوەندی‌یە و ئاوەزمەندانە دەستنیشان دەکا و ئەنجامگیری دەکا. ئەو ڕەواڵی کارکردنە لە دەقی «کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک» و ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەکانی حیزب‌دا و زۆر وتاری دیکەش‌دا بە تەواوی هەستی پێ دەکرێ. ستراکتۆرێک لە دابەش‌کردنی بابەتەکان‌دا هەیە، دەقەکان چڕوپڕن و بە زمانێک نووسراون کە خوێنەر پەیامەکان وەردەگرێ، گرێ و گۆڵ لە نووسینەکان‌دا نین و سەر لە خوینەر ناشێوێنێ. باسەکان تایبەتیەکانی لەگەڵ کەسایەتی‌یە ئاکادێمیەکان‌دا و ئەزموونی کارکردن و توێژینەوەکانی تۆڕێکی بەربڵاوی پەیوەندی بۆ کوردان دروست کردبوو. کاریگەریی ئەو پەیوەندیانە لە نەهادینەکردنی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوای زیاتر لە دوو دەیە بە ئاشکرا دەبینرێن. ئەرکێکی دیکە کە د. قاسملوو بە سەرکەوتوویەوە بەجێی گەیاند چۆنیەتیی ئاوێتەکردنی خەباتێکی ناسیۆنالیستی لە فۆرمی چەکداری‌دا لەگەڵ ئەرزش و بەها جیهانیەکان‌دا بوو، ئەوە یەکێک لە کارە ئەستەمەکانی ئەو سەردەمە بوو، د. قاسملوو لێرەش‌دا دەبوو بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوە زانستی‌یەکانی و سنوورەکانی نێوان بزووتنەوەیەکی چەکداری دێموکراسیخواز لەگەڵ ئامانجەکانی گروپە تیرۆریستی‌یە چەکدارەکان لێک جیا بکاتەوە، لەوانەیە لە نێوخۆدا ئەوە باسی ڕۆژ نەبووبێ، بەڵام سەلماندنی ئەو ڕاستی‌یە بە دنیای دەرەوە لەو سەروبەندەدا کارێکی دژوار بوو.

جیاوازی‌یەک کە د. قاسملوو لەگەڵ زۆر ئاکادێمیکی دیکە هەیبوو ئەوەبوو کە ئەو بۆ گەیشتن بە ویستەکانی تەنیا لە چوارچێوەی دیوارەکانی زانکۆ و تیۆری و کتێب دا نەمایەوە و بە پراکتیکیش ڕووی کردە چیاکانی کوردستان و ئەوەی لە تیۆری‌دا باوەڕی پێی هەبوو لە پراکتیکیش‌دا هەوڵی بۆ دەدا. وەک هەر کەسایەتی‌یەکی ئاکادێمی ئاواتی د. قاسملوو ئەوە بوو کە بتوانێ خەریکی توێژینەوە و خوێندن و نووسین بێ و کاتی خۆی بۆ ئەدەب و مێژوو تەرخان بکا، بەڵام ئەو ئاواتە بە بێ وەدیهاتنی مافە سەرەتاییەکان زیاتر لە خەونێک دەچوو، ئەو وەک کوردێک بەرپرسایەتی‌یەکی گەورەتری لە ئاست کوردستان‌دا هەبوو، لە وتووێژێک‌دا لەگەڵ هەواڵنێری بی بی سی بێهرۆز یوسف زاددا پەردە لەسەر ئەو خۆزگە و ویستە تاکەکەسیانەی خۆی هەڵدەداتەوە دەڵێ:

«من ئەگەر ئێستا بمیتوانیبایە بۆخۆم بڕیار بدەم، پیم خۆش بوو خەریکی زانست بام و کارم لە سەر مەسەلە ئەدەبی و فەرهەنگی‌یەکان کردبا، هیوادارم هەلومەرجێک بێتە پێش کە وڵاتەکەمان ئارام بێتەوە و ئەمن لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستان‌دا بۆ وێنە گوندی قاسملوو، ڕەنگە ئێوە نەزانن کە گوندێکی ئاوا هەیە. ئێمە ناوی خۆمان لەو گوندە وەرگرتووە، دانیشم و هەتا ماوم بخوێنمەوەو بنووسم.» (کوردستان .ژ٥١٤)

سەرەرای ئەوەی کە ئەو خۆزگەیەی د. قاسملوو تا ئێستاش هەر وەک خۆزگەیەک ماوەتەوە، بەڵام ئەو لە ژیانی سیاسی خۆی‌دا کەڵکی لەو سەرمایە زانستی و پاشخانە ئاکادیمیە وەرگرت و لەو ڕێگەیەوە گوتاری سیاسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بە شێوەیەکی مۆدێرن و دێموکراسیخوازانەی گونجاو لەگەڵ پێوەر و بەها جیهانی‌یەکان‌دا داڕشتەوە، تەنانەت لە دوایین دانیشتنەکانی‌دا لەگەڵ نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی‌دا ئەو تۆنە ئاکادێمیە لە ڕوونکردنەوەی داواکانی حیزبی دێموکرات‌دا و باس لە داهاتووی ئێران‌دا بە ڕوونی دێتە بەرگوێ، تۆنێک کە لەوێ دوای چەند دەنگی کپکراوی دەمانچەیەک بێدەنگ دەکرێ، بەڵام بۆ هەمیشە لە یادەوەری نەتەوەیەک دا دەمێنێتەوە.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و «سندروم ستۆکۆڵم»



حەسەن شێخانی

هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا، هەڵسوکەوتێکی داگیرکاری‌یە. مامەڵەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خاک و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مامەڵەی حکوومەتێک نییە کە خاک و خەڵکەکەی لە خۆی بزانێ. بەڵکوو لەگەڵ خاکەکەی وەک سەرزەمینێکی داگیرکراو و، لەگەڵ خەڵکەکەشی وەک خەڵکی یەخسیر و بن‌دەست مامەڵە دەکا. ڕۆژ نییە کە لە سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڵبەرانی کورد نەکەونە بەر دەستریژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و لێیان نەکوژرێ؛ خەڵکانێک کە لە پێناو دابین کردنی بژیوی ژیان، گیانی خۆیان دەخەنە مەترسی. کۆماری ئیسلامی نەتەنیا لەگەڵ خەڵکی ئەم سەرزەمینە وەک کۆیلە هەڵسوکەوت دەکا و ڕۆژانە بە بیانووی جۆراوجۆر کوشتاریان دەکا، بەڵکوو سەرچاوە ژێرعەرز و بن‌عەرزەکەشی تاڵان دەکا؛ ژینگەکەی لە نێو دەبا؛ لەم ساڵانەی داویی‌دا لە وەرزی هاوین‌دا بە بەردەوامی شاهیدی سووتانی سەدان و بگرە هەزاران هێکتار لە دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین. کۆماری ئیسلامی هەندێک جار دەستی هەیە لە سووتاندنی ئەو دارستانانەدا؛ تازە ئەگەر دەستیشی نەبێ هەرگیز وەک حکوومەتێکی بەرپرس یارمەتی ژینگەپارێزان نادا بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکان. ئێستاکە بابەتی ڕاگواستنی ئاوی چۆمی ژێی بچوک بۆ دەریاچەی ورمێ لەئارا دایە کە کارەساتێکی ژینگەیی بۆ شارەکانی سەردەشت و پیرانشار بە دوای خۆیدا دێنێ و ئێکۆسیستمی سروشتیی ژیانی زیاتر لە نیو میلیۆن کەس لەگەڵ قەیران بەرەوڕوو دەکا. ئەمە تەنیا نموونەیەکە لە گوێ‌نەدانی حکوومەت بە پاراستنی ژینگەی کوردستان و کردەوە زیانبارەکانی.

کۆماری ئیسلامیش وەک ڕێژیمی پاشایەتیی لەنێوچوو ئیدیعا دەکا کە هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە چوارچێوەی جوغرافیایی «ئێران»دا دەژین هاووڵاتی ئێرانن! ئەم ئیدیعایە ئەگەر ڕاست بێ، دەبێ هەڵسوکەوتی وەکیەک لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکانە بکرێ کە لە چوارچێوەی ئەو یەکە جوغرافی‌یەدا دەژین. بەڵام هەروەک ئاماژەی پێکرا ئەم ئیدیعایە فڕی بە ڕاستی‌یەوە نییە و کۆماری ئیسلامی نەتەنیا لە کوردستان ستەمی چەندقات بەڕێوە دەبا بەڵکوو تەنیا دیتنی دیمەنی کۆڵبەران و وڵاغەکانیان کە ڕۆژانە دەکەونە بەر دەستریژی گوللە و لە سەر عەرز دەکەون، مرۆڤ دەخاتەوە بیری سەردەمی نامرۆڤانەی کۆیلەداری سەدەکانی پێشوو.

بەو پێیەی کە باس کرا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بەتێکڕایی هەست بە بەرپرسایەتیی ئەخلاقی- مرۆیی و هەروەها سیاسی بکەن و لە ژێر چەتری گرێبەستێکی نەتەوەیی‌دا بۆ داماڵینی زنجیری کۆیلەیی و ڕزگاریی مرۆڤایەتیی پێشێل‌کراو لە نیشتمانی خۆیان‌دا هەوڵ بدەن. زۆر ناسرووشتی‌یە ئەگەر (بەشێک لە) خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نەهێشتنی ئەو دۆخە نامرۆڤانەیە تێ‌نەکۆشن و بەشێک لەوان یارمەتی کۆیەدار و داگیرکەر بدەن.

پرسیار ئەوەیە بۆچی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەموو مافەکانیان بێ‌بەشن و لەو دۆخە کارەساتبارەدا دەژین؟ زۆر جار هۆکاری بندەستی خۆمان دەخەینە ئەستۆی لایەنەکانی دیکە وەک دراوسێکان، وڵاتانی ناوچە و هاوکێشە جیهانی‌یەکان. زۆر جار هۆکاری دەرەکی لە دواکەوتنی پرسی کورددا ئەوەندە زەق دەکەینەوە کە دەڵێی خۆمان هیچ خەتایەکمان لەم نێوەدا نییە! ئەم میتۆدی لێکدانەوەی پرسەکان، میتۆدێکی ناتەواو و جێی ڕەخنەیە. بۆ خەسارناسیی ڕەوشی هەنووکەیی کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە ئاوڕێکی جیددی لە خۆمان بدەینەوە و بزانین چ کێشە و کەمایەسی‌یەکمان هەیە. دیارە لێرەدا بە هیچ شێوەیەک ڕەهابێژی ناکەین و تەنیا شرۆڤەیەکی ڕێژەیی دەخەینەڕوو.

ئێپیزۆدی یەکەم: «بەکرێگیراو»ی ڕێژیم لە شەڕ لەگەڵ دەستەیەک لە مرۆڤی بەهەڵوێست و ئازادیخواز دەکوژرێ. دەستەیەک مرۆڤ کە ئامانجیان پچڕانی زنجیری کۆیلەتی‌یە لە ملی ئەو بەکرێگیراوەش‌دا. ژمارەیەک لە خەڵک لە ڕێورەسمی ناشتنی‌دا بەشداری دەکەن! هەر دەڵێی کە جێی دوو لایەنی کێشەکە گۆڕاوە و ئەو خەڵکە دەیانەوێ مرۆڤێکی بەهەڵوێست و فیداکار بنێژن!

ئێپیزۆدی دووەم: دوو پێشمەرگە لە ئەنجامی تێکهەڵچوون لەگەڵ داگیرکەرانی نیشتمانیان لە تیمەکەیان هەڵدەبڕێن و چەند ڕۆژ لە دەورووبەری ئاواییەکانی نزیک لە شوێنی تێکهەڵچوونەکە دەمێنەوە کە دواتر لە ئەنجامی ڕاپۆرتدان و هاوکاریی بەکرێگیراوانی خۆجێیی‌دا شەهید دەکرێن. دوو پێشمەگەیەک کە ئامانجیان ئیرادەبەخشین بە میللەتەکەیان و نەجاتی مرۆڤایەتیی پڵیشاوە لە نیشتمانەکەیان دایە؛ ئامانجێکی ئەخلاقی، مرۆیی و پاشان نەتەوەیی و سیاسی.

ئاکامگیری

هەروەک ئاماژەی پێ‌کرا ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زیندانێک دەچێ کە زیندانڤانەکەی کۆماری ئیسلامی‌یە کە بە هاوکاری و پشتگیریی ژمارەیەک لە زیندانی‌یەکان، خەڵکەکەی لە یەخسیری‌دا هێشتۆتەوە.

ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کەحیکایەتی بەشێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو بەسەرهاتە دەچێ کە بوو بە هۆی ئافراندنی دەستەواژەی «سندروم ستۆکۆڵم». بەشێک کە هەرچەند لە کەمایەتی دایە بەڵام ژمارەیان جێی سەرنجە. بەشێک لە خەڵک کە تووشی چەشنێک نەخۆشی دەروونی بووە، مێشکی شۆراوەتەوە، لە جیاتی ئەوەی‌کە یارمەتیدەری ڕزگاریدەرانی خاک و خەڵکەکەی بێ، دەکەوێتە خزمەت زیندانڤان و ئەوانەی کە میللەتەکەیان بە بارمتە گرتووە. ئەو بەشە لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕادەیەک لە ڕووی مرۆیی و ئەخلاقی‌یەوە داڕووخاون کە هەستێکی نەرێنی‌یان بە نیسبەت ئەوانە هەیە کە دەیانەوێ نەجاتیان بدەن. بە پێچەوانە و بە شێوەیەکی ناسرووشتی هەستی ئەرێنی‌یان بە نیسبەت زیندانڤان(داگیرکەر) هەیە و لە هۆکار و هەڵسوکەوتەکانی داگیرکەر پشتیوانی دەکەن. ئەمەیە هۆکارێکی لە بن‌دەستی‌دا مانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

# قاسملوو، ڕێبەرێکی واقیعبین



**برایم چووکەڵی**

ئێوارەیەکی درەنگی ئەنگوستە چاو، پێشمەرگە بە لاپاڵێکی دەڤەری حەوتەوانەی بانە بە بەرزاییەکی کە ٥ ناوچەی بانە، سەردەشت، سەقز، مەهاباد و بۆکانی لێوە دیار بوو، ڕیزیان بەستبوو، بەرەو گەورکایەتی مەهاباد دەرویشتن، لەو بەرزاییە شۆقی چراکانی شار و گوندەکان بریقەبریقیان دەدایەوە، پێشمەرگە خەیاڵ هەڵیگرتبوو و بیری لە نان و ئاو و چوونە نێو خەڵک دەکردەوە کە بە دیتنیان هەموو دەحەسانەوە. سەعات دووی شەو بوو لە دۆڵەدرێژی پشتی مووسێ لە چۆمی «بناوەرەشان» وەک هەمیشە بارگەوبنەیان کردەوە و لە تاشەبەردێک دەگەڕان کە بەیانی سەریان لە بن سێبەرەکەیدا بێ، بەڵکوو خۆر زوو لە خەو ڕاستیان نەکاتەوە. بەیانی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ جێژنی قوربان بوو پێشمەرگەکان نەک هەر نانیان پێ نەبوو، بەڵکوو لەو شوێنە ئاوێکی زۆر خاوێنی فێنکیشی لێنەبوو، سەرەڕای ئەوە چەند ئاژەڵێکیان هێنا و ڕاستەوپاستەیان کرد و بێنان دەستیان کرد بە برژاندن، وەک عادەتی هەموو ڕۆژێ سەعاتی ١٢ و نیوی نیوەڕۆ لە چەند رادیۆی بچوک کۆدەبوونەوە کە گوێ بۆ هەواڵەکانی رادیۆ دەنگی کوردستان ڕابگرن، بە نەبوونی دەنگی شمشاڵی قالەمەڕە و خوێندنەوەی سروود، پێشمەرگە کەوتنە دەنگەدەنگ، کەمێک دواتر بۆمان دەرکەوت کە بە ناو دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە کردەوەیەکی پڕشوورەییدا لە سەر مێزی بەناو وتووێژ دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی شەهید کردووە. بە ڕوودانی ئەو کارەساتە خوێناوییە کە لە ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش ڕوویدا، دۆستان و لایەنگرانی گەلی کوردی لەسەرانسەری جیهان بەگشتی و گەلی کوردی بەتایبەتی لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەژاند، تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە ٣ کەس بوون، ڕاستەوخۆ لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ تیرۆری ڕێبەرانی حیزب و هاوڕێیانی ڕەوانە کرابوون. ئەگەر بمانهەوێ باسی کارنامەی کۆماری ئیسلامی بکەین تا ئێستا زۆر باس لە کردەوە تێرۆریستیەکانی کراوە و بە دەیان و سەدان بەڵگەی ڕوون بۆ ئەو کردەوە قێزەونانەی خراوەتە ڕوو، هەروەها لە سەر شەهید بوونی ڕێبەری شەهیدمان زۆر لایەنی ئەو جینایەتە سامناکە باس کراوە، بەڵام بە پێویستی دەزانین لە سەر هێندێک خاڵی گرینگی ڕوانگەی ڕێبەری شەهیدمان لە ساڵیادی شەهید بوونیدا پێدابگرینەوە. شەهید دوکتور قاسملوو تا کاتی شەهیدبوونی خزمەتێکی گەورەی بە نەتەوەی کورد کرد و شەهیدبوونەکەشی ئەو ڕاستییەی دەرخست کە کەسایەتییە گەورەکان بە مردنیان شوێنەواری زۆر گەورە لە سەر خەڵک و نەتەوەکەیان دادەنێن، ئەو لە سەردەمی خەبات و تێکۆشانی سیاسیدا خزمەتێکی گەورەی بە حیزب و نەتەوەکەی کرد، کاردانەوەی شەهیدبوونەکەشی هێندەی دیکە گەلی کوردی بە دنیا ناساند. نامەی هاوخەمی گەلانی دنیا و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان سەبارەت بە کارەساتی ڤییەن دەری دەخا کە نەمر دوکتور قاسملوو خاوەنی کەسایەتییەکی بەرز سیاسی لە ئاستی جیهاندا بووە.

**پاراستنی ڕوحیە لای دوکتور قاسملوو**

تایبەتمەندیی ڕێبەری کارامە لەوە دایە کە لە کاتی تەنگانەدا، میتۆد و میکانیزمی دەربازبوون لە تەنگوچەڵەمەکان بخاتە ڕوو. کاتێک بزووتنەوە یان میکانیزمی دیپلۆماسی و تەنانەت بزووتنەوەی چەکداری، کارایی ئەوتۆی نامێنێ یان لە کزی دەدا، ئەوە سەرکردەی لێزان و کاریزمایە کە دەبێ ڕوحیەی خۆی بپارێزێت و وره بە هاوسەنگەرەکانی ببەخشێ؛ ئەو هاوسەنگەرانەی لە ڕەوتێکی دێموکراتیکدا بڕیاریان داوە ئەو سەرکردەیە سەرکردایەتییان بکا. دوکتور قاسملوو لە گۆڕینی میکانیزم لە دۆخە جیاوازەکاندا کەسێکی کارامە و لێهاتوو بوو. هەمیشە ئەو کردەوەیەی سەرکردەیەک دەبێ لەکاتی پێویستدا بیکا، ئەگەر تەنانەت گیانیشی لەپێناویدا فیدا بکردایە، جێبەجێی دەکرد. وره بەخشین بۆ پاراستنی ڕوحیەی هاوسەنگەرەکانی یەکێک لەخسڵەتە بەرزەکانی نەمر دوکتور قاسملوو بوو. دوکتور قاسملوو دەیویست بە هاوسەنگەرەکانی بڵێ کە دێموکراتێکی ڕاستەقینە هەم دەتوانێ دیپلۆماتێکی کارامە بێ، هەمیش پارتیزانێکی نەسرەوتوو. ئەو لە واقیعدا درێژدەری ڕاستەقینەی ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد بوو، چونکە هەردووکیان شەهیدبوونیان نەک نائۆمێدی بەدوای خۆیدا نەهێنا، بەڵکوو ڕوحیە و ورەی نەتەوە و هاوسەنگەرەکانی بەرز کردەوە و، ئەوەی بەکردەوە سەلماند کە شۆڕشگێڕ بوون و دیپلۆماتبوون و تەنانەت شەهیدبوونیشی دەبێتە هۆی بەرهەڤبوون و زیاتر ناساندنی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان. هەر ئەوەش وایکردووە کە درێژەپێدەرانی ڕێگەکەی ئێستاش لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناو ڕوحیەدان بە ئەندامان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەی هەموو گیانفیدای و لەخۆبردوویەکن. شەهید دوکتور قاسملوو لە سەرەتای لاوییەوە هەوڵی بۆ لابردنی زوڵم و ستەم داوە تا کاتی شەهیدبوونی ئەو تایبەتمەندییەی ئالوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە و بەردەوام خەباتی بۆ کردووە، ئەو هەمیشە خۆشبین بووە لە سەختترین هەلومەرجدا ڕوحیەی خۆی پاراستوە.

**دێموکراسی وەکوو کردارێکی شۆڕشگێڕانە**

لە مێژووی سیاسیی جیهاندا دەگمەنن ئەو ڕێبەرانەی دێموکراسی وەکوو میکانیزمی ڕزگاری و ڕێبازی دوای ڕزگاربوون سەیر بکەن، زۆربەی بزووتنەوەکان لە جیهان ڕەواییان بەهەموو توندوتیژی و کردەوەیەکی نادێموکراتیک لە پێناو بەئەنجام گەیشتنی خەباتەکەیان داوە، هەمیشەش و یان لانیکەم زۆربەی کات شۆڕشگێڕەکان پاش گەیشتن بە دەسەڵات بوونەتە دیکتاتۆر و، لە سەر میراتی خەباتە ڕەواکەیان بوونەتە سەرکردەیەکی داپڵۆسێنەری خۆسەپێن، بەڵام دوکتور قاسملوو بە پێچەوانەوە دێموکراسی وەکوو ڕێگەی ڕاستەقینە بۆ ڕزگاری و ڕێبازی ژیان بۆ بەختەوەرکردنی گەل لەدوای ڕزگاری چاو لێدەکرد. لە نێوخۆ و دەرەوەی حیزب، باوەڕێکی پتەوی بە دێموکراسی وەکوو میکانیزمی سەرەکیی خەبات هەبوو، لە نێوخۆی حیزب هەموان دەیانتوانی هەموو قسەیەک و هەموو پێشنیارێک بۆ سەرخستنی خەبات بکەن و، کۆنگرە یەک لەدوای یەکەکانی دێموکرات سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. جاری وا هەبوە لەژێر تۆپبارانی دوژمن و لە تاراوگە و لە نێو شاخ و بەندەندا، کۆنگرە بەستراوە. لە دەرەوەی حیزبیشدا دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو باوەرە بوو کە دەبێ لە نێو ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم هاوفکر و هاوخەبات بدۆزێتەوە و لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران کار بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا بکەن. دوکتور قاسملوو باش لەوە تێگەیشتبوو کە ئەگەر کورد لەئێراندا بمێنێتەوە، دەبێ گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی پێشوو و تەنانەت حاکمییەتی ئێستادا بکا و بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران یەکگرتوو و هەماهەنگ بێ، جا ئەگەریش کورد بڕیاری جیابوونەوە و بوون بەدەوڵەت بدا، پێویستی بەدراوسێی دۆست هەیە. هەر بۆیە دێموکراسی لای دوکتور قاسملوو هەم میکانیزم بوو، هەمیش ئەنجام.

**کوردستان وەک سەنگەری ئازادی**

ڕێبەری شەهیدمان پێداگری لە سەر ئەوە دەکرد کە خەڵکی کوردستان داوای دێموکراسی و مافی چارەنووسی خۆیان دەکەن، سەرکردە و حیزبێک کە باسی مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەت- نەتەوە دەکا، هەرگیز کوردستان بە مەبەستی ئێرانچییەتی ناکاتە سەنگەری ئازادیی هەموو ئێران، بەڵکو ڕێباز و کرداری حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوکتور قاسملوو وایکردبوو کە هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی نێو جوغرافیای ئێران، کوردستان بە شوێن و زەمینەی خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی خۆیان بزانن و، هاوکات بیروڕا و فیکری دوکتور قاسملوویان بەو دەروازیە دادەنا، کە ئازادی ئێرانی لێدەبینرا و هەست پێدەکرا. چونکە باوەری دەوڵەت –نەتەوە و مافی چارەی خۆنووسینی دوکتور قاسملوو لە سەر حیسابی هیچ نەتەوە و جوغرافیای هیچ لایەکی دیکە نەبوو، کوردستان سەنگەری ئازادییە لەبەر ئەوەی هەر کەس و لایەنێک لە ڕوانگەی کوردەکانەوە سەیری خەبات بکات، هەم مانەوەی لە نێو ئێران بە ڕزگاری دەبینێ و هەمیش دابەشبوونی ئێران بە ڕزگاربوون دەزانێ و، ڕێک لە سەر بنەمای باوەڕبوون بە دێموکراسی، دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی بەرز کردبۆوە. هەروەها ئەو باوەڕی وابوو خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری ئێران هەر ئەوانە نین چەکیان لە شانە و لە بەرەکانی شەڕدا دژی ڕێژیم شەڕ دەکەن بەڵکوو تێکڕای ئەوانە کە بە گوێرەی توانای خۆیان بە گیان و دڵ بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەربەرەکانی دژی ڕێژیم بەشدارن، تێکۆشەری ڕێگای ئازادین. ٢٢ی پووشپەڕ کە ڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوویە، لە ڕاستیدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێبەرە مەزنەی لێئەستاندین کە لە کردەویەکی تێرۆریسیدا لە گەڵ هاوڕێیانیدا شەهیدیان کرد، بەڵام ڕێبازی قاسملوو، ئامانجەکانی قاسملوو، هەر لە مەیدان دایە، حیزبی قاسملوو و نەتەوەی قاسملوو هەر زیندوون، هەر بە ڕێگای قاسملوودا بەرەو ئامانجە پیرۆزەکانی قاسملوو هەنگاو دەنێن. بە شەهیدبوونی قاسملوو نە خەباتی خەڵکی کوردستان و حیزبی قاسملوو وەستا، نە کۆماری ئیسلامی بە ئاواتی گەیشت، چونکە کۆماری ئیسلامی خەونی یەکجاری نابوودیی حیزبی قاسملووی بینیبوو، بەڵام خەون و ئاواتەکانی بوونە بڵقی سەر ئاو، خەڵکی قارەمانی کوردستان و قوتابییەکانی قاسملووی شەهید لە خەبات نەوەستان و هەر بە ڕێبازی ئەودا دەڕۆن. لەم یادەشدا بەڵێن بە ڕێبەری شەهیدمان دەدەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی دەست لە خەبات هەڵنەگرین.

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## لە دوو حەوتووی ڕابردوودا



**تاهیر قاسمی**

**درێژەی کوشتاری کۆڵبەران**

لە نووسینی ئەم گۆشەیە بۆ ژمارەکانی داهاتووی «کوردستان»یشدا، ئەوەی کە زیاتر لە هەر ڕووداوێک بە ئاسانی پێشبینی دەکرێ کە بۆ هەر ژمارەیەک بینووسم، کردەوەی دژەمرۆڤانەی کوشتاری کۆڵبەرانی کورد بە دەست هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییە. تراژدییەک کە بەردەوام و ڕۆژانە پاتە دەبێتەوە و ناکرێ لە چاوی هیچ چاوەدێرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ون بێ. لە دوو حەوتووی ڕابردوودا بە تایبەتی سنووری ماکۆ و چاڵدێران، بۆ کۆڵبەرانی کورد سنوورێکی خوێناویتر بوو. لەو ماوەیەدا نیزیک بە ١٠ کۆڵبەر بە دەسڕێژی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەو سنوورە کوژران و بریندار بوون. ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ١٥٠٠ کیلۆمیتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ دوو وڵاتی تورکیا و عێراق هەیە. لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، درێژایی ئەم سنوورە بە خوێنی کۆڵبەرانی کورد ڕەنگاوە. کۆڵبەرانی سنوور ئەو کەسانەن کە لە دەست بەهەژاری هێشتنەوەی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتی تارانەوە پەنا بۆ کاری پڕ مەترسی و تاقەت پروکێنی کۆڵبەری دەبەن. بۆ ئەوەی لە بێکاریدا ناچار نەبن بۆ تێرکردنی بنەماڵەکەیان دەست بۆ هەر مەرد و نامەردێک پان بکەنەوە یان بە نانی جاشایەتی و جاسووسی دژ بە نەتەوەکەی خۆیان بژین. هەوڵێک کە پێچەوانەی سیاسەتی داگیرکەرە. سیاسەتێک کە لە سەر بنەمای برسی کردنی خەڵک بۆ بە دەستەندە خواردن و دواجار ملکەچ کردن داڕێژراوە.

**سوتمانی سروشت، کوشتاری گیانلەبەران**

ئەگەرچی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی سەدەی رابردوو تا ئێستا لە سەر بنەمای دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکان بۆ نەتەوەی بندەستی کورد خۆی پێناسە کردوە بەڵام سیاسەتی دەسەڵاتی داگیرکەری تاران لە کوردستان تەنیا لە سەر بنەمای سەرکوت یان پێمل کردنی مرۆڤەکان دانەڕێژراوە. ئەم دەسەڵاتە وەک خەسڵەتی هەر داگیرکەرێک، دوژمنایەتی خۆی لە گەڵ سروشت و گیاندار و کانگا و هەر شتێک کە لە هەڵکەوتەی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتبێ، پەرە پێ دەدا. ئەوەی بۆی هەڵبگیرێ تاڵانی دەکا و ئەوەش کە گەرەکی نییە، لە نێوی دەبا. سوتان و سوتاندنی لێڕەوار و چڕ و بەندەنەکانی کوردستان لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردووشدا بەردەوام بوون. ئەگەر بەشێک لەو سوتماکە دەرەنجامی هەڵەی دانیشتوانی کوردستان بێ، بە دڵنیاییەوە بەشی شێر بە ناوەندە ئەمنیەتی و چەکداریەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەبڕێ. بەرامبەر بەوەش هیچکات کاربەدەستانی ڕێژیم هەوڵێکی لێبڕاوانەیان بۆ بەرەنگاری لە گەڵ ئەم بە خەڵوزکردنەوەی کوردستان نەداوە. ئەوەی کە بەردەوام بە گژ ئەم ئاگرەدا دەچێتەوە، دەستی بەتاڵی نیشتمانپارێزانی ژینگەپارێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو دەستانەی بە تینی ئاگر دەسوتێن، بە گڕیی لقە داری ئاگرکوژاندنەوە بلۆق دەکەن بەڵام شێلگیرانە لە پارێزگاری لە نیشتمانەکەیان ناکەون. سیاسەتی قڕکردنی سروشت و گیانلەبەر لە لایەن دەسەڵاتی داگیرکەر لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوو، بە شێوەیەکی دیکەش خۆی نواند. چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ڕەوەیەکی زۆری ئەسپی کاسبکارانیان لە سنووری پیرانشار ڕیز کرد و دایانە بەر دەسڕێژ. دیمەنە خەماوەیەکانی کەلاکی ئەسپەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دڵی هەر ژینگەپارێزێکی ئازار دەدا. ئەو دیمانانەن پێویستیی دامەزراندنی «دیپلۆماسیی سەوز» بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هێندەی دیکە دەرخست. دیپلۆماسییەک کە چیدی خۆی لە گەیاندنی سەرکوتی نەتەوەیەکدا نەبینێتەوەو هاواری سروشت و گیانلەبەرانی کوردستان بە گوێی ژینگەدۆستانی سەرانسەری جیهان بگەیەنێ.

**وەشانی ڕۆژنامەو شەهیدبوونی ڕۆژنامەنووس**

سەرەڕای دۆخی ئەمنیەتیی زاڵ بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا بەشێک لە مانگنامە و حەوتەنامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەی نوێیان لێ بڵاو بۆوە. مانگنامەکانی «ژیلوان» لە سنە و «پێشەنگ لە مەهاباد یان حەوتەنامەی «لووتکە» لە سنە نمونەی بەردەوامیی تێکۆشانی نووسەران، ئەدیبان و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. بەڵام سەرەڕای هەواڵی دڵخۆشکەر بۆ بەردەوامیی چالاکیی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژهەڵات، بە داخەوە هەواڵی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی ڕۆژنامەنووس دنیای ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕەشپۆش کرد. لە درێژەی حزووری پێشمەرگەکانی حدکا لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو حیزبە هەواڵی شەهیدبوونی هەر یەک لە کاوە جەوانمەرد و سەرکەوت مرادی لە تێکەڵچوون لە گەڵ هێزە چەکدارەکانی ئێران ڕاگەیاند. کاوە جەوانمەرد لە نووسەرانی حەوتەنامەی داخراوی «کەرەفتوو» و لە دامەزرێنەرانی ماڵپەڕی «کوردپا» و لە نێو ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناوێکی دیار بوو.

**سایەی دوکتور قاسملوو بە سەر ڕۆژهەڵاتەوە**

سەرەڕای چڕبوونەوەی دۆخی ئەمنیەتی بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا کە تا ئێستا دەستبەسەرکرانی زیاتر لە ٣٠ چالاکی سیاسی و مەدەنی لێ کەوتۆتەوە، ڕۆژهەڵاتییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر یادی ٢٧ ساڵەی تیرۆری قاسملووی ڕێبەریان کردەوە. ئەگەرچی بە هۆی دۆخی ئەمنیەتیی سەپێندراو، دوکان و بازاڕی شارەکانی کوردستان بە ڕادەی ساڵانی ڕابردو دانەخران، بەڵام وەک لە بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا هاتبوو، خەڵکی کوردستان بە چۆڵکردنی شەقام و بازاڕەکان، بە تێچووی زۆر کەمترەوە تەقلی مانگرتن بوون. بەوەش جارێکی دیکە ڕق و بێزاریی خۆیان لە کردەوەی قێزەونی تیرۆری قاسملووی ڕێبەر لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دەربڕی و بەو دەسەڵاتەیان سەلماندەوە کە سێبەری قاسملوو لە سەر ڕۆژهەڵات بە هەڕەشە و سەرکوتی دەسەڵاتی داگیرکەر ناڕەوێ.

درێژەی:

# پاش ساڵێک، ڕوحانی هەروا ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە خەڵکی ئێران دەفرۆشێ

کۆنگرەی ئەمریکا لە یاسایەکی دیکەدا پێشی بەوە گرتووە کە ئێران بتوانێ ئاوی قۆرس کە لە ریاکتۆری ئەتۆمی بەکاردێ، بکرێ. هەروەها کۆنگرەی ئەمریکا ڕێگە بە ئێران نادا لە سیستمی بانکی و ئاڵوگۆری دراوی ئەمریکا کەڵک وەربگرێ.

تەنانەت عەلی ئەکبەری ساڵحی، سەرۆکی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئێران و بەرپرسیار لە بەرێوەچوونی بەشی تەکنیکی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە ئاشکرا ڕەخنەی لەسەر گەمارۆکانی بواری سیستمی بانکی لەسەر ئێران گرتووە و لەگەڵ حەسەن ڕوحانی تووشی ناکۆکی بوون کە ئەو بابەتە مایەی خۆشحاڵی کۆنەپارێزان بوو.

ئەگەر پرۆسەی بەرێوەبردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەخێرایی بەرێوەناچێ و کۆنەپارێزان بە بەردەوامی ڕەخنە لە حکوومەت دەگرن، بەڵام میدیاکانی سەر بە ڕیفۆرمخوازان بە گەشبینی باسی یەکساڵەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیان کرد. ڕۆژنامەی «اعتماد» لە وتارێکی ژمارەی ٣٥٧٢دا ڕەخنەگرانی نێوخۆیی ڕێکەوتنی ئەتۆمی بە شەڕخوازانی نێو ئەمریکا و ئیسرائیل شوبهاند و جەختی لەسەر هەڵسەنگاندنی واقعبینانەی ئەو ڕێککەوتنە کرد. ئەو وتارە ئاماژەی بەوەش کردوە کە کەس نەیوتووە کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی پاشەکشە بە دوژمنانی ئێران لە هەموو بوارەکان دەکا و بەشێک لەو وڵاتانەی ڕێککەوتنی ئەتۆمییان لەگەڵ ئێران ئەنجام داوە دوژمنی ئێرانن و هەوڵ دەدەن لەمپەر لە هەمبەر سەرکەوتنی ئەو ڕێککەوتنە دروست بکەن. بە پێی ئەو وتارە دەستکەوتی گەورەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئەوە بووە کە مافی ئێران بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم دانپێدانراوە و گەمارۆکانی تایبەت بە پرۆگرامی ئەتۆمی لابردران.

ئەو وتارە لە ٢٣ی پووشپەڕ لە سایتی www.al-monitor.com بڵاو کراوەتەوە.



# بە بارمتەگرتنی سیاسەت!

سمایل شەرەفی

دۆخی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دۆخێکی تایبەت و دژواردا تێدەپەڕێ. بۆ تێگەیشتن لەم دۆخە «تایبەت» و «دژوارە» پێش هەموو شتێک، پێویستە دان بە هێندێک واقعییەتی تاڵدا بێنین. کە دەڵێین دۆخی «تایبەت» مەبەست ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەچاو پارچەکانی دیکەی کوردستان هەم لە ڕووی جۆری دەسەڵاتێک کە سەرکوتکاری تێدا بەڕێوە دەبا و هەم لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانی و تێڕوانین بۆ جۆرەکانی خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکان جیاوازیی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام ئەوەی لە هەمووی گرینگتر و جێی تێڕامان و لێوردبوونەوەیە، «دژواری»ی دۆخەکەیە کە کۆمەڵە کەمایەسی‌یەکی بابەتیانەی هەرە مەترسیدار لە درووست بوونی دا شوێندانەریی بەرچاو و کاریگەریان هەیە.

سەرەتا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ ڕوو بە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستان و چ لە هەمبەر تریبوونێک ڕوو بەخۆی(ناوخۆ و دەرەوەی وڵات) نەتەنیا خاوەنی گوتارێکی هاوبەشی ڕێکخراو نیە، بەڵکوو لە سەر ئاستی جۆراوجۆری و تێڕوانینە جیاوازەکانیشدا کە هەر حیزب و تەیف و کۆمەڵێک بە خوێندنەوەی خۆیان لە ڕووداوەکان سازیان کردوە، هیچ جۆرە لێکنزیکی و هەمگەرای‌یەک بوونی نیە.

لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا لەم ساڵانەی دواییدا، بە هۆکاری نەبوونی خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە دۆخی سیاسی _ لە سەر ئاستی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەیی_ بەشێک لە هێزە سیاسی‌یەکان لە دەرەوەی وڵات و کۆمەڵە ڕەوتێکی نزیک لە دەسەڵات لە نێوخۆی وڵات، لە سەر بنەمای «بە بارمتەکردتنی بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان»، بەداخەوە بە بێ ئەوەی ستراتیژی‌یەکی ڕوونیان هەبێ، خەریکە دۆخەکە بە ئاقارێکی نادیاردا دەبەن. پرسیار خستنەسەر شوناس و ماهییەتی نەتەوایەتی‌بوونی بزاڤی مافخوازانەی کورد لە ئێران و، بە کەمگرتنی خەباتی پێشمەرگانە لە لایەن کۆمەڵێک کوردی نزیک لە دەسەڵات لە لایەک و، هەوڵدان بۆ «بە میلیتاریزەکردنی سیاسەت» و «بەبارمتەگرتنی بیروڕای گشتیی خەڵک» لە لایەن هێندێک لایەن لە دەرەوەی وڵات، خەریکە دۆخی بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵات بەجۆرێک تووشی نوشست و قەیران دەکات.

ئەگەر لە لایەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران نزیک بە ٤٠ ساڵە کار لەسەر بەئیسلامی‌کردنی سیاسەت دەکا و لە ژێر ئەم تێڕوانین و ئایدئۆلۆژییەدا بزووتنەوە جۆراوجۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان سەرکوت دەکا، هێندێک ڕەوت و لایەن لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستانیش بە تەبەعییەت لە خوێندنەوەی دوگم و چەقبەستووانەیان بۆ ڕووداوەکان و ڕێکارەکانی خەبات، هەوڵی بەمەزهەبی‌کردنی سیاسەت دەدەن. بە واتایەکی دیکە بە هۆی بێ‌تواناییان لە خوێندنەوەی ڕووداوەکان و دوورکەوتنەوەیان لە ئەسڵی واقعبینی، بەداخەوە ئاگاهانە و، بەشێکیشیان نائاگاهانە لە هەوڵدان ماهییەت و شوناسێکی دیکە بە بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات ببەخشن. ئەوە لە حاڵێک دایە کە بزاڤی ڕەوا و مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لە سەر بنەمای داخوازییە سیاسی و نەتەوایەتی‌یەکانی بنیات نراوە و هەر لەم پێناوەدا ئەم میللەتە بە دەیان سەرکردە و بە هەزارن پێشمەرگەی بوونەتە قوربانی.

لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی تەمەن خەبات و تێکۆشانی خۆی و لەسەر ئەسڵی «واقعبینی لە سیاسەت»دا هەوڵی داوە وێڕای تێگەیشتن لە واقعی ڕووداوەکان و خوێندنەوەی درووست و واقعبینانە بۆ ئاڵوگۆڕەکان، لە سەر بنەمای باوەڕمەندبوون بە هەموو شێوازە ڕەواکانی خەبات، ڕێکاری سیاسی بگرێتەبەر. تەنانەت لە سەردەمانێکدا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناچاربووە چەکدارانە ڕووبە دەسەڵاتی سەرکوتکار بێتەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان شەڕی وەک تاکتیک سەیر کردوە و لەم پێوەندییەدا شەهید قاسملوو دەڵێ: «شەڕی ئێمە بۆ ئاشتی‌یە. ئێمە بۆ ئەوە شەڕ و بەرەنگاریمان نەکردووە کە دەوڵەت ماف وئازادی‌یەکانمان بە ڕەسمی بناسێ، بەڵکوو هەموو هەوڵ و تەقەلامان ئەوەبووە کە ئەو دەوڵەتە بەو قەناعەتە بگا کە دەگەڵمان دابنیشێ و لێمان بپرسێ ئێوە بۆ وادەکەن؟ چیتان دەوێ؟»

بەداخەوە یەکێک لەو کەمایەسییانەی کە ئەمرۆژانە دۆخی بزووتنەوەی کوردی بەرەو «دژواری» بردوە، بەرتەسکبوونەوەی وسعەتی ڕوانین و تێفکرینی بەشێک لە ڕێبەرانی سیاسی‌یە بۆ سیاست و هونەری سیاستکردن. هەر ئەمە وای کردوە کە خوێندنەوە بۆ سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە «هونەری مومکینەوە» بگۆڕدرێ بۆ «بە بارمتەگرتن» و «پاوانکردنی» کردنی شێوازەکانی سیاسەتکردن.

لە کلتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا ئەمجۆرە تێڕوانین و تێفکرینە بۆ سیاسەت جێیان نابێتەوە. زیاتر لە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا شەهید دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێی وایە لە سیاسەتدا تەنیا «ڕەش و سپی نیە» و لە نێوان «سفر و سەد»ی سیاسەت دا بە دەیان ڕەقمی دیکە بوونی هەیە و سیاسەت لە سەر «ڕاستی‌یەکان» بنیات دەنێ و پێی وایە ڕاستی‌یەکان(واقعییەتەکان) لە گۆڕان دان و بۆ هەرکام لە ڕاستی‌یەکان «وڵامدانەوەی شیاو»ی خۆی هەیە و «شێوازی جۆراوجۆریان» بۆ دەگرێتەبەر؛ ئەگەر پێویست بوو «شەڕ» دەکەین و ئەگەریش بە پێویستی زانی وتوێژ دەکا. بەڵام سیاسەت لە ڕوانگەی حیزبی دێموکرات و شەهید قاسملووەوە خۆی لە «ئاشتی و چارەسەری ئاشتییانە»دا پێناسە دەکا.

ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە سەرنجدان بە ڕوانینی ئەمنییەتیان بۆ پرسی کورد، بەردەوام بە پیلانگێڕی هەوڵیانداوە بزووتنەوەی سیاسی _ نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لە خانەی ئەمنییەتی و ڕێگەچارەی نیزامی‌دا پێناسە بکەن و هەر بەوجۆرە بیهێڵنەوە. لە بەرانبەردا بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە هەڵگرتنی گوتاری ئاشتیخوازانەوە توانیویەتی بەرەنگاری ئەم تێڕوانینەی داگیرکەران بێتەوە و سەرنج و پشتیوانیی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێ.

چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا کەمنەبوون و کەمنین ئەو کەسانەی بە بێ تێگەیشتن لە ماهییەتی بزووتنەوەی کوردستان و بە بێ تێگەیشتن لە شەرایەتی سیاسیی وڵات، ئاگاهانە یان نائاگاهانە لە بەرانبەر پیلانی داگیرکەران دا کەوتوونەتە حاڵەتی دیفاعی و هەوڵی بە ئەمنییەتی کردنی ڕێگا چارەسەرییەکانیان داوە. لە بەرانبەر ئەم جۆرە دژکردەوەو هەڵوێستانەدا، شەهید دوکتور قاسملوو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دا بۆ کۆنگرەی شەشەمی حیزب زۆر ڕاشکاوانە دەڵێ:

«لە کاتێک دا لەم قۆناغەی خەباتمان دا زۆرترین قورسایی لە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستانەو هەموویشمان پێشمەرگەیین، بەڵام لە حیزبی دێموکرات دا بە هیچ شێوەیەک ئیزن نادرێ سیاسەت میلیتاریزە بکرێ».

لێرەدا بە پێچەوانەی خوێندنەوەیەکی ڕووکەش و ڕواڵەتی لەم ڕوانگەیە، کە پێی وایە خەباتی پێشمەرگانە(چەکداری) ناڕەواو ناپێویستە، ئەم ڕوانگەو بەرداشتەی حیزبی دێموکرات لە سیاسەت و شێوازەکانی خەبات، دژایەتی‌کردنێکی ئاشکرایە لە گەڵ چەقبەستوویی و دوگماتیزم و هەڵوێست و ڕوانینی تاکرەهەندی. خوێندنەوەی چەقبەستووانی ڕووداوەکان و تاکرەهەندی ڕوانینە ڕێکارەکان، نەتەنیا هیچ قازانجێک بە پرسی نەتەوایەتی ناگەیەنێ، بەڵکوو دژایەتی‌یەکی ئاشکرایە لە گەڵ تۆلێرانس و جیاوازی‌یەکانی کۆمەڵگایەکی موتەنەوع و فرەچەشنی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەوەی لە کۆتاییدا دەتوانێ دۆخی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە «دژوار»بوون ڕزگار بکات بریتی‌یە لە:

خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە شەرایەتی مەوجوودو دووری کردن لە دوگم‌بوون و چەقبەستوویی و یەکتر بەکەمگرتن، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی گوتارێکی هاوبەش لە نێوان سەرجەم هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات لە لایەک و، چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ڕەوتە سالمەکانی ناوخۆی وڵات و، لە کۆتاییدا ڕێکخستن و هاوئاهەنگی لە نێوان سەرجەم هێزو پتانسیلەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و داخوازی‌یە نەتەوەییەکان.

## ئیسلامی سیاسی

## [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



# ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ڕێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران دا ( بەشی سێیەم)

حەسەن حاتەمی

### ڕەزا شا و رووحانییەت

دوای کوودێتای ١٢٩٩(١٩٢٠)ی ڕەزاخان– سەید زیا و دژایەتیی رووحانییەت لەگەڵ کۆماری بوونی ئێران لە خولی پێنجەمی مەجلیسی شووڕای میللی‌دا، ڕەزاخانی میرپێنج (سەردار سپە) لە ساڵی ١٣٠٤(١٩٢٥) بوو بە ڕەزاشا و سیلسیلەیەکی نوێی بە ناوی پەهلەوی دروست کرد.

ڕەزاشا بە لاسایی کردنەوەی مستەفا کەماڵ پاشا(ئاتاتورک) - سەرکۆماری تورکیەی نوێ- بە پێکهێنانی «دەوڵەت- میللەت»، و بە بیانووی مۆدێڕنیزاسیۆنی ئێران، هەم بە کوشتاری بەردەوام و بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵی تواندەنەوە (ئاسمیلە) ی نەتەوە نافارسەکانی دا، لەگەڵ بیری عەداڵەت خوازانە(اشتراکی) و (کثیرالملە)خوازان، ڕێگای سەرکوتی هەڵبژارد و هەم دژایەتیی توندی لەگەڵ رووحانییەت ئەنجام دا. بەتایبەتی ئەو بەشە لە رووحانییەکانی - نوێنەر لە مەجلیس– کە یارمەتی ناوبراویان دا، هەتا ببێ بە شا.

یەکێک لەو کەسانە ئا. سەید حەسەنی مودەڕڕیس بوو. ناوبراو یەکێک لە موخالیفانی توندی ئیمزای بڕیارنامەی وسووقولدەولە لەگەڵ بریتانیا بوو. کردەوەی مودەڕڕیس و هاوبیرانی بوو بە هۆی دەست لەکار کێشانەوەی وسووق و پەسند نەکرانی بڕیارنامەی ١٩١٩ لە مێژووی ئێران‌دا.

مودەڕڕیس لە خولی دوویەمی مەجلیسی شووڕای میللی‌دا، یەکێک لە ٥ فەقیهی چاوەدێری یاسای بنەڕەتی بوو. ئەو دژایەتیی توندی لەگەڵ مافی دەنگدان بە ژنان و هەڵبژاردنی ئەوان بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیس بوو. ئەو کوتبووی: هەرچەند لە زۆر وڵاتی دنیادا مافی ژنان لەم بارەوە ڕەچاو کراوە؛ بەڵام من قەت لەشم بە شێوەی ئەمڕۆ نەلەرزیوە کە ناوی ژنان دێ. بەتایبەتی کە مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانیان پێ بدرێ. چونکە خودا ئەو لێهاتووییەی بەوان نەداوە. دیارە فەقیر و هەژارەکانیش هەر لەو ڕادەیە دان. جگە لەوە ژنان لە مەزهەبی ئیسلامدا، لەژێر چاوەدێریی پیاوان دان. «الرجال قوامون علی النسا».

– کتاب شیعە و نظام سیاسی مشروطە، داوود فیرحی–

سەید زیا تەباتەبایی دوای پتر لە ٣ مانگ لە سەرکار لابرا. ئا. مودەڕڕیس کە ماوەیەک گیرابوو و دواتر بۆ قەزوێن دوورخرابۆوە، ئازاد کرا. بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیسی خولی چوارەم هەڵبژێردرا و بوو بە جێگری سەرۆکی مەجلیس.

خولی پێنجەمی مەجلیس لە ساڵی ١٣٠٢ کرایەوە. ڕەوتی گرینگی گۆڕینی سیلسیلەی قاجار بۆ پەهلەوی دەستی پێکرد. مودەڕڕیس لە مەجلیس ڕێبەری قۆڵی کەمایەتیی دەکرد. لەو مەجلیسە دا، ڕەزاخان هاتە ژێر پرسیار(ئیستیزاح کرا). بەڵام وەک سەردار سپە هەر مایەوە. — سەردار سپە، ناز ناوی ڕەزاخان لە کاتی فەرماندەری هێزە نیزامی‌یەکان دا، بوو–.

لە ٧ ی گەلاوێژی ١٣٠٤(١٩٢٥)دا، مودەڕڕیس و ٦ کەسی دیکە، دژی سەرۆک وەزیر بوونی سەردار سپە بوون. ئەوان ئەو پۆستەیان بۆ نابراو بە پێچەوانەی یاسای بنەڕەتی مەشرووتە دەزانی. کۆبوونەوەی مەجلیس بوو بە شوێنی کێشەی لایەنگرانی سەردار سپە و مودەڕڕیس. زۆربەی لایەنگرانی مودەڕڕیس خەڵکی مەدنی و زۆربەی لایەنگرانی سەدار سپە، نیزامی‌یەکان بوون. لایەنگرانی هەردوو لا، دروشمی مان و نەمانیان بە دژی یەکتر دەدا. بەڵام ڕەزاخان توانی بەستێنی بەمێژوو سپاردنی قاجارەکان– کە نزیک پێنج ساڵ بوو و بە کوودێتا دەستی پێکردبوو– ئەنجام بدا. ئەو لە ٩ ی گەلاڕێزان(خەزەڵوەر)ی ١٣٠٤دا، بوو بە شای ئێران و سیلسیلەی پەهلەوی دامەزراند.

لە ساڵی ١٣٠٥(١٩٢٦)دا، بە پیلانی ڕەزاشا و بە هۆی بەکرێگیراوەکانی، مودەڕڕیس تێرۆر کرا. بەڵام زیندوو مایەوە. ڕەزاشا بە دەستێوەردانی ئاشکرا لە هەڵبژاردنی خولی حەوتەمی مەجلیس و بە حیسێب نەهێنانی دەنگەکانی مودەڕڕیس، ئیزنی پێ‌نەدا، ببێتە نوێنەر. دواتر لە ١٦ی ڕەزبەری ١٣٠٧(١٩٢٨)، مودەڕڕیس‌یان گرت. سەرەتا بۆ دامغان و پاشان بۆ خەواف دوورخرایەوە. ناوبراو ٧ ساڵ لەو شوێنە و لەژێر چاوەدێری کاربەدەستانی خۆجێی‌دا بوو. لە ٢٢ ی ڕەزبەری ١٣١٦(١٩٣٧)، بۆ کاشمەر گوێزرایەوە. لە شەوی ١٠ی سەرماوەزی ئەو ساڵەدا، کوشتیان و دوور لە کاشمەر شاردیانەوە. دوای نەمانی دەسەڵاتی ڕەزاشا، مودەڕڕیس بە هۆی خەڵکی ناوچەکە هێنرایەوە کاشمەر و لەوێ نێژرا– ئێستا کاشمەر بۆتە ناوەندی شارستان و لە دابەشینی جوغرافیایی‌دا، وەبەر خوراسانی ڕەزەوی کەوتووە و دووسەد کیلۆمیتر لە مەشەد دوورە–

لە دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨(١٩٧٩) دا؛ مودەڕڕیس– وەک هێمای خۆڕاگری لەبەرانبەر سەرەڕۆیی ڕەزاشادا–، لە کتێبە دەرسی‌یەکان ناسێندرا. وێنەکەی بە دوو ڕستەی« سیاسەتی ئێمە عەینی دیانەتی ئێمەیە و دیانەتی ئێمە عەینی سیاسەتی ئێمەیە« لەسەر پووڵی کاغەزی ١٠ تمەنی چاپ کرا. — ناوبراو یەکێک لە مەرجەعەکان ( ئایەتوڵڵای هەرە بەرز)ی، دیاری بیری مەشرووعەخوازی– دوای شێخ فەزلوڵڵای نووری– بوو؛ کە لەگەڵ دەسەڵات لە ململانێ دابوو.

لە نووسراوەیەکدا، هەڵسوکەوتی ڕەزاشا، سەبارەت بە رووحانییەت بەو شێوە باسی کراوە: ئەو لە ماوەی ٢٠ ساڵ دەسەڵاتی‌دا، کردەوەکانی لەگەڵ رووحانییەتی شیعە بەو جۆرەبوو. لە ساڵی ١٢٩٩ هەتا ١٣٠٤، کردەوە گەلێکی لەخۆی نیشان دا، کە رووحانی‌یەکان پشتیوانی باشیان لێ‌کرد. بەڵام لە ساڵی ١٣٠٥ هەتا ١٣١٢، دژایەتیی لەگەڵ رووحانییەتی ئەنجام دا و لە ١٣١٣ هەتا ١٣٢٠، دژایەتیی لەگەڵ مەزهەب دەست پێکرد.

سایت آفتاب، برخورد رضا شا با علما––

ئیوانۆف– مێژوو نووسی رووس و ئێران ناس– یش لەم بارەیەوە دەنووسێ: لە ساڵی ١٣٠٤– ١٣٠٣ لە ئێران‌دا، ڕادەی مەدرەسەی رووحانییەکان ٢٨٢ دانە و تەلەبەکانی ٥٩٨٤ کەس بوون. بەڵام لە ساڵەکانی ١٣١٩ و ١٣٢٠ دا، مەدرسەکان ٢٠٦ دانە و فەقییەکان ٧٨٤ کەسیان لێ‌مایەوە.

هەروەها لە کتێبی «ڕێکخراوی رووحانییەتی شیعە لە دەورانی ڕەزاشای پەهلەوی»دا، نووسراوە: ئاڵوگۆڕ و نوێبونەوی لاسایی کەرەوانە لە دەورانی ڕەزاشادا، بەرەو سێکۆلاریزم دەچوو.

لەئاکامی ئالوگۆڕە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەکانی ڕەزاشا لە ساڵەکانی ١٢٩٩ هەتا ١٣٢٠دا، ئاڵوگۆڕەکان هەریەکەی بە شێوەیەک دەبوونە هۆی لاوازبوونی هێز و کارتێکەریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ڕێکخراوی رووحانییەتی شیعە.

– سایت آفتاب، چالشهای روحانیت و رضا شا–

### ڕێکخراوە ئیسلامی‌یەکان دوای شەڕی دوویەمی جیهانی

دوای نەمانی دەسەڵاتی پەهلەوی یەکەم(ڕەزاشا)، کۆمەڵگە بەرەو جموجۆڵی چەند لایەنە چوو. لە ماوەی ١٢ ساڵدا، یانی ١٣٣٢ - ١٣٢٠(١٩٥٣-١٩٤١) تێکۆشەرانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەگوێری تێگەیشتوویی، توانایی و هەلومەرج، ڕێکخراو و دامەزراوەی جۆراوجۆری خۆیان پێکهێنا. لەو گۆڕەپان‌دا سێ لایەن چالاک بوون. چەپ، نەتەوەیی (میللی گەرایی) و ئیسلامی‌یەکان. باسی ئێمە لەم نووسراوە و لێکۆڵینەوەیەدا، لەسەر ژمارەیەک حیزب و ڕێکخراوی ئیسلامی‌یە کە لە ڕووداوەکان‌دا، دەوری تایبەتی خۆیان هەبووە لە بەستێنی بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلامی سیاسی لە ئێران دا.

پێویستە ئەوەش زیاد کرێ کە وەلی فەقیهی یەکەم - ئا. خومەینی–، ئەو نیزامە نوێیەی بە نوێنگەی «ئیسلامی ئینقلابی» ناودێر کردوە، لە بەرانبەر «ئیسلامی ئەمریکایی»دا. وەلی فەقیهی دوویەمیش ئاغای عەلیی خامنەیی– ئایەتوڵڵای سیاسی– دوای تێپەڕبوونی نزیک چوار دەیە لە مەوجوودییەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران‌دا، پێداگری شێلگیری «ئیسلامی ئینقلابی»یە؟!

# بڕیارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەت و ڕاگرتنی شەڕی ئێران–عێراق



**عومەر باڵەکی**

شەڕی ئێران–عێراق لە ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی دوای چەندین تێکهەڵچوونی سەر سنوور، بە هێرشی بەربەرینی عێراق بۆ سەر خاکی ئێران لەو ڕۆژەدا دەستی پێکرد و ماوەی ٨ ساڵی خایاند و لە ئاکامدا بە قبووڵی بڕیارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاوربەسی ڕاگرتنی شەڕ لە نێوان سپای ئەو دوو دەوڵەتە ڕاگەیەندرا و بەکردەوە شەڕ کۆتایی پێهات بەڵام قەت ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا کە سەدام حوسێن لە لایەک و خومەینی لە لایەکی دیکەی هەڵکەوتبوون، ئیمزا نەکرا و هەتا ئێستای لەگەڵ بێ، بڕیارنامەی شووڕای ئەمنییەت تەنیا بەڵگەیکی نیودەوڵەتییە کە شەڕی ٨ ساڵەی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی پێڕاگیرابێ وهیچ بەڵگەیکی دیکە چ لە سەردەمی سەدام حوسێندا و چ لە دوای ڕووخانی حکوومەتەکەی ناوبراودا لە پێوەندی شەڕی هەشت ساڵەدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێدا نییە.


شەڕی ئێران و عێراق لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە یەکێک لە گرینگترین شەڕەکانی مێژووی هاوچەرخە کە بەرژەوەندیی هەموو وڵاتانی دونیای بە جۆرێک لە جۆرەکان خستبۆوە مەترسییەوە، چونکە ئەو شەڕە لە ناوچەیەک ڕووی دا کە زۆرترین پاشەکەوتی نەوتی لێهەڵکەوتووە و ئەگەر چاو لە مێژووی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران–عێراق بکەین و تێڕوانین و بۆچوونی هێندێک لە خاوەنڕایان لە سەر ئەو بابەتە لە تەنیشت یەکتر دابنێین، دەردەکەوێ وڵاتانی زلهێز و تەنانەت وڵاتانی ناوچەکەش هەوڵیان نەداوە هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە(ئێران–عێراق) لەو شەڕەدا سەربکەون. چونکە پێیان وابوو سەرکەوتنی هەر لایەک بە سەر لایەکەی دیکەدا هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە تێک دەدا بۆیە دەبینین لە ماوەی ٨ساڵەی شەڕدا هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە لە مەیدانی شەڕدا نەیانتوانی یەکتر بشکێنن. بەڵام هەر ئەو زلهێزانە و وڵاتانی ناوچەکە هەوڵیان دەدا شەڕەکە کۆتایی پێ بێنن بێ ئەوەی سەرکەوتووی شەڕ دیاری کرابێ و لە ڕاستیدا هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە سەرکەوتووی شەڕەکە نەبوون و هەر دوو دەوڵەت لە دوای شەڕ بەدەست ئاسەوارەکانی بەجێماوە لە شەڕ و، ئەو برینە قووڵەی لە جەستەی کومەڵگای هەر دوو لا بوو، دەناڵێنن.

بڕیارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەت لە ٢٩ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بە مەبەستی کوتاییهێنان بە شەڕی ئێران–عێراق لە لایەن ئەو شووڕایەوە پەسند کرا. هەر ئەو کات لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە قبووڵ کرا بەڵام لە لایەن ئێران دوای ساڵێک لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارنامەکە واتە ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦٧ نیوەرۆکی بڕیارنامەکەی قبووڵ کرد و خومەینی لە ڕۆژی ٢٩ی پووشپەڕی هەمان ساڵدا پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی ئێران و هێزی نیزامی ئەو وڵاتە کرد و دانی بە شکانی خویاندا هێنا کە لە مێژوودا بە «خواردنەوەی جامی ژەهر» لە لایەن خومەینییەوە نێوبانگی دەرکرد. بە قبووڵ کردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەت لە لایەن ئێرانەوە بەکردەوە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە کۆتایی پێهات.

هەر وەکی پێشتر باس کرا لەو شەڕەدا هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانی ئامانجەکانی خۆیان وەدەست بێنن کە ئامانجی هەرکام لەو دوو دەوڵەتە(ئێران و عێراق) لە یەک خاڵدا کۆ نابێتەوە و بە واتایەکی دیکە ئامانجەکان کە هەمان هۆکاری دەسپێکی شەڕەکە بوون، خۆ لە چەندین هۆکاردا دبینێتەوە کە هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە لە کۆتایی شەڕدا نەیانتوانی ئەو ئامانجانەی خۆیان بپێکن و یا تەنانەت لێیان نزیک ببنەوە. ئەو هۆکارانە دەتوانن بە شێوەی خوارەوە و بە کورتی دەستنیشانیان بکەین:

– شەڕی ئێران و عێراق تەنیا کێشەی خاک نەبوو، بەڵکو زیاتر خۆسەپاندنی هێز بوو لە ناوچەکەدا و لە هەمان کاتدا پەرەپێدانی بیر و باوڕ و ئەندیشەی لایەنەکان بوو بە سەر یەکتریدا.

– سەدام حوسێن و خومەینی وەک ڕێبەرانی عێراق و ئێران هەتا سنووری یەکتر فەوتاندن وهەڵایسانی شەڕ یەکتریان ناخۆش دەویست.



– کۆماری ئیسلامی تازەدامەزراوی دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی بە ڕێبەری خومەینی درووشمی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانی هەڵگرتبوو و تەنانەت لە نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی ئێرانیشدا چەسپاندبووی.

– سەرانی حیزبی بەعس و شەخسی سەدام حوسێن کاتێک دەسەڵاتی عێراقیان بەدەستەوە گرت ئارەزوو و بیرۆکەی ئەوەیان هەبوو کە ڕێبەری جیهانی عەرەب بەدەستەوە بگرن.

– سەدام حوسێن پێی وابوو کە لە ڕێکەوتننامەی «الجزایر«دا، غەدر لە عێراق کراوە و دەبێ ئەو غەدرە نەمێنی و مافی عێراق بێتەوە سەر جێ خۆی، هەر بۆیە لەبەر چاوی ڕاگەیەنە گشتییەکاندا ڕێککەوتننامەی «الجزایر»ی دڕاند و گوتی: لەوە بە دواوە عێراق پابەندی ئەو ڕێککەوتنامەیە نابێ.

– خومەینی لە دوو نوتقی خۆی لە ١٩ و ٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ لە دوو بۆنەی جیاوازدا هێرش دەکاتە سەر سەدام حوسێن و بە پیاوی ئەمریکای دادەنێ و لە کردار و ڕەفتاردا بە مەغوولی دەشوبهێنێ و خەڵکی عێراق و سپای ئەو وڵاتە هان دەدا کە بە دژی ڕێژیمی بەعس ڕاپەڕن و کودیتا بەدژی سەدام حوسێن بکەن.

هەموو ئەوانەو دەیان ڕەفتاری دیکە لە لایەن هەردوو دەسەلاتەوە(تاران و بەغداد) بوونە هۆکاری سەرەکیی هەڵایسانی شەڕێک کە ماوەی ٨ ساڵ درێژەی کێشا و خوێنی هەزاران لاوی هەردوو وڵات بەبێ سوود و قازانج و تەنیا لەبەر هەواوهەوەسی چەند کەسێک لە هەر دوو لا ڕژایە سەر زەوی و دنیایەک ماڵوێرانی و کاولکاری بۆ گەلانی ئێران و عێراق لە دوای خۆی بەجێهێشت.

بە پێ ئامارێک کە «ایرانا» لە ساڵی ١٣٩٣ بڵاوی کردۆتەوە باس لە ڕادەی بەشداریی هێزەکانیان و کوژراو و بریندار و نقوستان و بەدیلگیراوی ئێران دەکا لە ماوەی ٨ ساڵدا؛ «ایرانا» لە ڕاپورتەکەدا دەڵێ: ٢١٧ هەزار ئەرتەشی و دوو میلیۆن و ١٣٠ هەزار بەسیجی و ٢٠٠ هەزار سپا و شارەبانی و ژاندارمری بەشداریی شەڕیان کردوە لەو ڕادەیە ١٩٠ هەزار کەس لە هێزەکانی ئێران کوژراون و ٦٧٣ هەزار کەس نوقستان و ٤٢ هەزار کەس لە لایەن عێراقەوە بە دیل گیراون و بە پێی هەڵسەنگاندنی کارناسانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان زیان و زەرەری ماددی ئێران بە ٩٧ میلیارد دوڵار خەملێندراوە، کە ئەو ئامارانە لە هێندێک لە ڕاگەیەنەکانی دیکە ڕادەی کوژراو و بریندار زۆر لەوە زیاتر باس دەکەن کە ئەوە زۆر لە مەسەلەکە ناگۆڕێ چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران بەستێنی شەڕەکەیان خۆش کرد ودرێژیان پێدا تەنیا بە مەبەستی مانەوەی دەسەڵاتی خویان کە ئاسەواری ئەو شەڕە ئێستاش بە جەستەی برینداری ئێرانەوە دیارە و ئێستاش خەڵکی بێ تاوانی ئەو وڵاتە باجەکەی دەدەن.

شەڕی ٨ ساڵەی ئێران– عێراق ئەگەر بۆ گەلانی ئێران بوو بە مایەی ماڵوێرانی و ئاوارەیی و چێشتنی تامی گازی شیمیایی و نوقستانی و هەژاری و بێکاری، بە پێچەوانەوە بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نیعمەتێکی گەورە بوو چونکە لە ڕێگەی شەڕ توانیان زۆر بە ئاسانی لە نێوخۆ بەسەر دژبەرانی خۆیاندا زاڵ بن و لە ژێر سێبەری شەڕدا سیستمی ویلایەتی فەقیە جێگیر بکەن و بە بیانووی شەڕ سپای پاسداران ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر بکەن و لە ڕێگای ئەو سپایەوە دەسەڵاتی خۆیان زیاتر بسەپێنن و دەرگای بازاری تداروکات و دابین کردنی کەرەسەی شەڕیان، بۆ فەرماندەرانی سپای پاسداران و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئاوەڵا کرد کە ببنە میلیاردێر و خاوەن سەرمایەی نجومی. شەڕی ٨ ساڵەی ئێران–عێراق ڕێگای بۆ سپای پاسداران خۆش کرد لە هێزێکی نیزامییەوە ببێتە دامودەزگایەکی ئابووری، کە دەست بە سەر بەشی زۆری ئابووریی ئێراندا بگرێ.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ڕاستە ماوەی ٢٨ ساڵە شەڕی ئێران – عێراق ڕاوەستاوە بەڵام کۆمەڵگای ئێران ئێستاش بە دەست ئاسەوارەکانی ئەو شەڕەوە دەناڵێنێ. سەردەشت بە هەزاران برینداری شیمیایی کە نیازیان بە ئاگا لێبوون و تیمارکردن هەیە، خورەمشار بەدەست وێرانی و کاولکاری سەردەمی شەڕدا دەناڵێنی، لە سەرانسەری ئێران بە هەزاران بریندار و نوقستانی شەر پێویستیان بە دەرمان و پەرەستاری هەیە، بە هەزاران کەس کە لە مەیدانی شەڕدا بەشداریان کردوە و تووشی نەخۆشی ڕوحی بوون و پێویستیان بە دوکتور و دەرمان و دابین کردنی سەرەتاییترین کەرەسەی ژیان هەیە کە بە هۆی کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و بەفیڕۆدانی سامانی ئێران بۆ قەیرانخۆڵقاندن لە ناوچەکەدا، نەتوانراوە بە هیچ کام لەوانە ڕابگەن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە و هەتا ڕادەیک ئاسەواری شەڕیان لە سەر لابچێ و بە دۆخە نالەبارە ئابووری و سیاسی و ئەمنییەتییەی کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی خولقێنەرین، دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵگای ئێراندا شەڕ هەر بەردەوامە و گەلانی ئێران دەستەچیلەی ئەو شەڕەن و دەسەڵاتداران لەبەر سێبەری ئەو شەڕەدا زیاتر هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی جێ پێی خۆیان قایمتر بکەن.

ئابووری

# داخرانی کارخانەکان و ڕێژەی بێکاری، ئابووریی ئێرانی شکست پێ هێناوە!

## (لەپەراوێزی داخرانی ٧ هەزار ناوەندی گەورە و بچوکی پشەسازیی ئێران)



**ئاگری باڵەکی**

چەمکی ئابووری لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، چەمکێکە کە بە دەسەڵات و هێزی نیزامییەوە بەستراوەتەوە، بۆیە کاتێک کە باس لە ئابووری و سەروەری ئابووری دەکرێ لە ئێراندا تەواو ماناکەی دەگۆڕێ.

حکوومەتی حەسەن ڕوحانی لە ٣ ساڵی ڕابردوودا، ٢ بەرنامەی ئابووری لە ڕاستای چوونە دەری ئێران لە ڕاوەستاویی ئابووری جێبەجێ کردوە، بەو شێوەیە کە بەرپرسانی ئێران گوتوویانە کە ئەوساڵ نزیک بە ١٧ هەزار میلیارد تمەن بۆ نۆژەنکردنەوەی کارگە و کارخانە داخراو و نیوەداخراوەکان ئامادە کراوە.

ئەو بەرنامانەی کە حکوومەتی ئێران دوای گەمارۆ ئابوورییەکان جێبەجێ کردوون هیچیان نەیانتوانیوە کە ڕاوەستاویی ئابووریی ئێران لابەرن و بازاری ئێران بەردەوام بەرەو لەنێوچوونە.

داخرانی کارخانە و کارگەکان لە ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بوو، بە پێی ئامارەکانی وەزارەتی سەنعەت و مەعدەن. نزیک بە ٧ هەزار کارخانەی بچوک و گەورە داخراون. داخرانی کارخانە وپرۆژە ئابوورییەکان لە ئێراندا وایکردووە کە ڕێژەی بێکاری لە ئێراندا زیاد بکا. بە پێی ئامارەکان نێونجی بێکاری لە ئێراندا لەساڵی ١٣٩٤دا لە ١١،٥ لە سەدەوە بۆ ٢٥ لەسەد زیادی کردووە.

محەممەد باقری نۆبەخت، وتەبێژی حکوومەت لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئاژانسی «تەسنیم» گوتی کە لە ساڵی ١٣٩٤دا ١٠ لە سەدی کارخانەکانی ئێران ڕاوەستاون. لە درێژەدا گوتی کە لە ٦٧ هەزار ناوەندی ئابووریی گەورە و بچوک ، ٧ هەزاریان ڕاوەستاون. هەڵبەتە دوای ئەو لێدوانەی نۆبەخت ، وەزیری سەنعەت و مەعدەن گوتی کە تەنها ١٤ هەزار ناوەندی بچوکی ئابووری ڕاوەستاون کە کاریگەرییان لە سەر بازار نابێ. هەرچەندە بەرپرسانی حکوومەت دەڵێن کە لە ساڵی ڕابردوودا وەزعییەتی ئابووریی ئێران باش بووە بەڵام ئامارە ڕەسمییەکانی بانکی ناوەندیی ئێران باس لەوە دەکەن کە کەساسی لە ئابووریی ئێراندا بەشێوەیەک بووە کە گەشەی ئابووری لە ئێراندا ٧/٪ بووە، کە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی جیهان، ئێران لە پلەی ١٠٥دا جێ دەگرێ.

لە ئەنجامی داخران و سەرنەکەوتنی کارخانە و پرۆژە ئابوورییەکان لە ئێراندا ڕێژەی بێکاری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەچێتە سەرێ، بە پێی دوایین ئامارە ڕەسمییەکان، نێونجی بێکاری لە ئێراندا ٢٠٪ ، بەڵام بەپێی ئامارە نارەسمییەکان نێونجی بێکاری لە ئێراندا زیاتر لە ٢٥٪ە کە دەکاتە یەک لەسەر چواری خەڵکی ئێران. واتە لە هەر بنەماڵەیکی ٤ کەسی یەکیان بێکارە، ئەوە لە حالێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە بەرنامەکانی گەشەی خۆیدا لەماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا هەوڵی داوە کە ڕێژەی هەژاری و بێکاری لە ئێراندا بشارێتەوە.

ئەو ئامارانەی سەرەوە باس لە نێونجی بێکاری و ڕێژەی داخرانی کارگەکان لە ئێراندا دەکەن؛ بەڵام ئەگەر ئاورێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوە دەبینین ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خراپترین دۆخی ئابووری دایە، کۆماری ئیسلامی ئێران بە بیانووی جۆراوجۆر و بەئەمنییەتی کردنی کوردستان، کەمتر هەوڵی داوە کە پرۆژەی ئابووریی گەورە لەوێ بینات بنێ. لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناتوانرێ کارگەیەک یان کارخانەیەک بدۆزیەوە کە ژمارەی کرێکارەکانی لە ٢٠٠ کەس زیاتر بێ، ئەو بەشەش کە بە کارخانەی بچوک ناسراون کاریگەییەکی ئەوتۆیان لەسەر بازاری کار و ئابووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. لە دوایین ئاماری ئەمساڵ کە ڕێکخراوی پیشەسازی و کانگاکان بلاوی کردۆتەوە، لە پارێزگای کرماشان لە ٤ مانگی ئەمساڵدا ٢٠٦ ناوەندی بچوکی پیشەسازی داخراون کە بۆتە هۆی ئەوەی کە ٣ هەزار بێکار بە ژمارەی بێکارەکانی پارێزگای کرماشان زیاد بکا.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی حکوومەت نیوەی ناوەندە پیشەسازییەکانی ئێران داخراون، نیوەکەی تریش بە توانایی کەمتر لە ٧٠ لەسەد درێژە بە کاری خۆیان دەدەن. هەروەها کەمتر لە ١٠ لەسەدی ئەو پرۆژانەی کە بەرنامەیان بۆ دانراوە، تەواو بن، لەمساڵدا تەواو دەبن، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی سەرچاوەی ماڵی و بایەخ نەدانی حکوومەت بەو پرۆژە و ناوەندانە، کە بەشی زۆری ئەو گوێنەدانەی حکوومەت وەبەر ناوچەکانی وەک کوردستان و بلووچستان دەکەوێ.

یەلام ئایا کێشەی داخرانی ناوەندە سەنعەتی و کارخانەکان چیە؟ لە ساڵێکدا کە ئایەتوڵڵا خامنەیی بە ساڵی ئابووریی خۆڕاگری(اقتصاد مقاومتی) ناودێری کردووە، خەریکە بەشێکی زۆر لە ناوەندە ئابوورییەکانی ئێران دادەخرێن. ئەگەر لە هۆکاری سەرەکیی داخرانی ناوەندە سەنعەتی و تەواو نەکردنی پرۆژەکان بکۆڵینەوە دەبینین کە بەشێکی بۆ بەڕێوەبەرەکان دەگەڕێتەوە کە لە سەر بەرنامەیەکی دیاریکراو و لە پێشدا ڕێکخراو، کارخانەکانیان بەرەو داخران دەبەن. هێزی کرێکاری و ئۆپۆزیسیۆن بەو ئەندازەیە نییە کە پێش بە داخرانی کارخانە و ناوەندە پیشەسازییەکان بگرێ. لە لایەکی دیکە لە سەرەوە بوونی «نرخی سودی بانکی» و ئەوەیکە کاری بەرهەمهێنان لە ئێراندا قازانجی لەچاو کارە غەیرە بەرهەمهێنەرەکاندا کەمترە، هۆکارێکی سەرەکیی داخرانی یەکە بەرهەمهێنەرەکانە.

لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە هەندێک خوێندنەوەی سەقەت بۆ ئابووری هاتنەئارا. لە لایەکی دیکە بە هۆکاری جۆراوجۆر ئێران تا هەنووکەش ئەمنییەتی پێویستی بۆ سەرمایەگوزاری(ی تایبەتی) نییە. هەروەها کۆماری ئیسلامی ئێران بەوە نەوەستا بەڵکوو زۆر جار لە پێشکەش کردنی ئاماری ڕاست و دروست لە مەڕ ڕێژەی گەشەی ئابووری و ڕێژەی بێکاری خۆی بواردووە. حکوومەت بە پێشگرتن لە هێنانی تەکنۆلۆژیی نوێ و سەرمایەگوزاریی دەرەکی، هەوڵی دا کە دەسەڵاتی خۆی لە ئێراندا بچەسپێنێ ئەمەش لە سێبەری فرۆشتنی نەوتی خاودا و، داهاتێک کە لەم ڕێگەوە بە دەستی دێنێ. ئابووریی ئێران لە قۆناغگەلێکدا کە نرخی نەوت لە سەرێ بووە، تووشی نەخۆشیی «هولەندیی ئابووری» بووە و بەم چەشنە هەم پشتی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی چەماوەتەوە و هەم بازاری ئێران بۆتە شوێنی ساغ کردنەوەی کاڵای دەرەکی.

لە کۆتاییدا ئەگەر چاو لە ڕاپۆرتی ناوەندی لۆگاتۆم بکرێ دەبینن کە وەزعییەتی ئابووریی ئێران چەندە خراپ و بێتوانایە. هەرچەندە دەسەڵاتدارانی ئێران دەیانگوت دوای لاچوونی گەمارۆکان وەزعییەت باشتر دەبێ بەڵام تا ئێستا ناوەندە ماڵی و بانکە گەورەکانی دنیا لەبەر نەبوونی متمانەی پێویست، لە دروست کردن(ەوەی) پێوەندی لەگەڵ بانکەکانی ئێران خۆدەبوێرن.

بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی لۆگاتۆم ئێران لە بواری ئابووریدا ساڵی ٢٠١٥، پلەی ١٠٥ی لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهاندا بووە، ئەوە لە حالێکدایە کە لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا پلەی ٩١ و ٧٠ی هەبووە، بە وردبوونەوەیەک لەو داتایانە دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵ بە ساڵ لە بواری ئابووریدا بێتواناتر بووە و لە کاتێکدا ئێران لە ساڵی ٢٠١٢دا پلەی ٧٠ی هەبووە، لە ساڵی ٢٠١٥دا، ٣٥ پلە دابەزیوە و بۆتە ١٠٥، کە ئەمە بۆ وڵاتێک کە تێیدا ڕێژەی بێکاری ٢٥٪ ە و حەشیمەتەکەی لە ٨٠ میلیۆن کەس نزیک دەبێتەوە گیروگرفتێکی گەورەیە و، کارەساتێکی ئابووری چاوەڕێی دەکا.

ئابووری

# ستادی بەڕێوەبەریی فەرمانی ئیمام لە بواری دەوا و دەرمان‌دا چ دەکا؟

ڕەزا حەقیقەتنژاد
وەرگێڕان: «کوردستان»

بنیاتی «بەرەکەت» ئەوەندەی بنیاتی «مستضعفان» یان بنیاتی شەهید و بنیاتی «تعاون»ی سپا ناسراو نییە بەڵام پێدەچی بە ڕادەی وان بەهێز و دەسەڵاتدار بێ. ئەم بنیاتە لە ٢٠ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی دەستی بەکار کرد. خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، بە ستادی بەڕیوەبەریی فەرمانی ئیمام دەستووری دا بۆ سڕینەوەی هەژاریی لە ناوچە هەژار و بێ‌بەشەکان، چالاکی‌گەلێک ئەنجام بدەن.

> ستادی « بەڕێوەبەریی فەرمانی ئیمام» لە ساڵی ٦٨ی هەتاوی بە دەستووری خومەینی پێکهات و گەورەترین ئەرکی دۆزینەوە و خستنەرووی سەروەت و سامانی بنەماڵەی «شا» و داگیرکردنیان بوو بە قازانجی کۆماری ئیسلامی. بە پێی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیی ڕۆیتێرز، سەروەت و سامانی ئەم ستادە لە ساڵی ٢٠١٣ بە زیاتر لە ٩٥ میلیارد دۆلار خەمڵێندراوە

ستادی « بەڕێوەبەریی فەرمانی ئیمام» لە ساڵی ٦٨ی هەتاوی بە دەستووری خومەینی پێکهات و گەورەترین ئەرکی دۆزینەوە و خستنەرووی سەروەت و سامانی بنەماڵەی «شا» و داگیرکردنیان بوو بە قازانجی کۆماری ئیسلامی. بە پێی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیی ڕۆیتێرز، سەروەت و سامانی ئەم ستادە لە ساڵی ٢٠١٣ بە زیاتر لە ٩٥ میلیارد دۆلار خەمڵێندراوە.

ساڵی ٨٦، خامنەیی فەرمانی دامەزراندنی بنیاتی «بەرەکەت»ی دەرکرد. بە گوتەی شاهین شاهین‌ئارانی یەکەم بەرپرسی گشتیی ئەو بنیاتە، بە پێی سیاسەتی ڕاگەیەنراو تەنیا کارکردن لە شارۆچکەکان و ناوچەکانی دوورەدەست و بێ‌بەشەکانی وڵات لە ئەجێندای ئەو بونیادەدا بوو. بە ڕواڵەت چالاکیی بنیاتی بەرەکەت لە بواری کۆمەلایەتی دایە و ڕۆڵی کوڕی باشی بنەماڵە دەگێڕن. سەردێڕی هەڵبژێردراو بۆ بیلان و کارنامەی کاری ئەو بنیاتە لەساڵی ٩٤ ئەمەیە: «لە سازکردنی مزگەوت هەتا سڕینەوەی هەژاری». عارف نەورۆزی، کارگێڕی هەنووکەیی ئەم بنیاتەش خەرمانانی٩٤ی هەتاوی بە هەواڵنێری ئیرنا ڕادەگەیەنێ کە ئێمە لە ٢٠٠ گەلاڵەی ئابووری بە بەهای ٢٣٣٩ میلیارد تمەن بەشدارین و ٨٠ لەسەدی چالاکی‌یەکانی ئەم بنکەیە لە بواری ئابووری و ڕەخساندنی دەرفەتی کار و پیشەسازی‌یە لە ناوچە هەژارکەوتووەکان.

چالاکی‌گەلێکی وەکوو بەخێوکردنی منداڵی هەتیو، دابین کردنی کەلوپەلی نێو ماڵ بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، یارمەتی‌دانی بنەماڵە دەسکورتەکان، سازکردنی قوتابخانە و مزگەوت، گرینگترین کارن کە لە بەرنامەی پرۆپاگەندەیی ئەو کۆمپانیایەدا ڕاگەیەنراون. بەڵام کاری سەرەکیی ئەم کۆمپانیایە لە بوارگەلی دیکە دایە، وەکوو پۆلا، خانووبەرە، پیشەسازیی خواردەمەنی و دەرمان. لەم بوارانەدا لانیکەم ١٣٠ کۆمەڵەی ئابووری لە ژێر چاوەدێری بنیاتی بەرەکەت‌دا چالاکی‌یان هەیە. لەم ساڵانی دوایی‌دا بونیادی بەرەکەت بەرەو قۆرغکاری‌یەکی نوێ هەنگاوی ناوە کە چاوخشاندنێکی خێرا دەتوانێ زۆر شت ڕوون بکاتەوە.

هەوڵدان بۆ قۆرخکاری لە بیاڤی دەوا و دەرمان‌دا لە لایەن ئەم بنیاتە لە ساڵی ٨٩ دەستی پێکرد. ستادی بەڕێوەبەریی فەرمانی ئیمام پێشتر هێندیک کۆمپانیای دەوا و دەرمانی داگیرکراوی لە دەست‌دا بوو بەڵام لەساڵی ٨٩ەوە بە وەڕێخستنی «کۆمپانیای تەکنۆلۆژیی نوێی دەوا و دەرمانی مشوور»و هەوڵدان بۆ سازکردنی شارۆچکەی پیشەسازیی گەورەی دەوا و دەرمان هەنگاوی نوێی بۆ قۆرخکاری هەڵێناوەتەوە و هەنووکە بە هەبوونی نزیکەی ٢٠ کۆمپانیا کە هەموویان لە ژێر چاوەدێری بنیاتی دەوا و دەرمانی «بەرەکەت»دان لە ئامانجەکەی نزیک بۆتەوە.

بەشیکی هەرەگەورەی ئەم کۆمپانیایانە لە گرووپی سەرمایەگوزاریی «البرز»دا حزووریان هەیە. «البرز بالەک»، گرووپی دەوا و دەرمانی سوبحان، گەشیپێدانی ئەلبورز، بەرهەمهێنانی دەوا و دەرمان، کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی ئەلبورز، کی بی سی، «ئێران دارو» سوبحان دارو و ئەلبورز دارو. کۆمپانیاکانی دیکەش بریتین لە: «آتی فارمد، شفا فارمد، برکت تل، سل تک فارمد، بیوسان فارمد، شاروچکەی پیشەسازیی دەوا و دەرمانی بەرەکەت، پرشین داروی برکت و هربی فارمد».

بەشیک لەم کۆمپانیایانە دەستبەسەرداگیراون، وەکوو کۆمپانیای «سوبحان دارو» و «سوبحان انکولوژی» کە لە شاری ڕەشت یان ئەلبۆرز، «ئێران دارو» و بەرهەمهێنانی دەرمان کە لە تارانن. بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی دەوا و دەرمانی ئەلبورز کە بە گرینگترین کۆمپانیای دەرمان دێنە ئەژمار، هی «کازم خوسرەوشاهی» وەزیری بازرگانی دەوڵەتی ئاموزگار بوو، بەشێک لەو کۆمپانیایانە بەتەنیا زلهێزیکی ئابوورین. کۆمپانیای ئەلبورز ئێستاکە بە هەبوونی ٩٠٠٠٠ هەزار ئەنباری سەرداپۆشراو، چوارەمین بنکەی بلاوکردنەوەی دەوا و دەرمانی وڵاتیان لە دەست دایە. ئەم کۆمپانیایە زیاتر لە هزار میلیارد تمەن بایەخی ماددی هەیە. بونیادی بەرەکەت تەنیا لەم بوارەدا دەستی بالای نییە. کۆمپانیای «کی بی سی» یەکێک لە زلهیزەکانی هاوردەکردنی دەرمانە بۆ ئێران کە ئەویش شیرکەتێکی داگیرکراوە. بونیادی دەوا و دەرمانی بەرەکەت بەتەنیا مافی بەرهەم هێنانی «پنی‌سیلین»، دەوا و دەرمانی ئەعساب و دەروونی، دەوا و دەرمانی دڵ و ... لە دەست دایە.

ئەوان بۆ پەرەپێدان بە بازنەی قۆرخکاری هاتوونەتە نێو بازاری دەرمانە گیایەکان و لە کۆی ٢٠ هێکتار لە ناوچەی ئابووریی تایبەتی پاریزگای فارس بڕی ٢٠٥ میلیارد تمەنیان سەرمایەگوزاری کردووە. بنیاتی بەرەکەت ڕایگەیاندووە کە لە بواری گیادەرمانی دەیهەوێت سەرمایەگوزاری ٢ میلیارد دولاری بکا.

هەنگاوی گرینگی ئەم بنیاتە بۆ مۆنۆپۆڵکردنی بواری دەوا و دەرمان، تەرخان‌کردنی زەویەکی ٢٠٠ هێکتاری لە کوردانی کەرەج بۆ سازکردنی شاروچکەی پیشەسازیی دەوا و دەرمانە. ئەم شاروچکەیە بە سەرمایەگوزاری ٣٠٠ میلیارد تمەنی وەڕێخراوە. سەرمایەی شیرکەتی «شفا فارمد» کە شیرکەتێکی بەرهەمهێنەری دەرمانە، ١٢٠ میلیارد تمەن ڕاگەیەنراوە.

بە پێی زانیاری‌یە فەرمی‌یەکان کە لە لایەن کۆمپانیای دەرمانی بەرەکەتەوە بڵاوکراوەتەوە لە ئێستادا ٤٢٠ جۆر دەرمان بەرهەم دێنێ کە نێونجی ١٤ لەسەدی دەرمانە هەرەپێویستەکانی وڵاتن. سەرەڕای ئەمەش هێشتاکە دوورەدیمەنی‌تریان هەیە و خەریکی سازکردنی کارخانەی «سلولی» بە بەشداریی دامەزراوەی «رویان»ن. هەروەها دەیانهەوێت زانکۆیەکی نێونەتەوەیی لە بواری دەرمان دامەزرێنن و شیرکەتی بەرهەم هێنانی «سرم»یش هەر لە سەر دەستی ئەم بنیاتە لە شاری ئەردەبیل وەڕێخراوە و ...

بنیاتی بەرەکەت لە تۆڕێکی پێچەڵپێچی بەشداریی کەڵک وەردەگرێ. بۆ نموونە لە شیرکەتی «پرشین داروی البرز» ئەم شیرکەتە لەگەڵ زانکۆی زانستی پزیشکی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات ، «بقیه الله» و شەهید بەهەشتی پشکدارە و بە کردەوە وەزارەتی بێهداشت شەریکی پرۆژەکەیە. لە هەندێک لە کۆمپانیاکانیش‌دا لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیمە بەشداریی ئابووریی کردووە. بونیادی بەرەکەت کۆمپانیای سەرمایەگوزاری گەشەپێدانی وەڕێخستووە و سەرەڕای بەشداری لە بورس‌دا لە پرۆژەکانی دیکەی دەوا و دەرمانیش‌دا سەرمایەگوزاری دەکا تا بتوانێ بازنەی نفووزی خۆی بەربڵاو بکاتەوە.

> مەزەندە کردنی سەرمایەی بنیاتی بەرەکەت لە بواری دەوا و دەرمان‌دا کارێکی ئاسان نییە. چونکە زانیاریەکی ڕوون لە ئارادا نییە. تەنیا سەرمایەگوزاریی ٥ کۆمپانیای سەر بەو بنیاتە، زیاتر لە ٥ میلیارد دۆلارە

لە ئێستادا بنیاتی بەرەکەت «غول»ێکی گەورەی دەوا و دەرمانە لە ئێران‌دا. کۆمپانیا بیانی‌یەکانیش کە دێنە نێو بازاری ئێران دەبێ لەگەڵ ئەم بونیادە بسازێن. کۆمپانیای دانمارکی « نووو نوردیسک»کە ئەمسال دەیهەویست «انسولین» لە ئێران بەرهەم بێنێ نموونەیەکی بەرچاوە، کە ئەم کۆمپانیایە دوای دانوستانێکی زۆر لە کۆتایی‌دا ٤ هێکتار لە شارۆچکەی پیشەسازیی گرێدراو بەشیرکەتی بنیاتی بەرەکەتی پێدرا بۆ ئەوەی کارخانەکەی دامەزرێنێ.


مەزەندە کردنی سەرمایەی بنیاتی بەرەکەت لە بواری دەوا و دەرمان‌دا کارێکی ئاسان نییە. چونکە زانیاریەکی ڕوون لە ئارادا نییە. تەنیا سەرمایەگوزاریی ٥ کۆمپانیای سەر بەو بنیاتە، زیاتر لە ٥ میلیارد دۆلارە.

بەسەرهاتی بنیاتی بەرەکەت تەنیا یەکیکە لە دەیان چیرۆکی ستادی بەڕێوەبەریی فەرمانی ئیمام. ئەوان لە بواری خزمەت بە ناوچە هەژارکەوتووەکان لایان نەدا بەڵکوو ڕاست چوونە بواریکەوە کە پڕە لە سوود و پارە. کۆماری ئیسلامی لە ٣٧ ساڵەی خۆی‌دا نیشانی داوە کە بە خەڵکی هەژار و بێ‌بەش پێویستی هەیە و لەهەمووی گرینگتر بە پارە نیازی زیاترە، ئەمەش ڕازی مانەوەیەتی.

/٩٣٢٠/http://iranwire.com/features

میژووی زیندوو

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ئیقباڵ سەفەری



هەیاس کاردۆ

پێم خۆشە لە سەر شاباڵی «هوما» دانیشم و لە ژێر هەوران‌ڕا بڕوانمە پێدەشت و شاخ و دۆڵ و دەرەکانی کوردستان. خۆزگەمە بتوانم لە هەورازان وەسەر کەوم و لوتکەی هەرە بەرزاییەکانی نیشتمان بکەمە جێ‌هەوار. ئاواتمە دەگەڵ جووڵەی هەڵۆ خۆ ڕێکخەم و لە ڕژد و هەڵەمووتان لەنگەر بگرم. تامەزرۆی بەهرەمەند بوون لە هێزی فڕینم، چونکە بۆ گەیشتن بە ئاواتی حاڵی بوون لە ورەی پێشمەرگە بەکارم دێ. هیوام ئەوەیە بتوانم خۆ بە دنیای بێ سنووری ئازایەتیی پێشمەرگەدا بکەم و لە نێزیکەوە ئاگاداری ئەسراڕی ئەو دنیا سیحراوییە بم. زۆرم پێ خۆشە هێزێکی خۆڕسک یاریدەی دابام خانەکانی مێشکی پێشمەرگە بخوێنمەوە و بزانم ئەو هەموو ئازایەتی و غیرەت و ئیمان و دڵفرەوانی‌یە چۆن یەکیان گرتووە؟

داخی گرانم، ئەوانە تەنیا ئاواتن و منی کڵۆڵ بەخەونیش لەو مەجالە بەهرە وەرناگرم کە بتوانم بە ئاواتی دڵ بگەم. بەڵام ئەوەی دەزانم کە بۆ ئاگادار بوون لە دنیای پڕ لە ڕەمزورازی پێشمەرگە و شارەزا بوون لە ڕادەی گیانبازی و فیداکاری‌یەکانی، ڕێگای دیکەش هەن. بۆ کەسێک کە خولیای تێگەیشتن لەم دنیا ئەفسووناویە بێ، دۆزینەوەی ڕێگاکانی پێ‌گەیشتنی کارێکی دژوار نیە. پێشمەرگە کە خۆی خولقێنەری ئەو دنیا پڕ لە کارەساتەیە و داستاننووسی ڕاستینی ئەو بەستێنەیە، باشترین و جێ‌متمانەترین سەرچاوەی زانیاری و سەرەکیترین ئامرازی کردنەوەی ئەو دەرگا قفڵکراوەیە. هەر بۆیە بە شانازییەوە پەنای بۆ دەبەم و بۆ کردنەوەی دەرگای پۆلایینی ئەو دنیا پڕ لە ڕەمز و ڕازە داوای یارمەتی لێ دەکەم.

***

لە گەشتی بەسەرکردنەوەی پێشسوارانی مەیدانی نەبەزین و سوارچاکانی ئەزموونی خوێنین‌دا ڕێم دەکەوێتە مەڵبەندی ئەهوورامەزدا و لە قەراغ مەرقەدی مەلەکە تاووس وچانێک دەدەم. وەبیرم دێتەوە ئەوە مەوتەنی بە ساغی‌ماوی کوردانە و گێژەڵووکەی زەمان نەیتوانیوە تێکیەوە پێچێ. هەر بۆیە سەری ڕێزم لە حاند گەورەیی و دڵسۆزیی‌دا نەوی دەکەم و بە وجوودی ئەو مەڵبەندە و دڵسۆزیی خەڵکە قەت‌نەحەساوەکەی، ورەم زیاتر دەبێ. هەر لەوێڕا سەر هەڵ دەبڕم و چاوێکی بەپەلە بە کەنارەکانی بەمۆ و دەشتی پان و بەرینی سەلاس و ناوچە سەخت و هەڵەمووتەکانی قەڵخانی‌دا دەگێڕم و ئەوجار بە مەبەستی دۆزینەوەی سەرچاوەی زانیاری‌یەکان تەکانێک دەدەمە خۆ و درێژە بە ڕێگا دەدەم. کە ڕوو لە بەرزایی بەمۆ دەکەم هێزی لەشم زیاتر و ورەی سەرکەوتنم چەند هێندە دەبێ. دەدڵم چەقیوە دەتوانم کلیلی کردنەوەی دەروازەی زانیاری‌یەکانم لەسەر دوندی ئەو بەرزاییە بدۆزمەوە و ئیتر لێی پاڵ دەمەوە. هەر بۆیە هەنگاوم خۆشتر و ڕێگای بڕینم هاسانتر دەبێ. کە خۆ دەگەینمە سەر دوند، مخابن بەسەر «هەواری خاڵی»دا دەکەوم و ئەوەی لێی دەگەڕێم نایدۆزمەوە. لەو لووتکە بەرزەڕا کە سەردەمایەک جێ‌هەواری هەڵۆ تیژباڵەکانی ئەو دەڤەرە بوو، هەناسەیەکی قووڵ هەڵ‌دەکێشم و پڕ بەدەم هەوای ساف و بێ گەردی ئەو ئاو و خاکە پاکە هەڵ‌دەمژم. ئینجا دەچم دەبیرێکی قووڵەوە و بۆ دۆزینەوەی لێ‌ون‌بووم سواری باڵی خەیاڵ دەبم. سەرئەنجام بە ئاوات گەیشتم و سوارچاکە بەناو بانگەکەی هەڵوەدای کوردایەتیم لە ئیسکاندیناوی، بە مەودای هەزاران کیلۆمیتر دوورتر لە مەیدانی ئەسڵیی خەبات دۆزیەوە.

تێکۆشەر ئیقباڵ سەفەری خەڵکی «زەردە»ی ناوچەی داڵاهۆ(کەرەندی ڕۆژئاوا)یە و سەر بە ئێلی «قەڵخانی»یە. ئەو لە پەیرەوانی ئەهلی «حەق»ە کە بە «یارسان» ناسراون. یارسانەکان خاوەنی دەوڵەمەندترین کلتووری ڕەسەنی کوردین و لە درێژەی زەمان‌دا خۆیان لە بەرانبەر هێرشی دوژمنانی کورد پاراستوە. ئەوانە بە ڕاست‌وێژی، دڵپاکی، خۆبەخشی، بەویژدانی و کاری هەرەوەزی ناوبانگیان هەیە. یارسانەکان مێژووی کوردن و کورد بە بێ ئەوان مێژووی ناتەواوە. سەیر کەن کاک ئیقباڵ خۆی لە بارەی گوندی زەردە چیمان



ئیقباڵ سەفەری

پێ‌دەڵێ: «گوندی زەردە لە باری سیاسی‌یەوە جێگای تایبەتی خۆی هەیە. بە هۆی ئەوە کە ناوەندی خەباتی دژی داگیرکەری عەرەب بووە و بە دەیان کەس لە ڕێبەرانی ئایینی یارسان لەم دەڤەرە ژیاون و مەرقەدەکانیشیان هەر لێرەیە، لە باری خۆڕاگری و ڕۆشنبیرییەوە جیاوازە لە ناوچەکانی دیکە. هەر بۆیەشە بۆ خۆیان(خەڵکی گوندەکە) ساڵی ١٣٣٧ قوتابخانەی کوردی دادەمەزرێنن کە ساڵی ١٣٤٠بە زۆر دەکرێتە فارسی».

دەوران، دەورانی بەشداری لە خەباتی ڕاستەوخۆی ڕۆڵەکانی کورد بۆ وەدەست هێنانی ئاواتە ون‌بووەکانیان بوو. سەدان و هەزاران لاوی تازە پێ‌گەیشتوو بە کچ و کوڕەوە لە سەرانسەری کوردستان قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵی و لە ڕیزی یەکگرتوودا بانگی ئازادییان بەرز کردەوە. لە مەڵبەندی کوردپەروەری داڵاهۆش کە کوردبوون و کوردانەژیان، تێکەڵاوی خوێنیانە، لاوان وەخۆکەوتن و بە مەبەستی زیندوو ڕاگرتنی ژیانی کوردانەیان ڕوویان لەو مەیدانە کرد. تێکۆشەر ئیقباڵ سەفەری کە لەو سەردەمەدا زیاتر بیری چەپ بوون و بەشداری لە خەباتی چینایەتی خانەکانی مێشکی تەنیبوو، زۆر زوو هەستی بە باری قورسی سەرشانی کرد و تێکەڵ بە دەریای خرۆشاوی شۆڕشگێڕانی کورد بوو. ئەو زوو بڕیاری دا و بەپەلە ڕیزی پێشمەرگەی هەڵبژارد. «ساڵی ١٣٦٠ بوومە ئەندامی حیزب. شەهیدان ئەمین محەممەدی و جەهانگیر ناسری گەیشتبوونە شاخی بەمۆ لە دەستەی شەهید جەهانگیر. بەهاری ١٣٦١ لەگەڵ چەند کەسی دیکە کە یەکیان بە ناوی(م.ع)، ناوی خوازراوی(هەژار) و ئێستا لە وڵاتی نۆڕوێژ دادەنیشێ گەیشتمە بەمۆ...».

ئەوجار ئیدی ئەوە مەیدانی خەبات و سەنگەری پێشمەرگەیە کە لاپەڕەکانی ژیانی ئیقباڵ دەڕازێنێتەوە، یان باشترە بڵێم ئەوە ئیقباڵ سەفەری‌یە کە مێژووی خەبات و بەرخۆدان تۆمار دەکا. ناوبراو لە پێشمەرگایەتی‌ڕا دەستی پێ کرد، لە پەل دامەزرا و بڕیاری خۆ ڕێکخستن دەگەڵ ژیانی شۆڕشگێڕانەی دا. بە هۆی ئەزموونی پێشتری لە بواری نیزامی و ناسینی «فن»ی شەڕ و کەڵک وەرگرتن لە چەک، زۆر زوو کەوتە بەر سەرنجی فەرماندەرانی نیزامی و بەرپرسانی سیاسی. دواتر هەتا بەرزترین پلەکانی نیزامی سەرکەوت و وەک فەرماندە هێزێکی بە توانا خۆی نیشان دا. بەوەش نەوەستا و ڕۆڵی بەرپرسایەتیی سیاسی وەرگرت و خۆی لە نێو ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەکەی‌دا جێ‌کردەوە.

درێژەی خەبات و مانەوەی تێکۆشەر ئیقباڵ سەفەری لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا، کەسایەتی‌یەکی ناسراو و فەرماندەرێکی جێ‌متمانە و کادرێکی جێکەوتووی لێ دروست کرد. هەتا دێ نەخشی ناوبراو لە نێو پێشمەرگەدا زیاتر و بواری کار و تێکۆشانی بەرفروانتر دەبێ. دەیان عەمەلیاتی سەرکەوتووی نیزامی لە ناوچەکانی هەورامان، داڵاهۆ، سەلاسی باوەجانی، جوانڕۆ، قەڵخانی، زەهاو، مایەشت و کۆزەران، شائاوا، کرماشان، کامیاران، قەسری شیرین، مەریوان، سنە و گەلێک شوێنی دیکەش لە ژێر فەرماندەریی بەڕیز سەفەری، یان بەهاوکاریی ئەو بەڕێوە چوون و بەوەش لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی چەکداریی خەڵکی کوردستان زیاتر ڕازاوەتەوە. لە جەنگەی خەباتی سەختی چەکداری‌دا فەرماندەری بەوەج، هەمیشە دەگەڵ پێشمەرگە و لەپەنا پێشمەرگە و هاوهەنگاوی پێشمەرگە بووە. هەر لەو سۆنگەیەشەوە چەند جار بە سەختی بریندار بووە و بەشێک لە ئەندامانی لەشی زەبری قورسیان وێ‌کەوتوە.

ناکرێ باسی مێژووی کورد بکەی و خەباتی چەکداری هەڵاوێری. «ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین، سەیری کە خوێناوی‌یە ڕابوردوومان». کە باسی خەباتی چەکداری دەکەی لازمە لەوانە بدوێی کە تێیدا بەشدار بوون. بەشدارانی ئەسڵیی ئەو مەیدانەش دیارە هێزی پێشمەرگەی کوردستانن کە تێکۆشەر ئیقباڵ سەفەری سیمای هەرە ناسراوی ئەو بوارەیە و بۆ ڕابوردووی پڕ لە شانازیی و ئێستای پڕ لە ماندوو بوونی، شیاوی وەگررتنی لەوحەی ڕێزلێنانە.

# ڕۆڵی ناتۆ لە داهاتووی ئەمنییەتی جیهان‌دا



ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژی هەینی ١٨ پووشپەڕ(٨ژووئیە) ڕێبەرانی ٢٨ وڵاتی ئەندام لە ڕێکخراوی ناتۆ لە وەرشۆی پێتەختی وڵاتی لەهێستان کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا پاش باس و لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی ئەمنی جیهان و ڕۆڵی ناتۆ لە بەگژداچوونەوەی مەترسی‌یەکانی تێرۆریزمی جیهانی، چەند بڕیارێک پەسند کرا. ناتۆ وێڕای ڕەخنەی توند لە ڕووسیە لەپێوەندی لەگەڵ قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکڕاین، بڕیاری دا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەگەری هەر چەشنە هەڕەشە و مەترسی‌یەک بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا لەلایەن ڕووسیەوە، چوار هەزار سەرباز لە لەهێستان و سێ وڵاتی دەریای باڵتیک(لیتۆنی، لیتوانی، ئێستۆنی) جێگیربکا. هەروەها جگە لە پێداگری لە سەر بەردەوام بوون لە شەڕ لەگەڵ داعش و بەگشتی تێرۆریزم لە ئاستی جیهانی‌دا، ناتۆ بڕیاری‌دا بە دامەزراندنی سیستەمی قەڵغانی دژەمووشەکی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا. دیارە هەر وەک سەرۆک وەزیرانی ئاڵمان، ئانگێلا مێرکێل و چەند بەرپرسێکی دیکەی ئەو وڵاتە و ڕێکخراوی ناتۆ ڕایانگەیاندوە، دامەزراندنی قەڵغانی دژەمووشەک بۆ پاراستنی ئورووپا لە ئەگەری هەرچەشنە هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و مەبەست لە دامەزراندنی ئەو قەڵغانە بەرگری لە بەرانبەر ڕووسیەدا نییە. سەرۆک وەزیرانی ئاڵمان بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندوە کۆماری ئیسلامی بەبێ لەبەرچاوگرتنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان خەریکی بەرهەمهێنانی مووشەکی دوورهاوێژە کە دەتوانی بۆ ئورووپا مەترسی‌دار بێ.

ڕووسیە هەر لەجێ‌دا لەگەڵ هەرچەشنە پێشڕەوی‌یەکی ناتۆ بۆ نیزیک سنوورەکانی خۆی تووڕەیە و ئەو کارە بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێ. هەروەها ڕووسەکان ڕەخنەی توندیان لە دانانی قەڵغانی دژەمووشەکی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا گرتوە و پێیان وایە دامەزراندنی ئەو سیستەمە و هەروەها دانانی مووشەکی دوورهاوێژ لە وڵاتی ڕۆمانی، هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئامریکا و ڕێکخراوی ناتۆ دەشکێنێتەوە. بەوحاڵەش پاش لکاندنەوەی شێوە دوورگەی کرێمە بە خاکی ڕووسیە و شەڕ و ئاژاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکڕاین کە ڕووسەکان بە ئاشکرا دەستیان تێدا هەبوو، ناتۆ باش دەزانێ کە ئەو زلهێزە کە سەودای گەڕانەوە بۆ سەردەمی هێز و هەیبەت و هەیمەنەی سۆڤیەتی پێشووی لەسەردایە، جێگەی متمانە نییە و ئەگەری ئەوە هەیە

لەپێوەندی لەگەڵ قەڵغانی دژە مووشەکیش جێی باسە بە لەبەرچاوگرتنی هەڕەشەی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر وڵاتانی ناوچە و هەوڵدانی بێ‌وچانی ئەو ڕێژیمە بۆ دەستوێڕاگەیشتن بە چەکە کۆمەڵکوژەکان(چەکی ناوکی و مووشەکە بالێستیکە دوورهاوێژەکان کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکی‌یان هەیە) و سەرەڕۆیی و لەژێر پێنانی هەموو یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان و بەگشتی نەبوونی متمانە بە کۆماری ئیسلامی، ڕێکخراوی ناتۆ و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بە مافی خۆیانی دەزانن بە دانانی قەڵغانی دژەمووشەک بەرگری لە خۆیان بکەن

دەست بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا، بەتایبەت سێ کۆمارە پێشوویەکەی یەکێتیی سۆڤیەت لە دەریای باڵتیکدا بگرێ. هەر بۆیەش هەرچەند لە ناردنی هێزی زۆر بۆ ئەو وڵاتانە خۆیان بوارد، بەوحاڵەش بە جێگیر کردنی ئەو چوار هەزار سەربازە، بەکردەوە ناتۆ هێڵێکی سووری لەبەردەم مەزنخوازی ڕووسیە لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و دەریای باڵتیکدا کێشا.

لەپێوەندی لەگەڵ قەڵغانی دژە مووشەکیش جێی باسە بە لەبەرچاوگرتنی هەڕەشەی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر وڵاتانی ناوچە و هەوڵدانی بێ‌وچانی ئەو ڕێژیمە بۆ دەستوێڕاگەیشتن بە چەکە کۆمەڵکوژەکان(چەکی ناوکی و مووشەکە بالێستیکە دوورهاوێژەکان کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکی‌یان هەیە) و سەرەڕۆیی و لەژێر پێنانی هەموو یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان و بەگشتی نەبوونی متمانە بە کۆماری ئیسلامی، ڕێکخراوی ناتۆ و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بە مافی خۆیانی دەزانن بە دانانی قەڵغانی دژەمووشەک بەرگری لە خۆیان بکەن. کۆماری ئیسلامی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو و بەتایبەت لەپاش هاتنە سەرکاری ڕوحانی‌دا نیشانی داوە ئەگەر لەژێر گوشاری نێونەتەوەیی و گەمارۆ هەمەلایەنەکان کە دەرئەنجامەکەی داڕمانی ژێرخانی ئابووریی وڵات بوو، ناچار کراوە بە شێوەی کاتیش بێت واز لە پیتاندنی ئۆرانیۆم و پرۆسەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی بێنێ، لەبەرانبەردا و بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە و بەرز کردنەوەی باڵادەستی نیزامی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، زۆر بە ڕژدی ڕووی لە پەرەپێدانی تێکنۆلۆژی بەرهەمهێنانی مووشەکی دوورهاوێژ کردوە. هەر بۆیەش ساڵی ڕابردوو و چەند ڕۆژ لەپاش واژۆ کردنی »بەرجام«، مووشەکی دوورهاوێژی «عیماد»ی تاقی کردەوە کە دەتوانێ ئامانجەکانی لە وڵاتانی ئورووپایی‌دا بپێکێ. دیارە ئەو تاقی‌کردنەوە مووشەکی‌یانە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بێ وەڵام نەمانەوە و وێڕای مەحکووم کرانیان، نەک هەر سزای ئابووری نوێی بۆ ڕێژیم بەدواوەدا هات، بەڵکوو لە ڕاستی‌دا کۆسپی جیدی خستە سەر بەکردەوەکردنی بەرجام و گەڕانەوەی متمانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە کۆماری ئیسلامی.

ڕاستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا هەمیشە یەکێک لەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و شەڕخوڵقێنەرانە بووە کە مەترسی هەبوە بۆ ئاشتی و ئەمنییەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان بە گشتی و دیارە هەتا ئەو ڕێژیمە بەو نێوەڕۆک و سیاسەتەوە بمێنێ، واز لە سەرەڕۆیی و ئاژاوەنانەوە و شەڕئەنگێزی ناهێنێ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی دراوسێی ئێران کەم و زۆر ڕووی ئاسایش و ئەمنییەت بەخۆیانەوە نابینن. بەڵام ئەوە بەشێک لە ڕاستی‌یەکانە و دەبێ لەبیرمان نەچێ جیهانی ئەمڕۆ زۆر زیاتر لە سەردەمی شەڕی سارد لە مەترسی دایە و لەگەڵ زۆر کێشە و گرفتی دیکە و مەترسی شەڕ و پێکدادانی نێوان زلهێزە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان و تێرۆریزمی هەوسارپچڕاو بەرەوڕوویە ولە ئاستی جیهانی‌دا، کۆماری ئیسلامی ئێران تەنیا یەکێک لەو یاریکەرە ناوچەیی‌یانەیە کە ڕۆڵ و پێگەی تایبەتی هەیە لە خۆشکردنی شەڕ و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

لەپاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و نەمانی شەڕی سارد و هەڵوەشانەوەی پەیمانی وەرشۆ(پەیمانی بەربەرەکانی وڵاتانی سوسیالیستی پێشوو)، زۆر کەس و لایەنی سیاسی لایان وا بوو ئیتر بوونی پەیمانی ناتۆش هیچ پێویستی‌یەکی ئەوتۆی نەماوە و ڕەنگە ئەگەر درێژە بە مانیشی بدات، پەیمانێکی ڕواڵەتی دەبێ و ئەو گرینگی‌یەی کە لەسەردەمی شەڕی ساردا هەیبوو نایمێنێ. بەڵام هەر وەک دەبینین لەپاش شەڕی سارد نەک هەر ناتۆ درێژەی بە بوونی خۆی‌دا، بەڵکوو ڕێژەی ئەندامانی کە لە سەرەتادا هەتا کۆتایی شەڕی سارد ١٦ وڵات بوون بەرز بۆوە و هەر ئێستا ٢٨ وڵات ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە و ڕەنگە ئەو ڕێژەیە بەرەو زیادبوونیش بڕوات. جگە لەوەش ئەگەر لە سەردەمی سۆڤیەت و جیهانی دوو جەمسەری‌دا ناتۆ لەگەڵ پەیمانی وەرشۆ لە شەڕی سارد دا بوون و بەهۆی هاوسەنگی هێز و ئەگەری تێداچوونی جیهان و مرۆڤایەتی بەگشتی، خۆیان لە بەرەوڕووبوونەوە و شەڕی گەرم دەپاراست، ئێستا ڕێکخراوی ناتۆ و لە سەرووی هەموو ئەندامەکانی‌یەوە ئەمریکا، لەچەند بەرەوە لەگەڵ شەڕ و ئاژاوە و ئەگەری سەرهەڵدانی پێکدادان بەرەوڕوویە.

دیارە شک لەوەدا نییە وەک چۆن هەر دوو شەڕیماڵوێرانکەری یەکەم و دووهەمی جیهانی لە لایەن زلهێزەکانەوە لەسەر دەسەڵات و مەزنخوازی و دابەشکردنی سەروەت و سامانە سروشتی‌یەکان و داگیرکردنی وڵات و نەتەوەکان‌دا سەریان هەڵدا، ئەو شەڕو پێکدادانانەی دیکەش کە لە نێوان دەوڵەتەکان لە ئاستی جیهان‌دا هەتا ئێستا ڕوویانداوە و یان لە داهاتوو دا بەرۆکی مرۆڤایەتی دەگرن، جگە لە جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی وەک نەتەوەی کورد؛ بەهەر بڕو بیانوویەک بێ، هەرهەموویان بۆ هەمان مەبەستە و جگە لە کاولکاری و تێچووی مرۆیی و ئابووری بۆ نەتەوەکان چ قازانجێکیان لێ‌شین نابێتەوە. بەڵام ئەو دەوڵەت وهێزو لایەن و ناوچە قەیراناویانەی کە هەڕەشە لە ئاشتی و سەقامگیری جیهان دەکەن و دەتوانن کاریگەری نەرێنی‌یان هەبێ لەسەر داهاتووی ئەمنی‌یەتیی جیهانی کامانەن و لە کوێن؟

### ١ـ کێشە و ململانێی نێوان زلهێزەکان!

کێشە و ململانێی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ ڕووسیە و چین وەک دوو ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و دوو وڵاتی بەهێز لە هەموو بوارێکەوە کە خاوەن چەکی ناوکین، بێ‌گومان گەورەترین مەترسی‌یە کە هەڕەشە لە ئاشتی و سەقامگیری لە جیهان‌دا دەکات. هەروەک پێشتر باس‌کرا ڕووسەکان بەرژەوەندی خۆیان هەیە و خوازیاری گەڕانەوە بۆ سەردەمی هێز و دەسەڵاتی سۆڤیەتی پێشوون و لەو پێوەندی‌یەدا لە بەرانبەر ئامریکا و هاوپەیمانەکانی‌دا نەک هەر ئامادە نین واز لە سیاسەت و بەرژەوەندی‌یەکانیان بێنن، بەڵکوو هەروەک لە کێشەی شێوە دوورگەی کریمە و شەڕی نێوخۆیی ئۆکراین و هەروەها بەشداریی ڕاستەوخۆ لە شەڕی خوێناوی سووریە و پشتیوانی لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد دا دەرکەوت، سیاسەتی ڕووسەکان و بەرژەوەندی‌یەکانیان لە زۆرێک لە کێشەکان لەگەڵ ئامریکا و ناتۆ بەگشتی دژایەتی هەیە و ئەوزلهێزە ئامادە نی‌یە گوێڕایەڵی ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بێ.

وڵاتی چینیش سەرەڕای کێشەی لەمێژینەی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەسەر وڵاتی تایوان کە چین بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێ، لەسەر دەریای باشووری چینیش لەگەڵ دراوسێکانی وەک فیلیپین و ویەتنام و مالێزی و تایوان و برۆنێی کێشەی هەیە و هەر یەک لەو وڵاتانە خۆیان بە خاوەنی بەشێک لەو دەریایە دەزانن کە لە باری ئابووری‌یەوە( هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر نەوت وگاز) زۆر گرینگە. چین بە دروست کردنی دوورگەی دەسکرد لەو دەریایە و هەروەها بە کەڵەکە کردنی هێزی دەریایی و ئەنجام‌دانی مانۆڕی سەربازی، بەتەمایە بەکردەوە ئەو دەریایە لە دراوسێکانی زەوت بکات. تەنانەت سکاڵای وڵاتی فیلیپین لە دادگای نێودەوڵەتی لاهە و محکووم کرانی چینی‌یەکان، نەیتوانی واز بە زیدەڕۆیی ئەو وڵاتە لەو پێوەندی‌یەدا بێنێ. جگە لەوەش چەندین جار چین هەڕەشەی لە کەشتی‌یە شەرکەرەکانی ئامریکا لەو دەریایەدا کردوە و مەترسی شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزە دەریای‌یەکانی دوولایەن هاتۆتە ئاراوە. لە بەرانبەردا ئامریکا زۆر بە جیدی ئەو وڵاتەی ئاگادار کردۆتەوە کە بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابێ چێن دەست بەسەر ئەو دەریایەدا بگرێ.

شک لەوەدا نییە گرژیی و ناکۆکی لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ لەگەڵ ڕووسیە یان وڵاتی چین، دەتوانی ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی گران کە هیچ لایەک براوەی ئەو شەڕە نابن و بێ‌گومان ئاکامەکەی تەنیا لەناوچوونی جیهان و کۆی مرۆڤایەتی دەبێ.

### ٢ـ هەڕەشەی زلهێزە ناوچەیی‌یەکان!

بێ‌گومان ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆریای باکوور و کۆماری ئیسلامی ئێران دوو لە زلهێزە ناوچەیی‌یەکانن کە دەتوانن خوڵقێنەری شەڕ و ئاژاو لە دوو ناوچەی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بن. کۆریای باکوور وەک وڵاتێکی سەرەڕۆی تەریک کەوتوو لەلایەن کۆمەڵگای جیهانی و لەهامان‌کات‌دا خاوەن چەکی ناوکی، هەڕەشەیەکی مەزنە لەوناوچەیە و بەردەوام هەڕەشەی بەکار هێنانی چەکی ناوکی لە دژی کۆریای باشوور و ژاپۆن و هاوپەیمانەکانی و ئەمریکا دەکات. ئەو ڕێژیمە لەگەڵ چەند وڵاتی دیکتاتۆرلێدراوی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبێ، لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان پێوەندی دۆستانەی نییە و بەردەوام لەسەر پەرەپێدانی چەکی کۆمەڵکوژ وسیاسەتە شەڕخوازانەکەی لە شێوە دوورگەی کۆرە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی‌یەوە گوشار و گەمارۆی هەمەلایەنەی لەسەرە.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی خوڵقێنەری شەڕ و ئاژاوەیە و جگە لە سەپاندنی نیزامێکی تۆتالیتێر لە نێوخۆی وڵات و سەرکوتی بێ‌بەزەیانەی گەلانی ئێران، لە ئاستی ناوچەکەش‌دا ڕۆڵی تێکدەرانە و شەڕخوازانەی خۆی زۆر چالاکانە دەگێڕێ. ئەو ڕێژیمە لە وڵاتە شەڕلێدراوەکانی یەمەن و عێراق و سووریەدا بە ئاشکرا بۆتە لایەنێکی شەڕەکان و لە وڵاتی لوبنانیش بە تەواوی پشتیوانی لە تاقمی حیزبوڵڵا دەکات. بە گشتی هەروەک پێشتر باس‌کرا کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لە سەرچاوە هەرە مەزنەکانی هەڕەشە لە ناوچەی قەیراناوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ناوچەیەک کە لە باری مێژوویی، ئابووری و سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی، لێوڕێژە لە کێشە و ناکۆکی و دژایەتی و، هەر ئێستا گەورەترین کارەساتە مرۆییەکان و خوێناوی‌ترین شەڕ و کوشتارەکانی لێ ڕوودەدا.

### ٣ـ تێرۆریزم و هەڕەشەکانی!

دیاردەی تێرۆریزم و ڕێکخراوە ئیسلامی‌یە

ڕووسیە هەر لەجێ‌دا لەگەڵ هەرچەشنە پێشڕەوی‌یەکی ناتۆ بۆ نیزیک سنوورەکانی خۆی تووڕەیە و ئەو کارە بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێ. هەروەها ڕووسەکان ڕەخنەی توندیان لە دانانی قەڵغانی دژەمووشەکی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا گرتوە و پێیان وایە دامەزراندنی ئەو سیستەمە و هەروەها دانانی مووشەکی دوورهاوێژ لە وڵاتی ڕۆمانی، هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئامریکا و ڕێکخراوی ناتۆ دەشکێنێتەوە

تێرۆریستی‌یەکان وەک پەتایەک لە جیهان‌دا بڵاو بوونەتەوە و ئێستا هیچ شوێنێک و هیچ وڵاتێک نییە کە لە هەڕەشەی دەستە و تاقمە تێرۆریستی‌یەکان و کردەوە قزێونەکانیان لە ئەمان‌دا بێ. لەداوی هێرشە تێرۆریستی‌یەکانی یازدەی سێپتامبری ٢٠١١ بۆسەر ئامریکا و سەرەڕای ڕاگەیاندنی شەڕی دژە تێرۆر لە لایەن ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ، دەستەو تاقمە تێرۆرستی‌یە ئیسلامی‌یەکان و کردەوە جینایەتکارەکانیان نەک هەر لەکورتی نەداوە، بگرە چ لەباری چەندایەتی و چ لە باری چلۆنایەتی‌یەوە ڕووی لە زیاد بوون کردوە. دوا نموونەی جینایاتی تێرۆریستەکان هێرش بۆ سەر خەڵکی بێ‌تاوان لە شاری نیسی فەڕانسە بوو کە بۆ شادی دەربڕین و ڕێز گرتن لە ڕۆژی نەتەوەیی ئەو وڵاتە هاتبوونە سەر شەقامەکان. لەو هێرشەدا کە بەهۆی کامیۆنەوە ئەنجام درا، زیاتر لە ٨٠ کەس کوژراو و ١٠٠ کەسیش بریندار بوون. لەڕاستی‌دا هەرئێستا ئەلقاعیدە و داعش لە هەموو وڵاتە عەرەبی و ئیسلامی‌یەکان بوونیان هەیە و لە ئەفغانستان و پاکستان و یەمەن و عێراق و سووریە و چەند وڵاتی باکوور و شاخی ئافریقا ناوچەیەکی بەرفراوانیان بەدەستەوەیە و لەگەڵ هەموو دەوڵەت و لایەنەکان، بەکورد و ئەمریکا و ناتۆ و ڕووسیەشەوە لەشەڕدان و سەرەڕای هێرش و بۆمباران و مووشەکبارانی چڕ و بێ‌وچانیان، پێ‌ناچێ بەو زوانە بەچۆکدابێن.

داعش و ئەلقاعیدە و لق و پۆپەکانی لەو شوێن و ناوچە و وڵاتانە ڕیشە دادەکوتن و تەشەنە دەکەن کە لە لایەک کێشە و جیاوازی‌یە مێژوویی و نەتەوەیی و دینی و ئایینی‌یەکان بە توندی بوونیان هەیە و لە لایەکی دیکە، کۆمەڵگاکان دیکتاتۆر لێدراو و لە باری گەشەسەندنی ئابووری‌یەوە دواکەوتوون و لەگەڵ نەریتی دێمۆکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوە و ئایینەکان ناتەبان . جگە لەوەش ئەو وڵاتانە زۆربەیان دەسکردی زلهێزەکانن و هیچ بنەمایەکی ئێتنیکی و ئایینی بۆ دامەزراندنیان لەبەر چاو نەگیراوە.

لە کۆتایی‌دا جێی ئاماژەیە، هەتا زلهێزەکان بەرژەوەندی و قازانجی مرۆڤایەتی لە درێژخایەن‌دا لەبەر چاو نەگرن، هەتا کێشە و قەیرانە ناوچەیی‌یەکانی جیهان بەقازانجی نەتەوە بندەستەکان و لەڕێگای ئاشتیانە چارەسەر نەکرێ، هەتا وڵاتانی سەرەڕۆی وەک کۆریای باکوور و کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژە بە سیاسەتە شەڕخوازانەیان بدەن و هەوسار نەکرێن، هەتا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ لێبڕاوانە پەتای داعش و ئەلقاعیدە و دەستە و تاقمە تێرۆریستی‌یەکانی دیکە لەنێو نەبەن، هەتا ڕەوتی دێمۆکراتیزاسیۆن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گوڕوتین وەگەر نەکەوێ و فەرهەنگی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و بەدوور لە توندوتیژی باڵی بەسەر ئەو وڵاتانەدا نەکێشێ، هەتا هەژاری و نەداری بەرۆکی بە کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتانی جیهانی سێهەم‌دا گرتبێ، جێهان هەر لە مەترسی شەڕ و پێکدادان و کردەوە تێرۆریستی‌یەکان‌دا دەمێنێ.




KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 684    21 July 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org    info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv    Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com


ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# قاسملوو، پیاوێک لە گوڵهەنار



عەلی لەیلاخ

کاتێک دەگوترێ کە فڵانی ڕێبەرێکی کاریزماتیکە، ساناترین مەبەست ئەوەیە کە لە چوار چێوەی ناسیاری بۆ هۆگران و پێرەوانی دەرباز بووە و چۆتە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی خۆی، هەروەها لە بازنەی جوغرافیایی وڵاتی خۆی نەماوەتەوە؛ بەڵکوو بەجۆرێک لە جۆرەکان بۆتە میراتی هاوبەشی ئینسانیەت و لە لایەن گەلانی دیکەشەوە جێگەی ڕێز و حورمەتە. کورد بە هۆی هەلومەرجی سیاسی و ویست و داخوازی نەتەوایەتی، خاوەنی چەندین ڕێبەری کاریزمایە، کە یەک لەوانە قاسملووی کوردانە.



قاسملوو بە هۆی شێوەی ژیانی سیاسی و هەروەها ئەو گیانەی کە پێشکەشی کرد بە بارەگای دیموکراسی و ئازادی، نازناوێکی ناسراو و پرشنگدارە کە بۆ دۆستانی گەلی کورد ڕێبەرە و لە ڕوانگەی دوژمنانیشی هێندە گرینگ بوو کە کورسی و میزی دانوستانیان کردە ژوانگەی خوێنڕشتن و کوشتنی. ئەوەی جێگای سەرنجە ئێستاکە قاسملوو بۆتە ڕێبازیکی هەرەدیار لە بزاڤی مافخوازانەی گەلی کورد، بەتایبەتی لەو بەشەی کە پێی دەڵێن ڕۆژهەڵات.


ئەوەیکە قاسملوو بۆتە دیالۆگێکی کوژراو و قەڵەمێکی شەهید! تەنیا هۆی خۆشەویستبوونی ئەو نیە، بەڵکوو کاریگەری و شۆڕشگێڕیی ئەو مەزنەڕێبەرە، تا زیندووش بوو هەر جێگەی سەرنج و ڕێز بووە. بەو چەشنەی کە «ژان پۆل سارتەر»ی فەرانسەوی باسی چێگوارا دەکا و بەڕێزەوە وەسفی دەکا، دوو دیداری مێژوویی دوو سامانی هەر گرینگی کورد، واتە قاسملووی ڕێبەر و ئیمپراتۆری وشە «شێرکۆی خاوەن شکۆ»؛ جارێکیان لە «گەورە دێ»(١٩٨٥-١٩٨٦) و دوایین جاریش لە پاریس. بەرهەمی ئەم دوو دیدارە دەسنووسێکی ئەدەبی و مێژوویی و وەسفێکی هونەری لێکەوتووتەوە بە قەڵەم و هەستی نیان و بەرینی «شێرکۆ بێکەس»، کە یەکێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو شاعیرە هەست ناسکە و دەروەستەیە.

شێرکۆ لەو تێکستە ئەدەبیەدا لەوپەڕی ئەدەب وجوانی‌یەوە خۆی لە بەرانبەر شۆڕشگێڕێکدا دەبینێ کە خەون و خولیای ئازادی و دێموکراسی هێناوە بۆ وڵات و لە ئاسۆیەکی بەرفەراوانەوە سەیری دوارۆژی نیشتمانەکەی دەکا.

هەر بۆیە «شێرکۆ»ی وشە خۆشەویست، بە خۆشەویستی و بە هونەرمەندانەترین شێوە دەینرخێنێ. ئەوەیە ڕەمزی مانەوەی هێندێک لە ڕێبەرانی سیاسیی جیهان کە بەدەر لە خانەی سیاسەت، دەبنە ناونازناوێکی نازەنین وهەرمان، تەنانەت لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبدا.

چەند دێرێک لەو دەقە ئەدەبی‌یە دەخەینە بەر دیدەی خوێنەرانی ئازیزی «کوردستان».

**پیاوێک لە زەینی روون**
**بەوێنەی کانی‌یەکی بەرکاوی بەهاران**
**پیاوێک لە بژوێنی ژیان**
**بە هەموو ئەو ڕەنگانەوە کە باوەش ئەگرنەوە بۆ ئاسمان**
**پیاوێک سادە وەک وەنەوشە**
**چڕوپڕ چون نزار و،**
**خۆشەویست بە وێنەی ئاو و ،**
**گرنگ وەک نان و**
**ئێسک سووک وەک گوڵهەنار**
**...**
**«قاسملوو» سیاسییەکی وشک و برنگ و مڕومۆچ نەبوو !**
**کراوە بوو؛ وەک ئاسۆ سانا بوو، وەک گوڵەگەنم و،**
**پڕپڕ بوو لە وردە ئەستێرەی پەند و،**
**لە پەژەپەژی قەڵبەزەی پێکەنین و،**
**لە پاکژی بەفر و منداڵ و کۆتر و**
**ئاسمانێک بوو لە پەلکەڕەنگینەی جریوەدار!**


وتاری ئەدەبی
قاسملوو
پیاوێک لە گوڵهەنار!
شێرکۆ بێکەس

دەستنووسی شێرکۆ بێکەس لە وەسفی د. قاسملوودا

# کۆچی دوایی دەرهێنەری «تامی گیلاس»



عەباسی کیارۆستەمی فیلمنامەنووس و دەرهێنەر و وێنەگری بەناوبانگی نێونەتەویی کە لە بواری سینەمادا خاوەنی شیواز و ڕوانینی نوێی بوو، لە دنیای هونەری سینەمادا ناوێکی دیار و لە نێو ٤٠ دەرهێنەری گەورەی جیهان لە ریزی شەشەمدا ئەژمار کراوە. ناسراوترین بەرهەمەکانی بریتین لە: تامی گێلاس، کلۆزاپ، با ئێمە لەگەڵ خۆی دەبا و مووشەکی کاغەزی وهتد.

ئەم هونەرمەندە ئێرانی‌یە دوای تەمەنێک خزمەت بە بواری سینەما و بەجێهێشتنی نزیک بە ٤٠ بەرهەمی سینەمایی و کورتەفیلم و دیکۆمێنت‌سازی لە ١٤ی پووشپەڕی ١٣٩٥ هەتاوی بە هۆی نەخۆشی گەدە، لە وڵاتی پاریس کۆچی دوایی کرد.

## بەر لە ماڵاوایی

# ئێرە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە!



تەهای ڕەحیمی

لە هەر شوێنێک بینیت زۆربەی تاکەکانی کۆڵێکی گەورەتر لە قەڵافەتی خۆیان بە کۆڵەوەیە و، کوێرەڕێ و لاڕێکان بە ئاسپایی دەپێوێن، لە هەر کوێیەک بینیت هێزەکانی ئاسایش و پارێزەری خەڵک، ئەو هێزانەی بڕیارە قانوون بەڕێوە بەرن، خەریکن ئاسایشی خەڵک دەشێوێنن، هەرچی بێ قانوونی‌یە دەیکەن، لە هەر شوێنێک نرخی نانێک بۆ ماڵ و منداڵ یەکسان بوو بە ژیان و گیان، ئەو شوێنەیە نان گەیشتۆتە سەر پشتی شێر و، بۆ چنگخستنی نان دەبێ بەرەنگاری فیشەک ببییەوە، ئەوە کوردستانە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو خاکەیە کە خومەینی ڕێبەرە بێ ئیحساسەکەی! کۆماری ئیسلامی فتوای کوشتن و قەڵتوبڕی بۆ دانیشتووانی دەکرد، بەنی سەدەر فەرمانی بە سەربازەکانی دەکرد هەتا کوردستان سووراوی خوێن نەکەن، قەیتانی پۆتینیان نەکەنەوە، ڕەفسەنجانی دەیوت، با لە هەمەدان بۆ ئەو لاوەمان نەشبێ، مەگەر چ دەبێ و ...

هەر شاخ و کێویکتان بینی سووتاوە و دەسووتێ، هەر شیناورد و دارستانێکتان لەو هەرێمە بینی ژاکاوە، رووتاوە، کوردستانە. چونکی دار لێرە ئەمانی گەڵا و بەرگرتنی نیە. لێرە دەسەڵات خۆی بیابان دروست دەکا، دار نانێژێ، لێرە کانیاو باشتر وایە قڕی بێ، لێرە شاخ و دۆڵ و دەرەی دەبێ وەک بەری دەست لووس بێ هەتا ئەوسەر و ئەمسەری نەدیو نەبێ. لێرە بەپێی بەرنامە و پیلان ژیان دەخنکێندرێ، نەک بەرنامە و پلان بۆ ژیان و بووژانەوە هەبێ. کانگەکانی ئێرە لەپێناو شارە ناوەندییەکان هەڵکۆڵدراون، کاناڵە ئاوەکانی ئێرە بۆ شوێنەکانی دیکە ڕاکێشراون و ...

هەموو شتێک لێرە دەتگەیەنەوە مەرگ، ڕێگە و بانەکانیش ڕێگەیەکن بەرەو مەرگ. چونکی هەر جادە و بانێکتان بینی هەڵکۆڵ هەلکۆڵ و پڕ تاسەیە، نارێک و قوڵکە قوڵکەیە، کەواتە ڕۆژهەڵاتە، ئێران نییە. لەڕاستیدا زۆربەی ڕێگەکان بۆ ڕاگواستنی هێز و بەکرێگیراوە، بۆ زوو گەیاندنی مێگەلی سەربازانە، هەتا هیچ پشوویەک نەکا بەو سنوورە و ...

هەر شارێکتان بینی نوقمی خەمساردی و خەمۆکی و بێ خزمەتگوزاری، هەر گوندێکتان بینی لایەکی چۆل و کاول، کوردستانە، چونکی خەڵکەکەی خەڵکێکی نامەحرەم و بێگانەن، بۆیە تا بکرێ لاوانی گیرۆدەی دەیان ماددەی بەنگەمەنی و سڕکەر بن، یان ڕاکێشرێن بۆ شارە گەورەکانی دیکەی ئێران و کاری ئەوانیان پێ هەڵسووڕێ، باشترە. کێشە و ئاریشەکان ئێرە بنکەیانە، باری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، مرۆیی و ... هەرچی پێوەندیی بەژیانەوە هەیە، دەبێ سەرێکی بە نەخۆشییەکەوە گرێ بدرێ، چونکی ئەگەر وانەبێ دەسەڵات دواکەوتوە. دەسەڵات نابێ لە دواخستن و کاولکردن ڕاوەستێ، پێشکەوتنی ئێرە کاولبوونی دەسەڵاتە.

ڕۆژ نیە لە بازرگانەوە هەتا دێهلۆڕان لەسەر ئەو سنوورە زۆرەملییەی کە نەتەوەیەکیان پێ لێک جیاکردۆتەوە، وەجاخی ماڵێک کوێر نەکەنەوە، بەڕاستی لێرە سەدەی چەندەمە، سەردەمی شێر و کەوانە، یان سەردەمی مرۆڤە سەرەتاییەکان، یان سەردەمی کۆچی هۆزەکان، ڕێگەکان تولە مارێکن بە قەد شاخ و دۆڵ و هەڵدێرانەوە، هەڵدەگەڕێن، دادەکشێن، کوێ ئەستەم و ڕژدە، خۆی پێدادەکەن، کوێ هەڵدێر و شۆڕە ڕێی تێدەکەن، بەم حاڵەشەوە، گرووپێک کەسی چەک بەدەست، بە چەکی گەرم و مودێرن هەمیشە لێرەو لەوێ لە بۆسە دان، بە ڕەنگ و ڕوو و زمان و خووخدەشیان ڕا دیارە نامۆ بە ئاو و هەوای ئەو کەوشەنە، هەر بۆیە دەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤە کۆڵ لە کۆڵەکان زۆر جاران بۆ جەفەنگ و خۆشیی خۆشیان بێ دەیانکەنە سیلە و دەیانئەنگێون، هەر بۆشیان نەکرا، هەرچی زیندەوەری بە دەوریانەوەیە دەکوژن، وەک بڵێی ئەسپ و ئێستری ئەو خاکەش لایان دوژمنە. هەر بەوەش ناوەستن، ڕۆژانە ئاگری قینی ئەو داگیرکەرانە شاخ و چیا و دار و لێڕەواری ئەو نیشتمانە هەڵدەلووشێ، سات و کات نیە بە چەندین هێکتار شینایی ئەو وڵاتە نەسووتێ، وەک بڵێی دەیانەوێ ئازاری دیلێک بدەن، هەر ڕۆژێ قەمچی بە شوێنێکی لەشی دادێنن، هەر ساتێ ئەندامێکی دەڕووشێنن.

بەڵێ ئێرە کوردستانە، شوێنێکی پڕ دەرد و کەم دەرمان، هەموو بازگە و جادە و بانی، هەموو کەلێن و کەلەبەری میلیشای داگیرکەر خستوویەتە ژێر چاوەدێری، هەرێمێکی تەواو ئەمنیەتی و میلیتاریزەکراو، ڕۆژ نیە کەسانێک بە تۆمەت و تاوانی هەڵبەستراو دە قوژبنی گرتووخانە نەپەستێوترێن، ڕۆژ نیە لە ژووورە داخراوەکان پلانی نەزۆککردن و پەسیڤ کردنی خاک و خەڵکی نەدرێ، ڕۆژ نیە، دایک و باوکان چاو لە دەرکا، هەناسەی نەگەڕانەوە و تووش هاتنی ڕۆڵەکانیان بە کارەسات، هەڵنەکێشن. هەر بۆیە نەک گرتووخانەکانی ئەو هەرێمە بەڵکو، بەندیخانەکانی سەرانسەری وڵاتیش پڕ لە لاوی ئەو نیشتمانەیە. پەتی سێدارەش ئاشنای ئەو خەڵکەیە، چونکی زۆرداران مەیدانەکانی شارانیان لێکردوون بە پێشانگەی بە دارەوە کردنی مرۆڤەکان. ڕەهێڵەی فیشەک، شریخەی چەک نامۆ نیە بەو خاکە، هەتا هەیە، هەر شەڕگە بووە. تەنیا ئەو کاتانە قسەی خۆش بیستراوە، کە پاوانخوازان بۆ شەڕی دەسەڵاتخوازی خۆیان ڕوویان لێرە کردوە و لە ژێر قسە بریقە و زریقەدارەکانیانەوە، دەیان پیلان و بەرنامەی نگریسیان بۆ کێشاون، تەنیا ئەو کاتانەی شوێنێکی باشیان بۆ درۆکانیان نەدەۆزیوەتەوە هاتوون و باسی مافیان کردوە، ئەو چەمکەی هیچ کات جگە لە دەستەواژەیەک هیچ واتایەکی بەدوای خۆیدا بۆ کوردستان نەهێناوە، ئەگەر کەسێکیش بووبێ باسی کردبێ، دەیان ساڵیان زیندانی بۆ بڕیوەتەوە.

بەڕاستی کێشەی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تاران دەگەڵ خەڵکی کورد چییە، نەگبەتی ئەو خەڵکەیە، خاکەکەی گرتوە یان نەگبەتی خاکەکەیە خەڵکەکەی گرتوە، یان نا، ئەو خاکەیە مرۆڤی سەرشۆڕ و خۆرێکخەر و ملکەچی لێ بار نایە. بەڵێ ئەو خاکە، مرۆڤێک بار دێنێ ئازایەتی بەقەد باڵای شاخەکانی، هەر بۆیە تاکەکانی ئامادەن بۆ نانێک مل بە ڕێگەکەوە بنێن کە ڕێگەی چوون و هاتنەوەیان بەدەستە خۆیان نیە، ڕەنگە لە سەرەتای بڕینی ئەو ڕێگەیە بکرێ بە سیلەی سەربازێک، کە لە بنەڕەتدا و لە قانوونی وڵاتە بێ‌قانوونەکەیدا، ئەرکی پاراستنی ئەو خەڵکەیە، یان ڕەنگە لە ڕێی گەڕانەوە، بۆ هەتا هەتایە ڕێگەی ماڵێی لێ ببڕنەوە و چاوی بنەماڵەیەکی چاوەڕوانی چاوەنواری دەرگا، بە فرمێسک کەن.

ئێرەیە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو خاکەی خەڵکەکەی دەنگیان بە گشتپرسیی ٥٨ی کۆماری ئیسلامی نەداوە، یان ئەوانە «مفسد فی الارض» یان بۆ مەجلیسی خێبرێگان هەڵبژاردوە، ئێرە مەکۆی ئەو کەسانەیە هێشتاش لە خەبات نەوێستاون و هەتا گەیشتن بە بنەماکانی دیموکراسی و بایەخە مرۆیییەکان هەدا نادەن و ...

ئێرە کوردستان بە کاتی وێرانی و کاولی و ...